# یاسای دەستووری

پرۆفیسۆر دکتۆر
کەمال سەعدی مستەفا

(زانکۆی سەلاحەددین - کۆلێژی یاسا)

هەرێمی کوردستان/ ساڵی ٢٠٢٣

●یاسای دەستووری

●بابەت: یاسا

●بەرگ و نەخشەسازی ناوەوە:  نووسەر

●چاپی دووەم

●تایپ: نووسەر

●نرخ: (٣٠٠٠) دینار

●تیراژ: ٥٠٠ دانە

●چاپخانە: تاران

●لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانەکان ژمارەی سپاردنی (٢٦٥)ی ساڵی (٢٠٢٣)ی پێدراوە

## پێشەکی چاپی یەکەم و دووەم:

## بیرۆکەی ئەم کتێبە لە کوێوە هات؟

نزیکەی دەساڵ دەبێت لە کۆلێژی یاسا لە زانکۆی سەڵاحەددین، هەولێر وانەی دەستووری بە قوتابیانی خوێندنی دکتۆرا و ماستەر دەڵێم. ئەم ساڵ بۆ یەکەمجار بە فەرمانی وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی خوێندنی باڵا نەکرایەوە، ئیتر ئەوەبوو ئێمەی ستافی خوێندنی باڵا لە قۆناغەکانی خوێندنی بەکالۆریۆس هەریەکەو لە بواری پسپۆری خۆی وانەمان پێ درا، بەندەش وانەی دەستوورم لە قۆناغی یەکەم بەشی یاسا وەرگرت.
کە سەیرم کرد ئەو کتێبە بڕیاردراوەی کە لەسەری دەڕۆن، لەلایەک بە زمانی عەرەبی داندراوە، لە لایەکی تریشەوە بەو پێیەی لە ساڵی ١٩٨٩ داندراوە، زانیارییەکانی ناوی کۆنن و باسی دەستووری نوێی عێراق ناکات کە لە دوای ڕووخانی ڕژێمی پێشوو لە لایەن ئەنجوومەنی نیشتمانی و لە ڕێگای ڕاپرسیەوە لە ساڵی ٢٠٠٥ دەرچووە، بۆیە بە پێویستم زانی کتێبێک بە پوختی و بە کورتی بە ناوی (یاسای دەستووری) بە زمانی شیرینی کوردی لەبەر ڕۆشنایی دەستووری نوێی عێراقی دابنێم و بیخەمە بەر دەستی قوتابیان فێرخوازانی ئازیز و کتێبخانەی یاسایی.
ئیتر ئەوەبوو دوای شەونخوونی و ماندووبوونێکی زۆر ئەم خەونەم هاتە دی و ئەم کتێبەی لە بەر دەستتان دایە لە دایک بوو. هەر بەم بۆنەیەشەوە بە پێویستی دەزانم سوپاسێکی بێ پایانی بەرپرس و کارمەندانی دەزگای موکریانی بکەم بە تایبەتی برای بەڕێزم کاک محێدین کە هەمیشە هاوکارم بوونە لە بە چاپ گەیاندنی

بەرهەمەکانم، ئەوەبوو هەر دوای تەواوبوونی ئەم بەرهەمەش بەڵێنیان پێ دام کە بۆم چاپ بکەن، هیوادارم نموونەیان زۆربێت بۆ خزمەتی ئەدەب و ڕۆشنبیری کوردی.

پێشەکی چاپی دووەم:
دوای ئەوەی چاپی یەکەمی ئەم کتێبە بڵاوکرایەوە، هەندێک هەڵەی چاپ و کەموکوڕی تێدابوو، جابۆیە بە پێویستم زانی وێڕای چاکردنەوەی ئەو هەڵە و کەموکوڕیانە، هەندێک زانیاری تریشی بۆ زیاد کەم بەمەبەستی دەوڵەمەند کردنی. بەم شێوەیە بیرۆکەی چاپی دووەمی ئەم کتێبەم لا دروست بوو، بۆ ئەم مەبەستە فایلی نووسینی کتێبەکەم دایە برای بەڕێزم سابیر ڕەشید بۆ ڕێنووس و هەڵەچنی، هیوادارم ئەم جارە بەدەر بێت لە هەڵەی چاپ.

دانەر
٢٠٢٣/٢/١٥

# دەستپێك

**بەر لەوەی پێناسەی دەستوور بکەین، بە پێویستی دەزانین لە سێ خاڵدا باسی پەیوەندی نێوان یاسای دەستووری و دوڵەت لەلایەک هەروەها پەیوەندیی بە لقەکانی تری یاسای گشتی و جیاوازیی لەگەڵ ئەو زاراوانەی کە هاوشێوەی ئەون بکەین بەم شێوەیەی خوارەوە:**

**١-پەیوەندی نێوان دەستوور و دەوڵەت:**

هەندێک لە یاسازانەکان بە تایبەتی (کارە دیمالبرج Carre De Malberg) پێیان وایە یاسا لە دەرەی دەوڵەت و پێش دروستبوونی دەوڵەت بوونی نییە. ئەوە ئیرادەی سەپاوەی دەسەڵاتی گشتییە بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە ملکەچینە. بەم شێوەیە پێش پەیدابوونی دەوڵەت یاسا نەبووە. گرووپە ڕێکنەخستراوەکان کە دەسەڵاتی حوکمڕانییان تێدادا نییە، ملکەچی هیچ یاسایەک نابن، تەنانەت ئەگەر بێت و هەندێک نەریتی ئەخلاقیشیان لە ناودا هەبێت.
کارە دیمالبرج پوختەی ئەو توخمانەی کە دەوڵەت دروست دەکەن دەخاتە ڕوو ئەوەی پێی دەوترێت پرۆسەی ڕێکخستنی گرووپ کە ئامرازەکەی دەستوورە، توانەوەی گرووپێکی نەتەوەیی لە ناو یەکەیەکی یەکخراودا بەرژەوەندییێکی بابەتێدانەی هاوبەشی تاکەکانی بە یەک دەبەستێتەوە، کە بە ڕاگەیاندنی دەستوور بێ گوێدانە شێوەی دەستوورەکە، یان ناوەڕۆکەکەی دەگۆڕدرێ و دەبێتە دەوڵەت.
ئەمەش تیۆری (هانز کلسن H. Kelsen)ە کە لە سەر بنچینەی هاوتاکردنی یاساو دەوڵەت دامەزراوەو دەوڵەت دەستنیشانکردنی یاسا بەرکارەکانە. جا هەموو بنەماکانی یاسا لە هەمان ئاستدا نین، بەڵکوو هەندێکیان پلەیان لەوانی تر بەرزترە. بەم شێوەیە بنەماکانی یاسا لە

هەڕەمێک دەچێت کە لە چەند پلەیەک، یان نهۆمێک پێکهاتووە. ئەم پلانە بەیەکەوە بەستراونەتەوە، چونکە دروستی هەر بنەمایەک لە هەر نهۆمێکیدا پشت بە ئەو بنەمایانەی کە لە نهۆمی سەرەوەدا هەن دەبەستێت، بەم شێوەیە پێگەی دەستوور لە سەرەوەی لووتکەی ئەو هەڕەمەدایە، ئەمەش پشت بە بنەمای سەرەکی و گشت بنەماکانی تریش دەبەستن، ئەو بنەما باڵایەش (القاعده العليا)، دەوڵەت دروست دەکات و یەکی دەخات، دەوڵەت و یاسا بە پێی بۆچوونی هانز کلسن یەک قەوارە پێک دەهێنن. بە دیدی ئەو، دەوڵەت بریتییە لە کۆمەڵێک بنەمای هاوئاهەنگ (مجموعه متناسقه من القواعد). جا بەم شێوەیە دوای دەرچوونی دەستوور، دەوڵەت دروست دەبێت، بۆیە دەبێت یاسای دەستووری و سیستەمی دەوڵەت بەیەکەوە ببەسترێنەوە، کە باشترین شێوەی ڕێکخستنی ژیانە لە کۆمەڵگە سیاسییەکاندا.

## ٢- پەیوەندی نێوان یاسای دەستووری و لقەکانی تری یاسای گشتی:

یاسای گشتی لە بنەڕەتەوە بایەخ بە ڕێکخستن و چالاکیەکانی دەوڵەت دەدات لە گشت ئەو بوارە جیایانەی کە پێویستن بۆ قەوارەکەی، بە تایبەتی بواری سیاسی و کارگێڕی و دارایی و تاوانکاری و نێودەوڵەتیدا، بۆیە یاسای گشتی بە پێی جۆری چالاکییەکانی دابەش دەکرێت بۆ یاسای دەستووری و یاسای کارگێڕی و یاسای دارایی و یاسای تاوانکاری و یاسای نێودەوڵەتی.
لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت گشت لقەکانی یاسای گشتی کە لێکۆڵینەوەیان تێدا کراوە، هاوبەشن لەو بابەتەی کە لێکۆڵینەوەی تێدادا کراوە کە دەوڵەتە و جیاوازییان لەگەڵ یەکتری تەنها لە جۆری ئەو چالاکییانەی دەوڵەتە کە لێی دەکۆڵنەوە، لە بەر ئەوە ئاساییە کە پەیوەندییێکی بە هێز لە نێوان لقەکانی یاسای گشتیدا هەبێت.

جا لە بەر ئەوەی یاسای دەستووری لە ڕووی ناوەڕۆک و لۆژیکییەوە لێکۆڵینەوە لە وەزیفەکانی حکوومەت دەکات لە بواری یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەریدا، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە پەیوەندییێکی پتەو لە نێوان یاسای دەستووری و لقەکانی تری یاسای گشتی ناوخۆییدا هەیە.

وە لەبەر ئەوەی یاسای دەستووری یەکێکە لە گرنگترین لقە ناوخۆییەکانی یاسای گشتی، بەو پێیەی کە لە سیستەمی حوکمڕانێتی لە ناو دەوڵەت دەکۆڵێتەوە، بۆیە لۆژیک بۆی سەلماندووین کە پەیوەندییێکی بەهێز لە نێوان ئەو و لقەکانی تری یاسای گشتی هەیە، هۆیەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە هەر لقێک لە لقەکانی لە لایەنێک لە لایەنەکانی چالاکییەکانی دەوڵەت دەکۆڵێتەوەو یاسای دەستووریش لە چالاکییەکانی دەسەڵاتی یاسادانان بە تایبەتی و دەسەڵاتە گشتییەکانی تری دەوڵەت بە گشتی دەکۆڵێتەوە. هەروەها سیستەمی حوکمڕانی هەمیشە پشت بە چەند پرەنسیپێکی گشتی دەبەستێت بە مەبەستی ئاڕاستەکردنی دامودەزگاکانی بۆ بەدیهێنانیان، لەبەر ئەوە شتێکی سروشتییە هەموو لقەکان پرەنسیپە گشتییەکانی لە یاسای دەستووریدا ببینێتەوە. یاسازان ڤیدل Vedel لەم بارەیەوە دەڵێ: هەر لقێک لە لقەکانی یاسای گشتی ڕەچەڵەکیان دەگەڕێتەوە بۆ یاسای دەستووری، لەبەر ئەوە زۆرجار بۆئەوەی بە وردبینییەوە لە لقەکانی تر جیابکرێتەوە. ئاستەنگ لەبەردەم توێژەر دروست دەبێت، هەرچەندە جیاکردنەوەیان لە یەکتری مەحاڵ نییە، بەڵکووو لە ئێستادا بە چەشنێک لە یەکتری جیاکراونەتەوە کە لە هەریەکێکیاندا بە تەنیا لێکۆڵینەوەی لەبارەوە بکرێت.

بۆ نموونە، هەرچەندە بواری یاسای تاوان ڕوون و تایبەتە، بەو پێیەی پەیوەندی نێوان دەوڵەت و تاک ڕێکدەخات بە بۆنەی تاوانێک کە ئەنجامی داوە و ئەمەش پێناسەکردنی ئەو تاوانانە دەگرێتەوە کە بە

یاسا سزایان لەسەرە و ئەو سزایانەی بۆ هەریەکێکیان دیاری کراوە ، کە بە واتای سەربەخۆیی خۆی لە یاسای دەستووری بە شێوەیەک کە هیچ بوارێک بۆ سەرلێشێواوی لە نێوانیاندا ناهێڵێتەوە، ئەمەش ڕێگری لە بوونی پەیوەندییەکی نزیک لە نێوان ئەم دوو یاسایەدا نەکردووە، بۆیە ئەگەر یاسای دەستووری مامەڵە لەگەڵ سیستەمی حکوومەت بکات لە دەوڵەتدا لە ڕووی زاراوەوە لە خستنەڕووی ئامانجەکانی و ئەو بناغانەی کە لەسەری دامەزراوە، ئەوا یاسای سزایە کە ئەم سیستەمە لە هێرشکردنە سەری دەپارێزێت، لە ڕێگەی ئەو سزایانەی کە بڕیاری لەسەر دەدات بۆ ئەوانەی هەوڵی تێکدان، یان ڕووخاندنی ئەم سیستەمە دەدەن، بە ڕوخاندنی بناغەکانی پێکهاتەکەی. هەروەها یاسای دەستووری یاسای سزادان ئاراستە دەکات و پانتاییەکەی دیاری دەکات، بەو پێیەی دەستوور لە ڕێگەی ئەو ئازادی و مافانەی کە گەرەنتی دەکات بەشداری دەکات بۆ پێناسەکردنی ناوەڕۆکی پاراستنی تاوان. هەروەها دەستوور لە دیارکردنی بەخشین لە سزا بەشدار دەبێت و ڕێگا بە سەرۆکی وڵات دەدات لێخۆشبوونی تایبەت دەربکات، هەروەها ڕێگا بە دەسەڵاتی یاسادانان دەدات کە بە یاسا لێبوردنی گشتی دەربکات.

دەقە دەستوورییەکانیش بڕگەکانی پەیوەست بە یاسای سزادان لەخۆدەگرن و ئەو بنەما سەرەکییانەش دیاری دەکەن کە فەلسەفەی بەتاوانکردن و دەرئەنجامەکانی دەوڵەت لەسەری بنیات نراوە، بۆ نموونە دەقنووسکردنی پرەنسیپی یاسایی بوونی تاوان و سزاکان (مبدأ قانونیه الجرائم والعقوبات)، و پرەنسیپی نەگەڕانەوەی یاساکانی سزادان بۆ ڕابردوودا (مبدأ عدم رجعیه القوانین الجزائیه علی الماچی)، و پرەنسیپی گریمانەی بێتاوانی لە مرۆڤدا ئەمەو چەندین پرەنسیپی دیکەی پەیوەست بە یاسای سزادان.

## ٣- جیاوازی یاسای دەستووری لەگەڵ ئەو زاراوانەی کە هاوشێوەی ئەون:

لە پاڵ زاراوەی یاسای دەستووری هەندێک زاراوەی تر هەن کە لێی نزیکن و بەو دەچن، بەڵام هەمان مانای ئەویان نییە، مەبەستمان لەو زاراوانە، دەستوور و سیستەمی دەستوورییە، لە خوارەوە لە دوو خاڵدا بە کورتی باسیان دەکەین:

### أ-جیاوازی نێوان یاسای دەستووری و دەستوور

یاسازانان جیاوازی لە نێوان یاسای دەستووری و دەستوور دەکەن لە میانی ئەو پێناسەیەی بۆ هەریەکێکیان دەیکەن، پێناسەی دەستوور دەکەن و دەڵێن: ((دەستوور بریتییە لە دۆکیومێنتێکی یاسایی کە بە پێی هەندێک ڕێکاری تایبەت لە لایەن دەستەیەکی دیاریکراودەردەچێت، بنەماکانی پەیوەندیدار بە سیستەمی حوکمڕانی لە ناو دەوڵەت لە کاتێکی دیاریکراو لە خۆ دەگرێت)).
بەڵام یاسای دەستووری لەو بنەما یاساییانە دەکۆڵێتەوە کە سیستەمی حوکمڕانێتی لە وڵاتانی جۆراو جۆر باس دەکات، واتە یاسای دەستووری بەراورد لە نێوان سیستەمی حوکمڕانێتی وڵاتە جۆراو جۆرەکاندا دەکات، بەڵام دەستوور تایبەتە بە وڵاتێکی دیاریکراو.
بەم شێوەیە دەستوور بە مانا بابەتیەکەی لە هەموو وڵاتاندا هەیە، هەرچەندە لە ڕووی فۆرمەوە لە هەندێکیان بوونی نییە، چونکە پێشبینی ناکرێت کە کۆمەڵگایەکی سیاسی بێ دەستوور بێت، سەرەڕای ئەوەش چەمکی دەستوور لە ڕووی فۆرمەوە وای لێ دەکات ببێتە سەرچاوەیەک لە سەرچاوەکانی یاسای دەستووری.

ئەگەر بە مانا بابەتییەکەی وەری بگرین، ڕەنگە چەمکی دەستوور و یاسای دەستووری هاوتابن چونکە لەم حاڵەتەدا دەکرێ پێناسەی هەردوو زاراوەکان بکرێت بە ((کۆمەڵێک بنەمای یاسایی کە پەیوەستن بە سیتەمی حوکمڕانیی لە دەوڵەتدا)).
بەڵام ئەگەر هاتوو دەستوور بە مانا فۆرمییەکەی وەری بگرین، بریتیە لە بەڵگەنامەیەکی نووسراوی فەرمی هەندێک بنەما کە سروشت دەستووریان هەیە لەگەڵ هەندێکی تر کە بە سروشت نادەستوورین لە خۆ دەگرێت.

## ب- جیاوازی نێوان یاسای دەستووری و سیستەمی دەستووری:

زاراوەی سیستەمی دەستووری لەلایەن یاسازانانی سەدەی هەژدەوە بەکارهات بەو مانایە کە بریتیە لەو سیستەمەی پابەندبوونی دەسەڵات بە بنەماکانی حوکمڕانێتی و هۆکارەکانی پراکتیزەکردنی دەهێنێتە دی، بەبێ ئەوەی ئەو دەسەڵاتە بتوانێ ئەو بنەمایانە بگۆڕێت، یان لێیان دەرچێت.
بەم شێوەیە، دەوڵەت دەستووری نابێت یا خاوەن سیستەمی دەستووری مەگەر بێت و خاوەنی حکوومەتێکی سنووردار کراو بێت نەک حکوومەتێکی ڕەها، بە چەشنێک گشت دەسەڵاتەکان تێدایدا پابەند بێت بەو دەقانەی دەستوور کە ئازادییە گشتییەکانی هاوڵاتێدان و مافە بنەڕەتییەکانیان زامن دەکەن.

**لە ئاکامی ئەمەدا، هەندێک لە یاسازانەکان بۆ وەسفکردنی سیستەمی سیاسی لەناو دەوڵەتدا کە سیستەمێکی دەستوورییە هەندێک مەرج دادەنێن وەک:**

**١-پێویستە ڕێز لە پرەنسیپی شەرعیەت بگیرێت.**
**٢-دەبێ دەستوور بە دروستی و بە بەردەوامی جێبەجێ بکرێت.**
**٣-دەبێ پرەنسیپی لێکجیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان جێبەجێ بکرێت.**
**٤-پێویستە ماف و ئازادییە بنەڕەتیەکانی هاوڵاتێدان بە پێی پێویستی پرەنسیپەکانی دیموکراسی بپارێزرێت.**
**٥-دەبێ دەسەڵاتێکی دادوەری سەربەخۆ هەبێت، پرەنسیپ و حوکمەکانی دەستوور لە سەرپێچیکردن بپارێزێت.**

لەم مەرجانەی سەرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە سیستەمی دەستووری بە سیستەمێکی دیموکراسیی ئازاد بەستراوەتەوە، چەمکی سیستەمی دەستووری دامەزراندنی هەر حکوومەتێک و سیستەمێکی سیاسی ناگرێتەوە کە شێوەکەی هەر چۆن بێت، بەڵکوو تەنها ئەو حکوومەتانە دەگرێتەوە کە ئازاد بن.
بەم شێوەیە، جیاوازی لە نێوان یاسای دەستووری و سیستەمی دەستووریدا دەردەکەوێت، مەبەست لە یاسای دەستووری کۆمەڵێک بنەمای تایبەتن بە سیستەمی حوکمڕانی لە وڵاتێک لە وڵاتەکان، جا سیتەمەکەی ئازاد بێت، یان ئازاد نەبێت، لەکاتێکدا سیستەمی دەستووری بەستراوەتەوە بە بیرۆکەی سیستەمی دیموکراسی ئازاد. ئەم جیاوازییەی نێوان هەردوو زاراوەکە بووە هۆی ئەوە کە هەر وڵاتێک یاسای دەستووری هەبێت، بەڵام مەرج نییە هەمان سیستەمی دەستووری هەبێت، هەتاکو حکوومەتێکی دەستووری نەبێت کە ئەو مەرجانەی سەرەوەی تێدا بێت.
ئەمە ئەو بۆچوونەیە کە یاسازانیی کۆن بانگەشەی بۆ کردووە، پشتی بە هەندێک پێودانگی دیاریکراوی مێژوویی بەستووە کە مۆرکێکی سیاسیی دیاریکراو و فەلسەفەیەکی سیاسیی تایبەتی بە سیستەمی سیاسی پێوە لکاندووە.

بەڵام یاسازانیی هاوچەرخ لەگەڵ ئەم جیاکارییە نییە، ئەوان وای دەبینن کە نابێت سیستەمی دەستووری سنووردار‌بکرێت بۆ جۆرێکی دیاریکراوی حکوومەت یان وێنەیەکی تایبەتی لە وێنەکانی سیستەمی سیاسی، سیستەمی دەستووری لە هەموو وڵاتێکدا هەیە سیستەمی حوکمڕانییەکەی هەرچۆنێک بێت، جا چ کۆماری بێت یا پاشایەتی بێت، یان ئەرستۆکراتی بێت، یان دیموکراسی بێت، ئازاد بێت، یان دەسەڵاتخواز بێت، تاک یا سۆسیالیستی بێت.
دوای ئەوەی باسی ئەو پەیوەندییەمان کرد کە لە نێوان یاسای دەستووری و لقەکانی تری یاسای گشتیدا هەن، هەروەها باسی ئەو جیاوازییەمان کرد کە لە نێوان یاسای دەستووری و ئەو زاراوانەی کە هاوشێوەی ئەون هەن، ئێستا لە خوارەوە لە دوو خاڵدا باسی واتای دەستوور و سروشتی بنەماکانی دەکەین:

## یەکەم: واتای دەستوور

بەر لەوەی باسی دەستوور بکەین، بە پێویستی دەزانین پێناسەی بنەمای یاسایی بکەین بەو پێیەی دەستوور لە کۆمەڵێک پرەنسیپ و بنەمای یاسایی پێکدێت.
بنەمای یاسایی بنەمایەکی ڕەفتاری کۆمەڵایەتی گشتی و موجەڕەدە، پەیوەندییەکانی نێوان کەسان لە ناو کۆمەڵ ڕێک دەخات، سزایەکی ماددی لەگەڵدایە، دەسەڵاتی تایبەتمەند دەیسەپێنێ بە سەر ئەو کەسەی سەرپێچی دەکات.
پرەنسیپە گشتییەکانیش بریتین لە کۆمەڵێک بنەما کە سروشت گشتییان هەیە و یاسا ناوخۆییەکانی زۆربەی وڵاتان دانیان پێدا دەنێن سروشتی سیستەمی یاساییان هەرچییەک بێت، ئەمەو لە لایەکی دیکەوە شتێکی بنەڕەتین، چونکە زاڵن بە سەر کۆمەڵێک بنەمای

وردی تردا کە لێیەوە لق و پۆپی دەردەچن، بە واتایەکی تر بنەمای ئاڕاستەکەر و پاڵنەرن بۆ بنەماکانی تر.
یاساش بە پێی سروشتی ئەو بنەمایانەی کە لە خۆی گرتوون، دابەش دەکرێت بۆ یاسای تایبەتی و یاسای گشتی.
مەبەست لە بنەما گشتییەکانی یاسا چیە؟
مەبەست لێی کۆمەڵێک ڕێسایە کە لە لایەکەوە بە سروشتێکی گشتی تایبەتمەندن، وەک چۆن لەلایەن یاسای نیشتمانی زۆربەی وڵاتانەوە دانپێدانراون، بەبێ گوێدانە سروشتی ئەو سیستەمە یاساییەی کە سەر بە خۆیانن لە لایەکی ترەوە، ئەوان جەوهەرین چونکە زاڵن بەسەر کۆمەڵێک یاسای ورددا کە لێیانەوە سەرچاوە دەگرن، واتە یاسای ئاڕاستەکراو و پاڵنەر بۆ یاساکانی تر.
یاسای گشتی بریتیە لەو کۆمەڵە بنەما یاساییانە، ئەو پەیوەندییانە ڕێک دەخات کە دەوڵەت، یان کەسە مەعنەوییە گشتییەکان لایەنێکن لە لایەنەکانی بەو سیفەتەی کە خاوەن دەسەڵات و سەروەرین.
ئەمەو یاسای گشتی زۆر لقی هەیە، یەکێک لە لقەکانی یاسای دەستوورییە.

## مانای دەستوور لە ڕووی زمانەوانیەوە:

وشەی دەستوور لە زمانی فارسیدا بە واتای بنەما، یان بنچینە دێت، لە ڕێگای زمانی تورکییەوە هاتۆتە ناو زمانی عەرەبی. لە زمانی عەرەبیدا زاراوەی یاسای بنەڕەتی بەرامبەر دێت، کە یەکەم دەستووری عێراقی لە ساڵی ١٩٢٥ ئەم زاراوەیەی بەکاری هێناوە و بە یاسای بنەڕەتی ناوزەد کراوە.

## ١-	 مانای دەستوور لە ڕووی زاراوەییەوە

دەستوور بە واتای ئەو بەڵگە نامە یاساییە دێت کە لەلایەن دەزگایەکی دیاریکراوەوە بە پێی ڕێکارە تایبەتەکان دەردەچێت، ئەو ڕێسایانە دەگرێتەوە کە پەیوەندییان بە سیستەمی حکوومەتەوە هەیە لە وڵاتێکی دیاریکراو لە کاتێکی دیاریکراودا.
دەستوور بەو مانایە نایەت کە لە دووتۆی یەک بەڵگەنامەدا دەرچێت، بەڵکوو ئەگەری ئەوە هەیە بە زیاتر لە بەڵگەنامەیەک دەربچێت. بۆ نموونە لە فەرەنسا لە ساڵی ١٨٧٥ سێ بەڵگەنامەی دەستووری دەرچوون. یەکەم بەڵگەنامە لە ١٨٧٥/٢/٢٤ تایبەت بە ئەنجوومەنی پیران دەرچوو، دووەمیان لە ١٨٧٥/٢/٢٥ سەبارەت بە ڕێکخستنی دەسەڵاتە گشتیەکان دەرچوو، سێیەمیش لە ١٨٧٥/٧/١٦ دەرچوو تایبەت بوو بە پەیوەندی دەسەڵاتە گشتیەکان لەگەڵ یەکتر، لە کۆی گشتییان دەستووری سێیەم کۆماری فەرەنسا پێکهات .
یاسای دەستووری، یان یاسای بنەڕەتی بریتییە لە کۆمەڵێک بنەمای یاسایی بنەڕەتی کە سیستەمی حوکمڕانێتی لە ناو دەوڵەت دیار دەکات، هەروەها چۆنێتی ڕێکخستنی دەسەڵاتە گشتیەکان (مەبەستمان دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەرییە) هەروەها پەیوەندی هەریەک لەو دەسەڵاتە گشتێدانە بە وانی ترەوە هەروەها ماف و ئازادییە گشتیەکان دیاردەکات.
هەروەک دەزانین بەڵگەنامەی دەستووری هەرچەندە لەڕووی بابەتەکەیەوە زۆرینەی بنەما دەستوورییەکانی لەخۆگرتووە، بەڵام هەموویان ناگرێتەوە، هەندێک بابەت هەیە کە لە سروشتدا بە دەستووری دادەنرێت، چونکە پەیوەندییان بە سیستەمی حکوومەت ودەسەڵاتە گشتیەکان لە ناو دەوڵەتدا هەیە، بەڵام سەرەڕای ئەوەش جێگەی خۆیان لەنێو دەقەکانی خودی بەڵگەنامەی دەستووریدا

نادۆزنەوە، بەڵکووو لە دەرەوەی ئەو بەڵگەنامەیە، جا چ لە شێوەی یاسایەکی ئاسایی لەلایەن پەرلەمانەوە دەرچووبێت، وەک یاساکانی هەڵبژاردن و یاساکانی ڕێکخستنی دەسەڵاتی دادوەری، یانیش خۆی لە داب و نەریتی دەستووری ببینێتەوە کە لە تەنیشت دەستووری نووسراوەوە سەریهەڵداوە، وەک داب و نەریتی کۆدەنگی بۆ پێکهێنانی حکوومەت و دابەشکردنی پۆستە سەروەرییەکان لە دەوڵەتدا.
لەم ڕووەوە یاسازانی بەناوبانگ (ئەندرێ هۆریۆ) لەبارەی پەیوەندی نێوان دەستوور و دەسەڵات و ئازادیەوە دەڵێ: ((ئەرکی بنەڕەتی یاسای دەستووری بریتیە لە ڕاگرتنی بەلانس لە نێوان پێویستبوونی دەسەڵات و پێویستی زامنکردنی ماف و ئازادییەکانی تاکە کەس، چونکە پراکتیزەکردنی دەسەڵات خۆی لە خۆیدا مەبەست نییە، بەڵکوو هۆکارێکە بۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندی گشتی، هەروەها ئازادیش ڕەها و بێ سنوور نییە، بەڵکووو دەبێ لە ڕێگەی دەسەڵاتێکی یاساییدا سنووردرابکرێت و هەندێک ڕێکاری دیاریکراو بۆ پراکتیزەکردنی دابندرێت، بە پێچەوانەوە دەبێتە مایەی هاتنەکایەوەی جۆرێک لە پاشاگەردانی)).

## دووەم: سروشتی بنەما دەستوورییەکان

لەبارەی سروشتی بنەما دەستووریەکان یاسازانەکان لە نێوان خۆیاندا گفتوگۆیەکی زۆریان کردووە، پرسیارەکە ئەوەبوو ئایا ئەو بنەمایانە بنەمای یاساییین بە مانای تەسکی وشە؟ یان سروشت تریان هەیە جیاوازە لە سروشتە یاساییەکە؟ لە ڕاستیدا یاسازانان لەمبارەیەوە دابەش بوون بۆ چەند لایەنێک:

لایەنی یەکەم وای بۆ دەچێت کە بنەما دەستوورییەکان بنەمای یاسایین، واتە لە ڕووی سروشتەکەیەوە جیاوازیان لەگەڵ ئەو بنەما یاساییانەدا نییە کە حوکمی چالاکییە جیاجیاکانی دەوڵەت دەکات.
ئەم یاسازانانە لە بۆچوونەکەیاندا پشتێدان بە پرەنسیپی بەرزی دەستوور (سمو الدستور) بەستووە، واتە بنەما دەستووریەکان لە سەرەوەی لووتکەی هەرەمی یاسایی دایە، واتە لە بنەما یاساییەکانی تر بەرزترن ، لە هەمان کاتدا بە سەرچاوەی گشت بنەما یاساییەکانی تر دادەندرێن لە ناو دەوڵەتدا.
جا لەبەر ئەوەی بنەما دەستووریەکان سیفەتی قانوونی بە گشت ئەو بنەمایانە دەبەخشن کە لە ناو دەوڵەتدا جێبەجێ دەکرێن، بۆیە دەبێ بنەما دەستووریەکانیش ئەو سیفەتانەیان هەبێت کە ئەو بنەمایانە هەیانە، ئەویش سروشتی یاساییە.
بەڵام کۆمەڵەی دووەم لە یاسازانەکان، سروشتی یاسایی ئەو بنەما دەستووریانەیان ڕەت کردەوە بە پاساوی نەبوونی سزا، چونکە بنەمای دەستووری ڕەگەزی سزای ماددی تێدا نیە.
جۆن ئۆستن (John Austin) (1790-1859) یەکێکە لەو یاسازانانەی کە بایەخی بە لایەنی ڕووالەتەوە داوە لە بنەمای یاساییدا، پێی وایە ئەو سزایەی لە بنەمای یاساییدا هەیە دەبێ سزایەکی مادی بێت، کە خۆی لە ئازارێک دەبینێتەوە کە دەسەپێندرێت بە سەر ئەو کەسەی کە سەرپێچی بنەمایەکی یاسایی دەکات، کە بریتیە لە زۆرە ملێی ماتریالییانە (الاکراه المادی) دەسەڵاتی گشتی دەیسەپێنێت لە ڕێگای ئەو هۆکارانەی لەبەر دەستی دایە. بەم پێیە بنەمای دەستووری سزای ماتریالی (مادی) تێدا نیە، کە خۆی لە زۆرە ملێی ماتریالییانە دەبینێتەوە، بنەمای دەستووری هەندێک کۆت و بەندی لە سەر دەسەڵاتی حوکمڕان داناوە، ئەو دەسەڵاتەی سزا و ناچارکردنی هاوڵاتێدان بۆ ڕێزگرتن لە دەستوور دەسەپێنێ، ئەمە ئەوە دەگەیەنێت

کە هەمان دەسەڵات پێویستە سزا بە سەر خۆیدا بسەپێنێت ئەگەرهاتوو پابەند نەبوو بەو کۆت و بەندانە، کە ئەمەش چاوەڕوان نەکراوەو لە ڕاستیدا پێشبینی ناکرێت.
بەم شێوەیە لایەنگرانی ئەم بۆچوونە پێیان وایە بنەمای دەستووری بنەمایەکی یاسایی نیە بە مانا دروستەکەی، لە بەر نەبوونی ڕەگەزی سزا تێدایدا.
بەڵام هەندێک یاسازانی تر بوونی سزای ماتریالی کە دەسەڵاتی گشتی دەیسەپێنیّ، ناکەنە مەرج بۆ ئەوەی سروشتی یاسایی هەبێت، ئەو یاسازانانە پێیان وایە سزایەکە بریتیە لە پەرچە کردار و ناڕەزایی کۆمەڵایەتی کە سەرپێچیکردنی بنەمای یاسایی لێی دەکەوێتەوە، بە چەشنێک جۆری سزایەکە دەگۆڕێت بە گۆڕانی جۆری بنەمایەکە و ئەمە و شێوە و جۆرەکانی دەگۆڕێت بە شێوەیەک کە لەگەڵ ناوەڕۆکی بنەما یاساییەکەو ئەو بەرژەوەندیانە بگونجێت کە دەیپارێزێت.
یاساناسی فەڕەنسی لیۆن دگی (Duguit) یەکێکە لە یاساناسە هەرە دیارەکانی قوتابخانەی کۆمەڵایەتی پێی وایە هەموو بنەمایەکی یاسایی سزایەکی تایبەت بە خۆی تێدایە، هەرچەندە شێوەی ئەو سزایەی کە بۆ سەرپێچیکردنی بنەمای یاسایی داندراوەو باوە خۆی لە سزایەکی ڕاستەوخۆ دەبینێتەوە، کە بریتیە لە بەکارهێنانی هێز لە دژی ئەو کەسەی سەرپێچی دەکات، بەڵام ئەم شێوە سزایە بۆ هەموو بنەمایەکی یاسایی دەست نادات، بە تایبەتی ئەو بنەما یاساییانەی کە ئاڕاستەی حوکمڕان کراون، هەروەکو ئەوەی لە بنەما دەستووریەکان دەیبینین، ئەگەر هاتوو حوکمڕان سەرپێچی دەستووری کرد، (بۆ نموونە ئەگەرهاتوو بە پێچەوانەی حوکمەکانی دەستوور ئەنجوومەنی نوێنەرانی هەڵوەشاندەوە) پێشبینی ئەوە ناکرێت لە دژیدا سزا بەکاربێت، چونکە بەکارهێنانی هێز لەم حاڵەتەدا بە مانای کودەتا، یان شۆڕش، یان جەنگ دێت لە دژیدا، بەڵام سزا لەم حاڵەتەدا نا

ڕاستەوخۆیە، بریتییە لە پەرچە کرداری کۆمەڵایەتی کە خۆی لە نارەزایی کۆمەڵ دەبینێتەوە.
ئەم کۆمەڵە یاسازانە پێیان وابوو کە بنەمای دەستووری ڕەگەزی سزای تێدایە و بەمەش گشت ڕەگەزەکانی بنەمای یاساییی تێدایە.
بەڵام هەندێکی تر لە یاسازانەکان، دەڵێن دەستوور سروشتێکی سیاسی هەیە، وە ئەم سروشتەیشی لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە بنەمای دەستووری ڕێگاکانی پراکتیزەکردنی دەسەڵات دیارناکات تا ئەو کەسانە دەسنیشان نەکات کە ئەو دەسەڵاتەیان گرتۆتە دەست، بۆیە دەستوور هەر لە چرکەساتی پەیدابوونییەوە مانایەکی سیاسی لەخۆی گرتووە کاتێک وەک هۆکارێک بۆ چڕکردنەوەی دەسەڵاتی تاکە کەس، یان کۆمەڵە کەسێک، یان حزبێک، یان چینێک بەکاردێت.
یاسای چاکسازی سیستەمی یاسایی عێراقی ژمارە ٣٥ ی ساڵی ١٩٧٧ کاری بە بۆچوونی ئەم یاسازانانە کردووە، کاتێک دەڵێ: ((دەستوور لە ڕاستیدا چڕکردنەوەی تێڕوانین و بژاردەی سیاسی سەرکردایەتی سیاسیە)).

## پرەنسیپە گشتییەکانی دەستوور:

پرەنسیپە گشتییەکانی دەستوور ئەو بەها ئەخلاقی و کۆمەڵایەتی و ئایدیۆلۆژی و فەلسەفی و ئایینییانەن کە لە ناو دەستووردا جێگیر کراون و تێکڕای سیستەمی قانوونی لەوەوە سەرچاوە دەگرێت. دەشکرێ پێیان بوترێ پرەنسیپە بنەڕەتییەکان.
ئەم پرەنسیپانە وەکو پرەنسیپێکی ئاڕاستەکراوی بنەڕەتی وانە، سیستەمی کۆمەڵایەتی و سیاسیی دەوڵەت کاریان پێ دەکات و هێزی سەپاوەیان هەیە. بۆیە دەبێ هەموو یاسا و ڕێساو بنەمایەکی یاسایی کە لە کۆمەڵگەدا دەردەچێت لە خۆیان بگرێت و ڕێزیان لێ بگرێت، کە

زامنی ئەو ڕێککەوتنە کۆمەڵایەتییە دەکات کە لە نێوان هاوڵاتێدان و حوکمڕان بەستراوە. **لە خوارەوە لە چەند خاڵێکدا ئاماژە بە گرنگترین ئەو پرەنسیپانە دەکەین:**

**یەکەم: پرەنسیپی سەروەری یاسا**

مەبەستمان لە سەروەری یاسا ئەوەیە کە دەبێ هەموو کەسێک (حوکمڕان و هاوڵاتییان) پابەندبن بە حوکمی یاسا و نابێت هیچ کەسێک لە دەرەوەی حوکمی یاسا بێت. بە مانایەکی تر، نابێت هیچ کەس و لایەنێک لە سەرووی یاساوە بێت.

لێرەدا مەبەستمان هەموو جۆرە یاسایەکە، جا چ لەلایەن دەسەڵاتێکی دیکتاتۆرەوە دەرچووبێت، یان لەلایەن دەسەڵاتێکی دیموکراسیەوە، هەروەکو فەیلەسووفی یۆنانی ئەرستۆ دەڵێت: (ڕێزگرتن لە یاسایەک هەرچەندی ستەمکاریش بێت، باشترە لە سەرپێچی کردنی)، چونکە ئەگەر لە سایەی یاسایەکی ستەمکار بەشێک لە ماف و ئازادییەکانمان لە دەست بدەین، ئەوا لە سایەی نەبوونی یاسادا، هەمووی لە دەست دەدەین.

گومانیشی تێدا نییە کە، بوونی یاسایەکی دیموکراسی کە لە لایەن پەرلەمانێکی هەڵبژێردراودا لەلایەن هاوڵاتییانەوە لە ڕێگەی سندووقەکانی دەنگدانەوە، لە کەش و هەوایەکی ئازاد و بێ دەستتێوەردان و ساختەکاری دەرچووبێت، باشترە لە یاسایەک کە لە لایەن کەسێک، یان دەستەیەک کە نوێنەرایەتی خەڵک نەکەن، دەرچووبێت.

دکتۆر مەحمود حافز پێناسەی سەروەری یاسا دەکات و دەڵێ : (سەروەری یاسا بە مانا فراوانەکەی، بریتییە لە پابەندبوونی حوکمڕان و هاوڵاتێدانی ژێر حوکم بە حوکمی یاسا، بەو مانایە کە یاسا

سەروەربێت و هەموو دەسەڵاتەکان لە ناو دەوڵەت بە حوکمەکانی پابەندبن).
هەروەها دکتۆر ڕەفعەت عەبدولوەهاب پێناسەی کردووە و دەڵێ : (بە شێوەیەکی گشتی سەروەری یاسا بریتییە لە سەروەری حوکمەکانی یاسا لە ناو دەوڵەتدا، بە شێوەیەک کە بنەما و حومەکانی لە هەموو ئیرادەیەک بەرزتر بن، جا چی ئیرادەی حوکمڕان بێت، یان هاوڵاتێدانی ژێر حوکم).

## نەتەوەیەکگرتووەکان و سەروەری یاسا

پتەوکردنی سەروەری یاسا لە سەر ئاستی نیشتمانی و نێودەوڵەتیدا بەشێکە لە پەیامی نەتەوەیەکگرتوەکان، یەکێکە لە ڕەگەزە گرنگەکانی ئاشتەوایی هەمیشەیی و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و هێنانەدی پێشکەوتن و گەشەپێدانی ئابووری بە شێوەیەکی بەردەوام.
ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لە پێناو پشتگیری کردنی بوونی چوارچێوەیەک کاردەکات کە لە میانیدا لە سەر ئاستی ناوخۆ و نێودەوڵەتی سەروەری یاسا بێتە دی، بەم شێوەیەی خوارەوە:
دەبێ هەموو وڵاتێک دەستوور، یان جێگرەوەی دەستوور دەربکات، بەو وەسفەی کە بەرزترین یاسایە لە ناو وڵاتدا، هەروەها دەبێ چوارچێوەیەکی یاسایی دیار و ڕێک و پێکی هەبێت لەگەڵ کەفالەتکردنی جێبەجێکردنی، هەروەها دامەزراندنی دامودەزگای بەهێز بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری داد و ئەمن و ئاسایش و مافەکانی مرۆڤ. هەروەها دەبێ کۆمەڵگەیەکی گشتی و مەدەنی دروست بکات، بەشداری بکات لە پتەوکردنی سەروەری یاسا و فەرمانبەرانی حکوومەت و دامودەزگا گشتییەکانی بخاتە بەر لێپرسینەوە.

ئەمەو لە ساڵی ٢٠٠٠ دا جارێکی تر کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە میانی جاڕنامەی هەزارەی سێیەمدا، جەختی لەسەر پابەندبوونی گشت وڵاتان بە یاسا کردەوە، وەک چوارچێوەیەک بۆ بەرەو پێشبردنی مافەکانی مرۆڤ و ئاساییشی مرۆڤ و گەشەپێدانی مرۆیی.
شایەنی ئاماژەبۆکردنە، سەروەری یاسا یەکێکە لە ڕەگەزە گرنگەکانی حوکمڕانی باش، لە پاڵ ڕەگەزەکانی تری وەک شەفافیەت و دادپەروەری و لێپرسینەوە و بەرپرسیارێتی و بەشداریکردن، کە هەر هەموویان بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە دیموکراسیەوە هەیە و بۆ بەدیهێنانی سەروەری یاسا هۆکاری بنەڕەتین.
پرەنسیپی سەروەری یاسا پشت بە هەندێک بەها و بنچینە دەبەستێ، کە بە بەشێکی جیانەکراوە لە سەروەری یاسا دادەندرێن، **ئەمەی خوارەوە بەشێکن لەو پرەنسیپانە:**

**١- ڕوونی**
پێویستە لە ناو وڵاتدا یاساکان ڕوون و ئاشکرا بن، واتە یاسای نووسراو بن نەک زارەکی، هەروەها پێویستە بنەما یاساییەکانی لە دوتۆی یاساکەدابن، نەک لەناو پاشکۆکانیدا.

**٢- ئاشکرایی یاساکان**

دەبێ یاساکان بە شێوەیەکی وەها بڵاوبکرێنەوە، ئەو کەسانەی کە لەسەریان دەچەسپێ ئاگاداری بن، بۆ ئەوەی ڕەفتارو هەڵس و کەوتێدان بە پێی ئەوە بگونجێنن.

**٣-پابەندبوون بە جێبەجێکردنی**

بۆ ئەوەی یاسا کاریگەری خۆی هەبێت، پێویستە هەمووان وا هەست بکەن ئەو یاسایە بۆ بەرژەوەندی ئەوانە، تاکو بە شێوەیەکی ئارەزوومەندانە پابەندی بن.

**٤- یەکسانی گشت هاوڵاتیدان لە بەرامبەر یاسادا بە بێ جیاوازیکردن لە نێوان هاوڵاتی ئاسایی و بەرپرسەکانی دەوڵەت.**

**٥- دەرچوونی یاسا لەلایەن دەسەڵاتێکی یاسادانانی ڕەواییەوە**

پێویستە یاسا لە لایەن دەسەڵاتێکی یاسادانانی وەهاوە دەرچووبێت کە جێگەی ڕەزامەندی هاوڵاتیدان بێت و لە ڕێگەی هەڵبژاردنێکی پاک و بێگەرد و ئازاد هاتبێتە کایەوە و گوزارشت لە ئیرادەی دەنگدەران بکات، بەمەش گوزارشت لە ئیرادەی گەل دەکات و لە هەمان کاتیشدا پرەنسیپی سەروەری یاساش بەرجەستە دەکات.

**٦- بوونی دەستوور**

بوونی دەستوور بە گرنگترین زامن دادەندرێت بۆ پابەندبوونی دەوڵەت بە یاسا، چونکە دەستوور دەسەڵاتەکانی دەوڵەت دیار دەکات. هەروەها ماف و ئازادییەکانی هاوڵاتیدانیش دیار دەکات. بۆیە دەبێ گشت دەسەڵاتەکان و دامودەزگاکان لە چوارچێوەی حوکمەکانی دەستووردا پراکتیزەی کار و چالاکییەکانیان بکەن، دەنا شەرعییەت و دەستووریێتی خۆیان لە دەست دەدەن.

**هەڵوێستی یاسادانەری عێراقی سەبارەت بە سەروەری یاسا:**

دەستووری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥ ئەو پێوەر و پرەنسیپانەی لە خۆ گرتووە کە دەوڵەتی مەدەنی لە سەر دادەمەزرێت، لە نێوانیاندا و لە هەموویان گرنگتر، پەرەنسیپی سەروەری یاسایە.
دەستووری عێراقی لە مادده (٥) دا جەختی لە سەروەری یاسا کردووە و دەڵێ: (سەروەری بۆ یاسایە، گەلیش سەرچاوەی دەسەڵات و شەرعیبوونیەتی، کە بە هۆی دەنگدانی ڕاستەوخۆ و نهێنیەوە لە ڕێی دامودەزگا دەستووریەکانەوە ئەنجامی دەدات).
هەروەها لە مادده (١٤) دا دەڵێ: (عێراقییەکان لە بەردەم یاسادا یەکسانن بەبێ جیاوازی ڕەگەز، یان نەژاد، یان نەتەوە، یان بنەچە، یان ڕەنگ، یان ئایین، یان ئایینزا، یان بیروباوەڕ، یان بۆچوون، یان بارودۆخی ئابووری یا کۆمەڵایەتیدان).

**دووەم: پرەنسیپی شکۆی دەستوور (مبدأ سمو الدستور):**

ئەگەر بێت و بوونی دەستوور لە ناو دەوڵەت یەکەمین بنەما بێت بۆ چاودێریکردن لە سەر دەستووریی یاساکانی، بنەمای دووەم بۆ ئەو چاودێریکردنە ئەوەیە کە ئەم دەستوورە پێگەیەکی مەزنی هەبێت، بەرزتر بێت لە پێگەی بنەما یاساییەکانی دیکەی وڵات، لەمەشدا جیاوازی نییە دەستوورەکە نووسراو بێت، یان عورفی بێت، هەروەها پابەندبوونی گشت دەسەڵاتەکانی تر بۆ ڕێزگرتن لە هەموو ئەو کردەوانەی بە پشتبەستن بە دەستوورەوە دەردەکرێن، ئەمەش ئەو شتەیە کە بە پرەنسیپی شکۆی دەستوور ناسراوە. کەواتە شکۆی دەستوور بنەمای دووەمە بۆ بوونی چاودێری لە سەر دەستووری یاساکان،

هەروەها بە بێ ئەو هیچ جێگایەک نییە بۆ قسەکردن لەسەر ئەم چاودێرییە. کەواتە بەبێ باڵادەستی دەستوور لەسەر یاساکان و بنەماکانی تر و یەکسانی لەگەڵ ئەو لە بەهاو شوێندا، هیچ شوێنێک نیە بۆ قسەکردن لەسەر ئەوەی کە پێویستە ئەو یاساو بنەمایانە لەگەڵیدا بگونجێن وە حوکمەکە نادەستوورییە کاتێک حوکمەکانی پێشێل دەکات.

لە ڕاستیدا سەرچاوەی بیرۆکەی شکۆی دەستوور بۆ نووسینەکانی بیرمەندانی تیۆری گرێبەستی کۆمەڵایەتی لە سەدەکانی حەڤدە و هەژدەدا دەگەڕێتەوە، بەڵام وەک پرەنسیپێکی دەستووری بەرجەستە نەبوو، تا دوای شۆڕشی ئەمریکا و فەرەنسا. ئەمەو دەستووری ئەمریکی و وڵاتانی ئەوروپی و عەرەبی ئەم پرەنسیپەیان لە نێو دەستوورەکانیان تۆمار کردووە. شکۆی دەستوور یەکەم جار لە ناوەرۆکی بنەما دەستوورییەکان سەرچاوەدەگرێت، بەو پێیەی کە دەسەڵاتە گشتییەکان ڕێک دەخات لەم حاڵەتەدا بە شکۆی دەستوور دەوترێت بەرزیی دەستوور لە ڕووی بابەتییەوە.

هەروەها لەوانەیە وێڕای ئەوە بەرزیی دەستوور لەو شێوەو ڕێکارانەی کە بنەمای دەستووری دەری دەخات سەرچاوە بگرێت. هەرکاتێک بۆ دەرکردن و هەموارکرنەکەی مەرجی پێڕەوکردنی هەندێک ڕێکارو شێوەی تایبەتی دابنێت کە جیاوازی هەبێت لەگەڵ ئەو ڕێکارانەی کە پێویستن بگرترێنە بەر بۆ دەرکردن و هەموارکردنی بنەما یاساییەکانی تر بە تایبەتی یاسا ئاساییەکان، لەو حاڵەتەدا بە گوێرەی ئەو شێوەو ڕێکارانەی کە بۆ دانان و هەموارکردنی داندراوە لەوان بەرز ترە، بەمەش دەوترێت شکۆی دەستوور لە ڕووی فۆرمەوە.

کەواتە باسی شکۆی دەستوور دەکەین لە میانی ڕوونکردنەوەی هەردوو ڕووە بابەتی و فۆرمەوە بەم شێوەیەی خوارەوە:

١- شکۆی دەستوور لە ڕووی فۆرمەوە:

مەبەست لە شکۆی دەستوور لە ڕووی فۆرمەوە گرتنە بەری هەندێک ڕێکاری دیاریکراوە لە هەموارکردنەوەی دەستووردا کە جیاوازییان هەیە لەگەڵ ئەو ڕێکارانەی کە بۆ هەموارکردنەوەی یاسای ئاسایی دەگیرێنە بەر، بۆیە کاتێک باسی شکۆی دەستوور دەکەین لە ڕووی فۆرمەوە مەبەستمان تەنها ئەو دەستوورانەن کە چەقبەستوون، چونکە ئەو دەستوورانەی کە مەرنن شکۆی فۆرمەوە نایان گرێتەوە تەنها شکۆی بابەتی (موچوعی) دەیانگرێتەوە. ئەمەو شکۆی دەستوور لە ڕووی فۆرمەوە گشت دەقەکانی دەستوور دەگرێتەوەبە چاوپۆشی لە ناوەڕۆک و سروشتەکەیەوە.

## ٢- شکۆی بابەتێدانەی دەستوور (السمو الموضوعي للدستور)

شکۆی دەستوور لە ڕووی بابەتییەوە پەیوەندی بە سروشت و ناوەڕۆکی ئەو بنەمایانە هەیە کە لە خۆی گرتوون، هەروەها سروشتی ئەو بابەتانەی کە ڕێکی خستوون، دەستوور بەڵگەنامەی ڕەوایی دەسەڵاتی حوکمڕانە و دەسەڵاتەکانی و چۆنێتی پراکتیزەکردنی ڕێک دەخات و ئەو ئایدیۆلۆژیایەش دیاردەکات بۆ ئەوکەسانەی دەسەڵاتێدان بە دەستەو باوەڕیان پێی هەیە، لە بەر ئەوە پێویستە دەسەڵاتی حوکمڕان بە تەواوەتی پابەندی دەستوور بێت، هەروەها ڕێز لە حوکمەکانی بگرێت لە هەموو کردەوەکانیدا بە حوکمی ئەوەی کە دەستوور لەو کردەوانەی باڵاترە، هەروەها لە بەر ئەوەی دەستوور ئەو دەسەڵاتەی دامەزراندووە و دەسەڵاتیشی پێ بەخشیوە. ئەمەو شکۆی دەستوور لە ڕووی بابەتییەوە تەنها تایبەت نییە بە دەستووری نووسراو، بەڵکوو دەستووری عورفی و دەستووری جێگیر و دەستووری نەرم و نیانیش دەگرێتەوە.

دەراوێتە لە پرەنسیپی شکۆی دەستوور(استثناو علی مبدأ سمو الدستور):
تیۆریی پێداویستی ڕیزپەڕ، یان کۆت و بەندێکە لە سەر پرەنسیپی شکۆی دەستوور. ئەم تیۆرییە واتاو ناوەڕۆکەکەی لە بنەمایەکی کۆنی ڕۆمانی وەرگرتووە کە دەڵێ: ((سەلامەتی گەل لە سەرووی یاساوەیە)).
پوختەی ئەم تیۆرییە بریتییە لەوەی ئەگەر هات و بارودۆخێکی لە ناکاو و نەخوازراو هاتە ئاراوە و هەڕەشە لە قەوارەی دەوڵەت، یان سەلامەتی گشتی هەمووان بکات، وەک حاڵەتی جەنگ و قەیرانی سیاسی و ئابوورییەکان، یان یاخی بوون، کە پێویستە بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەیان هەندێک ڕێکاری نائاسایی بگیرێتە بەر.
حاڵەتی پێداویستی ڕێگا بە دەوڵەت یان دەستە و دەسەڵاتەکانی دەدات، کە بە زۆری دەسەڵاتی جێبەجێکردنە (واتە سەرۆک کۆمار، یان حکوومەت)، هەندێک، یان هەموو دەقەکانی دەستوور هەڵپەسێرێت یان ڕێگا بە دەسەڵاتی جێبەجێکردن دەدات لە ماوەیەکی دیاریکراودا یاسا دەربکات، بە مەرجێک نابێت ئەم ماوەیە بەردەوام بێت، بەڵکوو دەبێت دوای کۆتایی هاتنی ئەو بارودۆخە بگەڕێتەوە بۆ حاڵەتە سروشتیەکەی خۆی، چونکە پێداویستی بە گوێرەی بڕەکەی دەخەملێندرێت.

## سێیەم: پرەنسیپی سەربەخۆیی دادگا

مەبەست لە سەربەخۆیی دادگاکان ئەو بیروباوەڕەیە کە پێی وایە دەبێ دادگا دەزگایەکی بێلایەن بێت و نەکەوێتە ژێر هەژموونی هیچ دەسەڵاتێکی تری دەوڵەت، کە خۆی لە بێلایەنی و بابەتی و سەربەخۆیی دەبینێتەوە، لەبەر ئەو گرەنتێدانەی کە دەستەی دادوەری

هەیەتی، کە بریتین لە ئازادیی دادبینی و مافی بەرگریکردن و گۆڕینەوەی بەڵگەنامە و ئاشکرایی دانیشتنەکان و هەلومەرجکردنی حوکمەکان، بۆیە ئەرکی چاودێریکردن لە سەر دەستووریێتیی یاساکان دراوە بە دەسەڵاتی دادوەری.

سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەری لە بەڵگەنامە نێودەوڵەتییەکاندا:
بەڵێننامەی (میپاق) نەتەوە یەکگرتووەکان لە دیباجەدا جەختی لەوە کردووە کە گەلانی جیهان مکوڕن لە سەر دەستنیشانکردنی ئەو بارودۆخانەی کە بە بوونیان دادپەروەری دێتە دی. هەمدیس جەختی لەوە کردووە کە باوەڕیان بە مافە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ و شکۆی تاک و چارەنووسی هەیە، هەروەها ژنان و پیاوان و نەتەوە گەورەکان و نەتەوە بچووکەکان وەکو یەک مافیان هەیە. هەروەها کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕشتە لەسەر دیارکردنی ئەو بارودۆخانەی کە پێویستن و دەمانگەیەننە دادپەروەری.
مافەکانی مرۆڤ بەشێکی جیانەکراوەن لە چەمکی دادپەروەری، کە بەڵێننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان جەختی لێ کردۆتەوە. مافی ژیان و مافی ئازادی و مافی دادگایی کردن لە بەردەم دادگایەکی دادپەروەر و مافی سیستەمێکی دادوەری پاک و سەربەخۆ، ئەوانە هەموویان مەرجی بنەڕەتین بۆ بەدیهێنانی دادپەروەری و مافەکانی مرۆڤ.
سیستەمی بنەڕەتی دادگای دادی نێودەوڵەتی لە مادده (٢٠) دا جەختی کردۆتەوە کە پێش ئەوەی ئەندامی دادگا دەست بە کارەکانی خۆی بکات، پێویستە لە دانیشتنێکی ئاشکرادا بڕیار بدات کە بە بێ لایەنی و بەبێ ویست و ئارەزووی خۆی ئەرکەکانی ڕاپەڕێنێ و لە ویژدانی خۆی بەولاوە پەیام لە هیچ کەسێک وەرنەگرێت.
هەندێک حوکمی هاوشێوەمان هەن، کە ئامانجیان زامنکردنی سەربەخۆیی و پاکی دادگایە، لە دوتۆی هەندێک بەڵگەنامەی

نێودەوڵەتی تردا هەن. بۆ نموونە ڕێککەوتننامەی ئەوروپی مافەکانی مرۆڤ لە مادده (٦) بڕگەی (١) دا دەڵێ: (هەموو کەسێک لەکاتی یەکلایی کردنەوەی مافە مەدەنی و ئەرکەکانیدا، یان لەکاتی ئاڕاستەکردنی تۆمەتێکی تاوانکاری، مافی هەیە لە بەرامبەر دادگایەکی سەربەخۆ و بێ لایەن کە بە پێی یاسا دامەزرابێت، لە ماوەیەکی ماقووڵدا بە شێوەیەکی ئاشکراو دادپەروەرانە دادگایی بکرێت.

هەروەها لە مادده (٨) ی ڕێککەوتننامەی ئەمریکی مافەکانی مرۆڤیشدا جەخت لە سەر هەمان شت کراوەتەوە و تێدایدا هاتووە: (هەموو تاکێک لە کاتی تۆمەتبارکردنی بە تاوانێک، یان یەکلایی کردنەوەی ماف و ئەرکەکانی کە سروشت مەدەنی، یان باجانە، یان هەر سروشت تری هەبێت، مافی هەیە لە بەرامبەر دادگایەکی سەربەخۆ و بێ لایەندا کە بە پێی یاسا دامەزرابێت، لە ماوەیەکی ماعقوول بە شێوەیەکی ئاشکراو دادپەروەرانە دادگایی بکرێت).

ئەمەو جاڕنامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ لە مادده (١٠،٩،٨،٧) دا جەختی لە سەربەخۆیی و بێ لایەنی دادگا کردۆتەوە. لە مادده (٧) دا دەڵێ: (مرۆڤەکان لە بەردەم یاسادا یەکسانن و مافیان هەیە بە یەکسانی و بێ هیچ جیاوازییەک بپارێزرێن، هەموویان وەکو یەک مافی ئەوەیان هەیە دژی هەر جیاکارییەک کە لەم جاڕە لابدات و دژی هەر هاندانێکیش بۆ جیاکاریی بپارێزرێن).

هەروەها لە مادده (٨) دا هاتووە: (هەموو کەسێک مافی هەیە، بۆ پشتگیریکردنی بەرامبەر هەر دەستدرێژی کردنێک بۆ سەر ئەو مافە بنچینەییانەی کە دەستوور و یاسا پێی داون پەنا بباتە بەر دادگا تایبەتمەندە نیشتمانییەکان).

هەمدیس لە مادده (٩) دا هاتووە: (نابێ هیچ مرۆڤێک بە ناڕەوا بگیرێت، یان دەستگیر بکرێت، یان دوور بخرێتەوە).

هەروەها لە مادده (١٠) دا هاتووە: (هەموو مرۆڤێک مافی ئەوەی هەیە بە یەکسانیی تەواو لەگەڵ خەڵکی تردا سەیر بکرێت، بۆ یەکلایی کردنەوەی ماف و پابەندییەکانی و هەر تۆمەتێکی گوناهبارکەر کە دەدرێتە پاڵی لەبەردەم دادگایەکی سەربەخۆی خاوێن و دادوەرانە و بە ئاشکرا سەیری کێشەکەی بکرێت).
ئەمەو مادده(٧) ی جارنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ زاڵبوون بەسەر هەموو شێوەکانی جیاکاریی ڕەگەزی. هەروەها مادده (٥) ی ڕێککەوتننامەی نێودەوڵەتی بۆ زاڵبوون بە سەر هەموو شێوازەکانی جیاکاریی ڕەگەزی. هەروەها مادده (١٦) ی ڕێککەوتننامەی تایبەت بە کەسە بێ ڕەگەزنامەکان. هەر هەموویان جەخت لەسەر دادپەروەری و یەکسانی دەکەنەوە.

## ڕۆڵی دادوەر و داواکارە گشتییەکان و پارێزەران لە سەقامگیریی سەروەری یاسادا:

پرەنسیپی سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەری لە دەوڵەتی دەستووریی نوێدا، دەگەڕێتەوە بۆ تیۆریی لێکجیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان، کە بەپێی ئەم تیۆرییە دەسەڵاتەکانی یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەری لە یەکتری جیا دەکرێنەوە. ئەم جیاکردنەوەش وا دەکات کە هەر دەسەڵاتێک لەو سێ دەسەڵاتانە، بۆ ڕێگا گرتن لە بەزاندنی سنوور لە لایەن دەسەڵاتەوە ڕێکاری تایبەت بە خۆیان دەربکەن بە شێوەیەک کە نەبێتە مایەی زیان گەیاندن بە کۆمەڵگای ئازاد. ئەم سەربەخۆییەش مانای ئەوەیە، دەسەڵاتی دادوەری بەو پێیەی کە دەزگایە، دادوەرەکانیش بەو پێیەی کە ئەرکی یەکلایی کردنەوەی کێشەو ململانێکانیان لە ئەستۆ دایە، دەبێ بتوانن بەبێ دەستێوەردانی

دەسەڵاتی جێبەجێکردن و یاسادانان و هەر سەرچاوەیەکی تر، پراکتیزەی بەرپرسیارێتی پیشەیی خۆیان بکەن.
تەنها دادگای سەربەخۆ دەتوانێ بە شێوەیەکی پاک و بە پشت بەستن بە یاسا، دادپەروەری بێنێتە دی و ماف و ئازادییە بنەڕەتییەکانی مرۆڤیش بپارێزێت. جا بۆ ئەوەی بتوانێ ئەم ئەرکەی بە شێوەیەکی باش ئەنجام بدات، پێویستە گشت هاوڵاتێدان متمانەیان بە تواناو دەسەڵاتی دادگا هەبێت.
کەواتە پرەنسیپی سەربەخۆیی دادوەران بۆ سوودی کەسی دانی پێدا نەنراوە، بەڵکوو ئەم پرەنسیپە بۆ پاراستنی مافەکانی مرۆڤ لە دژی دەستێوەردانی دەسەڵات دانراوە. ئەمەش وا دەخوازێت کە نابێت دادوەران بە شێوەیەکی هەڵە و بە گوێرەی ویست و ئارەزووی خۆیان ئەو داوایانەی کە بۆیان بەرز کراوەتەوە یەکلایی بکەنەوە، بەڵکوو دەبێ یاسا جێبەجێ بکەن، ئەمە ئەرکە لە سەر شانیان و دەبێ پابەندی بن.
کەواتە هەرکاتێک بینییان ئەو یاسایانە پەیوەندییان بەو کەیسەی بەردەمیانەوە هەیە، کە پەیوەندی هەیە بە پاراستنی تاک، دەبێ دادوەران لە جێبەجێ کردنی یاساکانی ناوخۆ و نێودەوڵەتیی مافەکانی مرۆڤ بەرپرسیارێتی لە ئەستۆ بگرن.
لە کۆتاییدا، ئەم سیستەمە یاساییە کامڵ نابێت، ئەگەر پارێزەران بە سەربەخۆیی و بێ ترس و دڵەڕاوکێ کارەکانی خۆیان نەکەن. چونکە پارێزەران لە هەموو کاتێکدا ڕۆڵێکی گرینگیان هەیە لە پاراستنی ماف و ئازادییە بنەڕەتییەکان، ئەم ڕۆڵەش هەمان ئەو شتەیە کە دادوەر و داواکارە گشتییە سەربەخۆ و پاکەکان بۆ زامنکردنی سەروەری یاسا و پاراستنی مافەکانی تاک بە شێوەیەکی کاریگەر دەیبینن.

## ئەو کۆسپ و تەگەرانەی کە دێنە بەردەم سەربەخۆیی و پاکی پیشە یاساییەکان:

هەرچەندە پێویستە دادوەر و داواکاری گشتی و پارێزەران لە سایەی سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەریدا، بە شێوەیەکی ڕاستەقینە کار و چالاکییە پیشەییەکەیان بکەن، بەڵام بۆمان دەرکەوتووە کە زۆرجار بە مەبەستی کەمکردنەوەی دەسەڵاتەکانیان لە ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانیان ڕووبە ڕووی فشاری زۆر دەبنەوە.
سەرەڕای ئەوەی شێوازی دامەزراندنی دادوەران و داواکارە گشتییەکان لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر دەگۆڕێت، بەڵام لەوانەیە سەربەخۆییەکەیان بکەوێتە ژێر هەڕەشەوەو هەمان چارەنووسیان هەبێت ئەگەر هاتوو لە لایەن دەسەڵاتی جێبەجێکردن، یان دەسەڵاتی یاسادانان، تەنانەت هەندێک جاریش ئەگەر لە ڕێگەی هەڵبژاردنەوە دامەزرابن، ئەمەو هەڕەشەیەکی تر ڕووبەڕووی سەربەخۆییەکەیان دەبێتەوە ئەگەر هاتوو مانەوەیان لە وەزیفە بکەوێتە مەترسییەوە، بۆ نموونە لەو وڵاتانەی کە دادوەران بۆ ماوەیەکی کاتی بە گرێبەست دادەمەزرێن، نەبوونی ئاساییشی وەزیفی دادوەران زیاتر دەخاتە ژێر فشاری دەرەکیی نەخوازراوەوە. هەروەها کەمی ئەو مووچەیەی کە وەری دەگرن، هەڕەشە لە سەربەخۆییەکەیان دەکات و وایان لێ دەکات ببنە نێچیرێکی ئاسان بە دەست گەندەڵییەوە.
ئەمەو زۆرجار دادوەران و داواکارە گشتییەکان و پارێزەران ڕوو بە ڕووی هەڕەشە دەبنەوە ئەگەرهاتوو دەسەڵاتی جێبەجێکردن ڕێگەی پێ نەدان بۆ داکۆکی کردن لە مافەکانیان سەندیکای تایبەت بە خۆیان دامەزرێنن.
لە لایەکی تریشەوە زۆرجار دادوەر و داواکارە گشتییەکان و پارێزەران ڕووبەڕووی جۆرێکی تری هەڕەشە دەبنەوە ئەگەر هاتوو دەسەڵاتی جێبەجێکردن، یان دەسەڵاتی یاسادانان بە ئامانجی ترساندنیان ڕەخنەیان لێ بگرێت، تەنانەت هەندێک جاریش ئەم هەڕەشەیە دەگاتە ڕادەی گرتنیان بە ناهەق، یان ونبووکردنیان، یان کوشتنیان. لە

هەندێک وڵاتیشدا  ئەم کردەوانە ڕاستەوخۆ هەڕەشە لە سەرو گیانی ئەوان دەکات، بۆ نموونە ئەگەر هاتوو ئەو پارێزەرەی کە داکۆکی لە مافی هاوڵاتێدان دەکات، ژن بێت و لە سەر بابەتێکی کۆمەڵایەتی داکۆکی لە هاوڵاتییێکی ژن بکات ، لەوانەیە هەڕەشەیان لێ بکرێت یان بکوژرێن.

ئەم هەڕەشە و فشارانەی کە لە سەرەوە باسمان کردن مەرج نییە تەنها دەسەڵاتی جێبەجێکردن لە دژی دادوەران و داواکارە گشتییەکان و پارێزەران ئەنجامی بدەن، بەڵکوو زۆرجار لەلایەن کەسانی ئاسایی، یان کەسانێکی سەر بە کۆمەڵە و ڕێکخراوە تیرۆریستەکان و مافیاکانی بازرگانیکردن بە ماددە هۆشبەرەکانەوە ئەنجام دەدرێن.

ڕوون و ئاشکرایە، ئەگەر هاتوو دادوەران و داواکارە گشتییەکان و پارێزەران نەتوانن ئەرکە پیشەییەکانیان بە سەربەخۆیی و بێ هەڕەشەو دەستێوەردان ئەنجام بدەن، هەروەها ئەگەر هاتوو دەسەڵاتی جێبەجێکردن و دەسەڵاتی یاسادانان ئەم سەربەخۆییەیان بۆ دابین نەکەن، یاسا سەروەری خۆی لە دەست دەدات و ماف و ئازادییەکانی هاوڵاتێدانیش دەکەوێتە ژێر هەڕەشەوە.

## دەستووری عێراقی و پرەنسیپی سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەری

دەستووری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥ لە میانی چەند ماددەیەکیدا، جەختی لە سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەری کردۆتەوە، لە ماددە (١٩) بڕگەی یەکەم دەقنووسی کردووە و دەڵێ: (دادگا سەربەخۆیە و هیچ دەسەڵاتێکی تری بە سەرەوە نیە جگە لە یاسا). هەروەها لە ماددە (٨٨) دا دەڵێ: (دادوەران سەربەخۆن و  جگە لە یاسا لە ژێر ڕکێفی هیچ دەسەڵاتێکی

تردا نین، نابێت هیچ دەسەڵاتێک دەست بخاتە دادگا و کاروباری دادپەروەرییەوە).
ئەمەو دامەزراندنی دادگای باڵای ئیتیحادی لە عێراقدا، کە دەستووری عێراقی لە مادده(٩٢،٩٣،٩٤) دا ئاماژەی پێ کردووە، بە هەنگاوێکی باش هەژماردەکرێت بۆ چەسپاندنی پرەنسیپی سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەری و بەم پێیە ئەو بڕیارانەی کە دەسەڵاتی جێبەجێکردن، یان یاسادانان دەریان دەکەن، دەکەوێتە ژێر چاودێریی دادگاوە کە بە بێ لایەنی و سەربەخۆ کاری خۆی دەکات.

## چوارەم: چاودێریی لە سەر دەستووریێتی یاساکان

لە ڕاستیدا قسەکردن لە سەر پرەنسیپی شکۆی دەستوور (سمو الدستور) هیچ سوودی نیە ئەگەر سزایەک نەبێت بە سەر ئەو کەسەدا بسەپێندرێت کە دەستدرێژی کردۆتە سەر ئەو پرەنسیپە و سەرپێچی بنەما دەستوورییەکانی کردووە، جا بۆ ئەوەی پرەنسیپی شکۆی دەستوور بپارێزرێت و زامن بکرێت، پێویستە کار بە پرەنسیپێکی تر بکرێت ئەویش پرەنسیپی چاودێری کردنە لە سەر دەستووریێتی یاساکان. جا لە سەر ئەو بنچینەیە ئەو بنەما یاساییانەی کە سەرپێچی دەقەکانی دەستووریان کردووە بە پووچەڵ (باگل) هەژمار دەکرێن.
شایەنی ئاماژەبۆکردنە، چاودێری کردن لە سەر دەستووریێتی یاساکان بەدی ناکرێت مەگەر لە بەرامبەر دەستوورێکی جێگیر بین، وە ناشکرێت باسی چاودێریکردن لە سەر دەستووریێتی یاساکان بکەین، ئەگەر هاتوو بەرامبەر دەستوورێکی ناجێگیر بین، چونکە دەستووری ناجێگیر لە ڕووی شکۆی فۆرمەوە هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ یاسای ئاساییدا نیە، بۆیە ئەگەرهاتوو یاسای ئاسایی سەرپێچی دەقێکی

دەستووری ناجێگیری کرد، لەو حاڵەتەدا ئەو سەرپێچیکردنە بە هەموارکردنی دەقی دەستووری ناجێگیر دادەندرێت.
هەرچەندە شەرعیەتی دەستووری وەک ئەوەی دەستوور پێناسەی کردووە، بریتیە لە چوارچێوەیەکی دەستووری بۆ ڕاگرتنی هاوسەنگی نێوان ماف و ئازادییەکان و بەرژەوەندیی گشتی، بەڵام جێبەجێکردنی ئەم شەرعیەتە، پێویستی بە دەسەڵاتێکی دادوەری دەستوورە هەیە، کە بیپارێزێت و ماناکەی دیاری بکات. ئەم ئەرکەش بە دادگای باڵای دەستووری سپێردراوە، بەو پێیەی کە پێگەیەکی بەرزی هەیە.
دادگای باڵای دەستووری لە ڕێگەی ڕوونکردنەوەی ئەو بەها و بنەمای یاسایی و دەستووریانەی کە شەرعیەتی دەستوورییان لەسەر دامەزراوە، هاوسەنگی نێوان ماف و ئازادییەکان و بەرژەوەندی گشتی زامن دەکات.
بۆ نموونە دادگای باڵای دەستووری لە خەمی ڕوونکردنەوەی پرەنسیپی پاشەکشەنەکردنی یاسای سزادان (مبدأ عدم رجعیه قانون العقوبات)، و پێدانی بەهای دەستووری بە پاشەکشەی ئەو یاسایەی کە لەبارترە بۆ تۆمەتبار و پشتڕاستکردنەوەی بەهای دەستووری قبوڵنەکردنی پێوەریی (القیاس) لە لێکدانەوەی بڕگەکانی یاسای سزادان (عدم جواز القیاس فی تفسیر نصوص قانون العقوبات) و دووپاتکردنەوەی بنەمای بەرپرسیارێتی تاوانکاری کەسی، کە ڕێگە نادات قەرینەی قانوونی بسەپێندرێت بۆ ئەوەی تاوانێک بخرێتە پاڵ کەسێکی تر جگە لە تاوانباری ڕاستەقینە.
ئەمەو دادگای باڵای دەستووری بە پێی دەستوور دەرفەتی ئەوەی بۆ ڕەخساوە، بەو بڕیارانەی کە دەریان دەکات، لە شەرعیەتی دەستووری یاسای ڕێکارەکانی تاوانکاری قووڵ بێتەوە و ئەو دەقە دەستووریانە ڕوون بکاتەوە کە پرەنسیپی پاراستنی ئازادی کەسی و مافی دادگایی کردنێکی دادپەروەرانە و مافی بەرگریکردن و بێتاوانی ڕەسەنی

تۆمەتبار و چەندین گرەنتی تر دووپات دەکاتەوە، کە لە ناو دەستووردا هاتوون.
چاودێری کردن لە سەر دەستووریێتی یاساکان دوو جۆری هەیە، یان چاودێرییێکی سیاسی دەبێت، یانیش چاودێرییێکی دادوەری دەبێت بەم شێوەیەی خوارەوە:

## ١- چاودێری سیاسی لە سەر دەستووریێتی یاساکان

هەندێک دەستوور ئەرکی چاودێریی دەستووریێتی یاساکانی بە دەستەیەکی سیاسی سپاردووە، بەو مەبەستەی تا چەند حوکمەکانی یاسا لەگەڵ دەستوور کۆکن، ئەم دەستەیە لەوانەیە لە ڕێگەی دامەزراندن لە لایەن دەسەڵاتی جێبەجێکردن، یان دەسەڵاتی یاسادانان، یانیش لە ڕێگەی هەڵبژاردنەوە پێک بهێندرێت. چاودێری سیاسی چاودێرییێکی پێشینەیە، چونکە بە زۆری پێش دەرچوونیان ڕووبەڕووی یاساکان دەبێتەوە.
هەندێک وڵات بۆ دەستووریێتی یاساکان کاریان بە چاودێری سیاسی کردووە، بە تایبەتی وڵاتە سۆشیالیستەکان، ئەمەو شێوەی چاودێریکردنی دەستووریێتی یاساکان لەو وڵاتانەدا لە دەستوورێکەوە بۆ دەستوورێکی تر دەگۆڕێت.

هەڵسەنگاندنی چاودێریکردنی سیاسی بۆ دەستووریێتی یاساکان:
چاودێریکردنی سیاسی چاودێرییێکی بەرگرییە، ئامانجی ڕزگاربوونە لە نادەستووریێتی یاساکان پێش ڕوودانی، بەڵام ڕووبەڕووی هەندێک ڕەخنە بۆتەوە گرنگترینیان ئەمانەی خوارەوەن:

أ- له بەر ئەوەی جوولاندنی چاودێرییەکە دەگەڕێتەوە بۆ دەسەڵاتی جێبەجێکردن، یان دەسەڵاتی یاسادانان، ئەمەش وا دەکات تانەدان له دەستووریێتی یاساکان زیاتر مۆرکێکی سیاسی هەبێت نەوەک یاسایی و بابەتێدانە.
ب- لە ڕووی پێکهێنانی ئەو دەستەیەی کە چاودێرییەکە دەکات، هەروەکو پێشتر بینیمان، دەستەی چاودێری لە ڕێگای دامەزراندنەوە، یان لە ڕێگەی هەڵبژاردنەوە پێکدێت. جا ئەگەر هاتوو لە ڕێگەی دامەزراندنەوە پێکهات ئەوا مۆرکێکی سیاسی زاڵ دەبێت بە سەریدا، ئەمەش وادەکات کە سەربەخۆیی و بێ لایەنیەکەی زامن نەبێت بۆ ئەوەی بە ڕۆڵی چاودێرییەکەی هەستێ.
ت- یەکێک لەو ڕەخنانەی لە سیستەمی چاودێری سیاسی دەگیرێت، ئەوەیە کە ڕێگە بە تاکەکان نادات بە نادەستووری تانە لە یاساکان بدەن.

## ٢- چاودێریکردنی دادوەری لە سەر دەستووریێتی یاساکان

لە ڕاستیدا قسەکردن لە سەر پرەنسیپی شکۆی دەستوور (سمو الدستور) هیچ سوودێکی نابێت ئەگەر بێت و سزایەک نەبێت بە سەر ئەو کەسەدا بسەپێندرێت کە دەستدرێژی کردۆتە سەر ئەو پرەنسیپە و سەرپێچی بنەما دەستوورییەکانی کردووە، جا بۆ ئەوەی پرەنسیپی شکۆی دەستوور بپارێزرێت، پێویستە کار بە پرەنسیپێکی تریش بکرێت ئەویش پرەنسیپی چاودێریکردنە لە سەر دەستووریێتیی یاساکان. جا لە سەر ئەو بنەمایە ئەو بنچینە یاساییانەی کە سەرپێچی دەقەکانی دەستووریان کردووە بە پووچەڵ (باگل) هەژمار دەکرێن.

شایەنی ئاماژەبۆکردنە، چاودێریکردن لە سەر دەستووریێتی یاساکان بەدی ناکرێت مەگەر ئەو دەستوورەی کاری پێ دەکرێت جێگیر بێت، وە ناشکرێ باسی چاودێریکردن لە سەر دەستووریێتی یاساکان بکەین، ئەگەر هاتوو دەستوورەکە ناجێگیربێت، چونکە دەستووری ناجێگیر (الدستور المرن) لە ڕووی شکۆی شێوەییەوە هیچ جیاوازییێکی لەگەڵ یاسای ئاساییدا نیە، بۆیە ئەگەرهاتوو یاسای ئاسایی سەرپێچی دەقێکی دەستووری ناجێگیری کرد، لەو حاڵەتەدا ئەو سەرپێچیکردنە بە هەموارکردنی ئەو دەقە دەستووریە دادەندرێت.
بۆ چاودێریکردن لە سەر دەستووریێتی یاساکان دوو ڕێگای جیاواز هەن، یەکێکیان سیاسییە، ئەوەی تریش دادوەرییە، لە پاڵ ئەم دوو ڕێگایەشدا، بۆ چاودێریکردن لە سەر چاودێریکردنی یاساکان ڕێگایەکی تریشمان هەیە، بەڵام لەچاو دوو ڕێگایەکەی پێشوو کاریگەریی کەمترە، ئەو ڕێگایەش بریتیە لە چاودێری جەماوەری کە لە ڕێگەی حیزب و کۆمەڵە و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنیەوە بە دروستکردنی ڕای گشتی لە بارەی ئەو یاسایانە ئەنجام دەدرێت.

## سەرهەڵدانی چاودێریکردنی دادوەری لە سەر دەستووریێتی یاساکان:

بۆ یەکەمین جار چاودێریکردنی دادوەری لە سەر دەستووریێتی یاساکان لە وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا پێش جیابوونەوە و سەربەخۆبوونی لە ئینگلتەرا سەری هەڵدا، هەر ویلایەتێک لە ویلایەتەکانی دەسەڵاتی دانانی یاسایان هەبوو، بەڵام ئەم دەسەڵاتەیان ڕەها نەبوو، بەڵکوو سنووردار بوو بەو فەرمانانەی کە لە لایەن پاشای بەریتانیاوە دەردەچوون، یان ئەو یاسایانەی کە پەرلەمانی ئیمپراتۆرییەت دەری دەکردن، جا ئەو فەرمانانەی پاشا دەری دەکردن هەورووەها ئەو

یاسایانەی کە پەرلەمانی ئیمپراتۆرییەت دەری دەکردن، لە سەرووی هەموو ئەو یاسایانەوە بوون کە پەرلەمانی ویلایەتەکان دەریان دەکردن.
بەم شێوەیە دادگای ویلایەتەکان ئەو یاسایانەیان جێبەجێ نەدەکرد کە ناکۆک بوون لەگەڵ فەرمانەکانی پاشا یان ئەو یاسایانەی کە پەرلەمانی ئیمپراتۆرییەت دەری دەکردن. بە مانایەکی تر، دادگای ویلایەتەکان، یاسای ویلایەتەکانیان جێبەجێ نەدەکرد، ئەگەر هاتوو سنووری دەسەڵاتی خۆیان بەزاندبێت.
ئەو یاسایانەی کە ویلایەتەکان دەریان دەکردن، لە لەندەن لە بەردەم ئەنجوومەنی پاشا تانەیان لێ دەدرا، ئەگەر هاتوو ئەو سنوورەیان بەزاندبێت کە لەلایەن پاشا، یان ئیمپراتۆریەتەوە بۆیان دیار کراوە. بەم پێیە ئەو ئەنجوومەنە چاودێریی لە سەر دەستووریێتی ئەو یاسایانە دەکرد کە ویلایەتەکانی ژێر دەسەڵاتی ئینگلتەرا دەریان دەکردن، بۆیە ئەو یاسایانەی هەڵدەوەشاندنەوە کە لەگەڵ فەرمانی پاشایەتی، یان یاساکانی ئینگلتەرا ناکۆک بوون.
ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەخات کە لە ویلایەتەکانی ئەمریکا پێش دامەزرانی ئەمریکا لەساڵی ١٧٧٩، پێشینەی چاودێریکردن لە سەر دەستووریێتی یاساکان هەبووە، ئەمەش کاریگەرێتییێکی زۆری لە سەر گەڵاڵە بوونی بیرۆکەی چاودێریکردنی دادوەری لە سەر دەستووریێتی یاساکان هەبوو.

## چەمکی چاودێریکردنی دادوەری لە سەر دەستووریێتی یاساکان:

دادوەرەکان لە کاتی یەکلایی کردنەوەی ئەو کەیسانەی کە بۆیان بەرز کراوەتەوە، بە چاودێریکردنی دەستووریێتیی یاساکان دەکەن. ئەمەش خۆی لەوە دەبینێتەوە کە دادوەرەکان بەرلەوەی یاسایەک جێبەجێبکەن،

لێی دەکۆڵنەوە تا چەند پەرلەمان لە دەرکردنیدا پابەندی دەستوور بووە، یان بە پێچەوانەوە.
بە مانایەکی تر، دادگا بەرلەوەی یاساکان جێبەجێ بکات لێیان دەکۆڵێتەوە، بۆ ئەوەی بزانێت ئایا لەگەڵ دەستوور کۆکن یان سەرپێچییان کردووە. جا ناوی چاودێریکردنی دادوەری لە سەر دەستووریێتی یاساکان لە ناوی ئەو دادگایەوە هاتووە کە بەم ئەرکە هەڵدەستێ، جا چ دادگایەکی ئاسایی بێت، یان دادگایەکی تایبەتی بێت کە تەنها ئەرکی چاودێریکردن بێت لە سەر دەستووریێتی یاساکان.
گومانی تێدا نییە هەرچەندی دادگا و دادوەران لە گەڕان بە دوای ئەو یاسایانەی کە پێچەوانەی حوکمەکانی دەستوورن سەربەخۆ بن و بوێربن، هێندە ئەم چاودێرییە لە سەر دەستووریێتی یاساکان کاریگەر ترو باشتر دەبێت.
یاسازانان لە سەر ئەوە کۆکن کە چاودێریکردنی دادوەری لە سەر دەستووریێتی یاساکان تەنها لە حاڵەتی بوونی دەستووری نووسراودا نەبێت بوونی نیە، لەم ڕووەوە یاسازانی فەڕەنسی (موریس دوفەرجی) دەڵێ: (چاودێریکردنی دادوەری لە سەر دەستووریێتی یاساکان تەنها لە حاڵەتی بوونی دەستووری جێگیردا دەبێت، چونکە دەستووری ناجێگیر لە یاسا ئاساییەکان بەرز تر نییە). هەروەها یاسازانی فەڕەنسی (عەمید لیۆن دیجی) دەلێ: (تەنانەت لەو وڵاتانەش کە پەرلەمان بنەمای دەستووری دادەنێت، بە پێی هەندێک ڕێکار و شێوازی تایبەت دایدەنێت، بۆیە یاسادانەری ئاسایی ناتوانێ سەرپێچی بکات، یان کاری پێ نەکات).
دوو جۆر چاودێرییکردنی دادوەری لە سەر دەستووریێتی یاساکان هەن، یەکێکیان چاودێرییکردنی هەڵوەشاندنەوەیە، ئەوەی تریش چاودێرییکردنی کارپێنەکردنە.

## أ-چاودێرییکردنی کارپێنەکردن (امتناع)

مەبەستمان لە چاودێرییکردنی کارپێنەکردن ئەو چاودێری کردنەیە کە دادگا لە کاتی دادگایی کردندا، بۆ یەکلایی کردنەوەی ئەو کەیسەی لە بەردەمیدایە ئەنجامی دەدات، بە شێوەیەک ئەو یاسایە پشتگوێ دەخات و کاری پێ ناکات ئەگەر هاتوو لەگەڵ حوکمەکانی دەستوور ناکۆک بوو بەڵکوو کار بە حوکمی دەستوور دەکات، چونکە لەو بەرز ترە. ئەم ڕێگایە یەکێک بوو لە ڕێگاکانی چاودێریی کردن بە سەر دەستووریێتی یاساکان کە لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پێڕەو دەکرا. ئەمەش لەو کاتەدا دەبێت، کە یەکێک لە لایەنە ناکۆکەکان لە بەردەم دادگا تانە لەو یاسایە دەدات، کە لە بەرزکردنەوەی کەیسەکە لە دژیدا، پشتی پێ بەستراوە. جا ئەگەر هاتوو دادوەر بۆی بەدەرکەوت یاساکە لەگەڵ دەستوور ناکۆکە، ئەو کاتە کاری پێ ناکات و پشتگوێی دەخات، ئەگەر بە پێچەوانەشەوە لەگەڵ دەستوور کۆک بوو، ئەوا لە دادگایی کردنەکەی بەردەوام دەبێت و کاری پێ دەکات.

چاودێییکردنی دادوەری بە ڕێگای دەفعکردن بە نادەستووریێتی یاسا، هۆکارێکی بەرگرییە و ئامانجەکەی ڕزگاربوونە لە چەسپاندنی یاسایەکی دیاریکراو بە بێ ئەوەی دەستی لێ بدات، لەکاتێکدا چاودێیکردن بە ڕێگای داوای ڕاستەوخۆ (واتە چاودێریی هەڵوەشاندنەوە) هۆکارێکی هێرشبەرە و ئامانجەکەی تانە دانە لە یاسایەکی دیاریکراو بە مەبەستی هەڵوەشاندنەوەی، چونکە پێچەوانەی حوکمەکانی دەستوورە.

ئەمەش واتای ئەوەیە کاتێک دادوەر هەست بە بوونی ناکۆکی دەکات لە نێوان یاسایەکی ئاسایی و حوکمەکانی دەستوور پێویستە ئەو دەقەی پلەی نزمترە پشتگوێی بخات و کار بەو دەقە بکات کە بەرزترە،

واتە چەسپاندنی دەستوور، لێرەشدا هیچ سەرپێچییێکی پرەنسیپی لێکجیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان بەدی ناکەین.
شایەنی ئاماژەبۆکردنە، لە دووتۆیی دەستووری ئەمریکیدا هیچ دەقێکی دەستووریی ئاشکرا نییە کە دانی بە چاودێرییکردنی دادوەری لە سەر دەستووریێتی یاساکان نابێت، بەڵام لە دەقی مادده (٦) بڕگەی (٢) دەستووردا جەختی کردۆتەوە کە (ئەم دەستوورە و ئەو یاسایانەش کە وڵاتە یەککگرتووەکان بە پشتبەستن بە دەستوور دەری دەکەن، هەروەها ئەو هەموو پەیماننامانەی کە لە ژێر دەسەڵاتی وڵاتەیەککگرتووەکان بەستراون، یانیش دەبەسترێن، یاسای باڵای وڵاتن، دەبێ گشت دادوەران لە هەموو ویلایەتەکان پابەندی بن، هەروەها کار بە هیچ دەقێکی دەستوور، یان یاساکانی هیچ ویلایەتێک ناکرێت، ئەگەر لەگەڵیدا ناکۆک بوون).
زۆرینەی یاسازانانی دەستووری ئەمریکی پێیان وایە، چاودێرییکردنی دادوەری لە سەر دەستووریێتی یاساکان بە پێی سروشتەکەی دەکەوێتە چوارچێوەی دەسەڵاتی دادوەرییەوە، بەو پێیەی کە دوورن لە فشاری سیاسی و سەرباری ئەمەش شارەزاییان لەم بارەیەوە هەیە.
هەرچەند هەندێک لە یاسازانان پێیان وایە، پێدانی ئەم دەسەڵاتە بە دەستەی دادوەرییەوە، دەستدرێژی کردنە لە سەر دەسەڵاتی یاسادانان، ئەمەش وای لێ دەکات ببێتە دەسەڵاتێکی سیاسی و بەرزتر بێت لە دەسەڵاتی گەل، کە خۆی لە پەرلەمان دەبینێتەوە.
بە پێی ئەم جۆرە چاودێرییە و لە کاتێکدا کە یەکێک لە دادگاکان حوکم لە سەر نادەستوورییەتی ئەو کەیسە دەدات، کە لە بەردەمیدایە، بەو حوکمەی کە دەیدات یاساکە هەڵناوەشێنێتەوە، بەڵکوو تەنها کاری پێ ناکات، بۆیە یاساکە وەکو خۆی دەمێنێتەوە و دادگایەکی تر دەتوانێ جێبەجێی بکات، هەروەها هەمان ئەو دادگایەش کە یاساکەی جێبەجێی نەکرد، دەتوانێ هەمان یاسا لە کەیسێکی تردا جێبەجێی

بکات، واتە هەنجەتی نادەستووریێتی حوکمەکە، ڕێژەییە و ئاکامەکانی تەنها پەیوەندیدار دەبێت بە لایەنەکانی ئەو داواکارییە، ئەگەر بێت و ئەو حوکمە بە نادەستووریێتی لە دادگای باڵای ئیتحادییەوە دەرنەچووبێت.
ئەم ڕێگایە بۆ چاودێریکردن لە سەر دەستووریێتی یاساکان، لەو وڵاتانەی کە دەستوورەکانیان دەقێکی ڕوون و ڕاشکاوی تێدا نییە ڕێگە بە دادگا بدات، بە سەرکەوتووترین شێواز دادەندرێت، بۆ ئەوەی چاودێریکردن لە سەر دەستووریێتی یاساکان بکات، لەو کاتەی کە سەیری ئەو داوایە دەکات کە بۆی بەرز کراوەتەوە، ئەگەر هاتوو یەکێک لە لایەنەکانی ئەو داوایە تانەی نادەستووریی بوونی لەو یاسایە دا کە دەبێ جێبەجێ بکرێت.
دادگای میسری لە کاتی بەرکاربوونی دەستووری ساڵی ١٩٥٦ و ١٩٥٨ دا، وێڕای ئەوەی ئەو دوو دەستوورە هیچ دەقێکی تیبیا نەبوو بۆ ڕێکخستنی چاودێریکردن لە سەر دەستووریێتی یاساکان، بەڵام ئەوان پەنایان بردە بەر ئەم شێوازە و بەکاریان هێنا.

## ب-چاودێریکردنی هەڵوەشاندنەوە

ئەم جۆرە چاودێرییە ڕێگا بە هەندێک دادگا دەدات کە یاسای نادەستووری هەڵوەشێنێتەوە و کاری پێ نەکات، جا ئەگەر هاتوو دادگا پێش دەرچوونی یاساکە ئەم بڕیارەی دا، پێی دەوترێ چاودێریکردنی پێشینە (الرقابە المسبقە)، ئەگەر دوای دەرچوونی یاساکەش بڕیاری دا، پێی دەوترێ چاودێریکردنی دوایینە (الرقابە اللاحقە). جا لەبەر مەترسی ئەو ئاکامانەی لە دەرکردنی ئەو بڕیارە دەکەوێتەوە، کە خۆی لە هەڵوەشاندنەوەی ئەو یاسایانە دەبینێتەوە کە پەرلەمان دەریان دەکەن، بۆیە وڵاتان ئەم دەسەڵاتەیان تەنها بە دادگایەکی باڵای

دەستووریی تایبەتمەند، یان باڵاترین دادگای دەوڵەت داوە. ئەمەو زۆربەی وڵاتان ڕێگا بە هەر هاوڵاتییێک نادەن ڕاستەوخۆ تانە لە نادەستووریێتی یاساکان بدات، بەڵکوو هەندێکیان ڕێگایان داوە کە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لە بەردەم هەندێک دادگادا تانە لە نادەستووریێتی یاسا بدەن، جا ئەو دادگایەی لە بەردەمیدا تانە لە نادەستووریێتی یاساکە دراوە، ئەگەر هاتوو لەو بڕوایەدابوو کە یاساکە نادەستوورییە بە نادەستووریی یاساکە هات، ئەوکاتە بۆ دادگای دەستووری شکۆی دەکاتەوە.
شایەنی ئاماژەبۆکردنە، سەرباری لایەنە باشەکانی چاودێریی دادوەری بە ڕێگای داوای ڕاستەوخۆ (واتە چاودێریی هەڵوەشاندنەوە) لە لایەن هەندێک یاسازانەکانەوە ڕەخنەی لێ گیراوە، گرنگترین ئەم ڕەخنانە خۆی لەوە دەبینێتەوە کە ئەم ڕێگایە دەرچوونە لە سنووری ئەرکی دادگا و دەیخزێنێتە ناو بواری یاسادانان و دەبێتە هۆی بەفیڕۆدانی کاری دەسەڵاتی یاسادانان، ئەمەش بە مانای دەستوەردان دێت لە پرەنسیپی لێکجیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان. ئەمەو پێدانی دەسەڵاتی هەڵوەشاندنەوەی یاسا بە دادگا، پێگەیەکی بەهێز و کاریگەرییێکی گەورەی بەرامبەر دەسەڵاتەکانی تری دەوڵەت پێ دەبەخشێت، بە تایبەتی بەرامبەر دەسەڵاتی یاسادانان.
عێراق یەکێکە لەو وڵاتانەی کە لە سەردەمی دەستووری ساڵی ١٩٢٥ کاریان بەم شێوازی چاودێریکردنە کردووە، دەسەڵاتی پشکنینی دەستووریێتی یاساکانی بە دادگایەکی باڵا دابوو، هەروەها مافی تانەلێدانی بە نادەستووریێتی یاساکان تەنها بە دەسەڵاتی جێبەجێکردن دابوو.
ئەمەش بووە مایەی ڕەخنەگرتن، چونکە هاوڵاتێدانی بێبەش کرد لە زامنکردنی ڕێزگرتنی دەستوور کە ماف و ئازادییەکانی تێدایە.

دەستووری ئیتاڵی ساڵی ١٩٤٧ کاری بەم شێوازە کردووە و بڕیاری داوە بە پێکهێنانی دادگایەکی دەستووری کە لە پانزە دادوەر پێکهاتبێت و دەسەڵاتی هەڵوەشاندنەوەی یاسای نادەستووری هەبێت.
هەروەها دەستووری میسری ساڵی ١٩٧١ ئەرکی چاودێرییکردنی دەستووریێتی یاساکانی داوە بە دادگای باڵای دەستووری.
هەڵوێستی دەستووری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥ لە بارەی چاودێریکردنی دادگایی لە سەر دەستووریێتی یاساکان:
دەستووری عێراقی ئیتیحادی ساڵی ٢٠٠٥ دانی بە چاودێریکردنی دەستووریێتی یاسا و ڕێساکان ناوە، ئەم دەسەڵاتەشی داوە بە دادگای باڵای ئیتیحادی، هەروەکو لە مادده (٩٢) دا هاتووە و دەڵێ: (یەکەم: دادگای باڵای ئیتیحادی دەستەیەکی دادوەریی سەربەخۆیە لە ڕووی دارایی و بەڕێوەبردنەوە.
دووەم: دادگای باڵای ئیتیحادی لە ژمارەیەک دادوەر و پسپۆری فیقهی ئیسلامی و یاساناس پێک دێت، دیاریکردنی ژمارە و شێوازی هەڵبژاردن و کاری دادگاکە بە یاسا ڕێکدەخرێت بە زۆرینەی دوو لەسەر سێی ئەندامانی ئەنجوومەنی نوێنەران).
هەروەها لە مادده (٩٣) دا دەسەڵاتەکانی دادگای باڵای ئیتیحادی دەستنیشان کردووە و تێدایدا هاتووە:
((یەکەم: چاودێریکردنی ڕادەی دەستووریی بوونی یاسا و پێڕەوە کارپێکراوەکان.دووەم: لێکدانەوەی دەقەکانی دەستوور. سێیەم: یەکلایی کردنەوەی ئەو کێشانەی لە ئەنجامی جێبەجێکردنی بڕیارەکانی حکوومەتی ئیتحادییەوە دروست دەبن و ئەو بڕیار و پێڕەو و ڕێنمایی و ڕێوشوێنانەی لە دەسەڵاتی ئیتحادییەوە دەردەچن. یاساش ماف دەدات بە هەر یەکێک لە ئەنجوومەنی وەزیران و کەسانی خاوەن پلەو ئەوانی دی کە ڕاستەوخۆ لە دادگا ڕەخنە لەو بڕیارانە بگرن)).

لە دەقی مادده (٩٣) دا بۆمان دەردەکەوێت کە یاسادانەری دەستووری ئەو بۆشاییەی پڕ کردۆتەوە کە لە یاسای بنەڕەتی ساڵی ١٩٢٥ و دەستووری کاتی ساڵی ١٩٦٧ دا هەبوو، بەوەی کە ڕێگای دا بە تاکەکان بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەبەردەم دادگای باڵا تانە لە دەستووریێتی یاساکان بدەن.

دادگای باڵای ئیتیحادی لە تشرینی دووەمی ساڵی ٢٠٢٢ لە بڕیارێکیدا بە ژمارە (٢٣٠/ئیتیحادی/٢٠٢٢) بڕیاری بە نادەستووریی بوونی (مادده١٧) ی یاسای باری کەسێتی ژمارە (١٥) ی ساڵی ٢٠٠٨ هەموارکراو کە لە پەرلەمانی کوردستان دەرچووە، بۆ هەموارکردنەوەی یاسای باری کەسێتی عێراقی ژمارە (١٨٨) ی ساڵی ١٩٥٩ هەموارکراو، کە شوێنی بڕگەیەکی ماددەی ٤٠ لە یاسای باری کەسێتی عێراق ژمارە ١٨٨ی ساڵی ١٩٥٩ دەگرێتەوە. دادگای ئیتیحادی بۆ ئەم بڕیارەی پشتی بە بڕگەی (١) لە ماددەی (٢) لە دەستووری عێراق بەستووە، کە دەڵێت:

(یەکەم: ئیسلام ئایینی فەرمی دەوڵەتە و سەرچاوەی سەرەکی یاسادانانە:

أ- نابێت یاسایەک دابنرێت لەگەڵا حوکمە جێگیرەکانی ئیسلام ناتەبا بێت.

ب- نابێت یاسایەک دابنرێت لەگەڵ بنەما دیموکراسیەکان ناتەبا بێت.

پ- نابێت یاسایەک دابنرێت کە ناکۆک و ناتەبا بێت لەگەڵ ئەو ماف و ئازادییە بنەرەتیانەی کە لەم دەستوورەدا هاتوون.

دووەم: ئەم دەستوورە ناسنامەی ئیسلامی زۆرینەی گەلی عێراق دەپارێزێت، هەروەها تەواوی مافە ئایینییەکانی سەرجەم تاکەکان دەپارێزێت لە ڕووی ئازادی بیروباوەڕ و مومارەسەی ئایینییەوە).

بەو پێیەش لەمەودوا بە هۆکاری هێنانی ژنی دووەم، ژن مافی بەرزکردنەوەی داوای جیابوونەوەی نابێت. ئەمەش دەقەکەیەتی: ((بڕیارماندا بە نادەستووریێتی مادده هەژدەی یاسای ژمارە (١٥) ی ساڵی ٢٠٠٨ یاسای هەموارکردنەوەی یاسای باری کەسێتی ژمارە (١٨٨) ی ساڵی ١٩٥٩ هەموارکراو لە هەرێمی کوردستانی عێراق، کە لە لایەن ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان_عێراق دەرچووە. لە ڕۆژی دەرچوونی ئەم بڕیارە بە پشتبەستن بە حوکمەکانی مادده/٣٧/یەکەم لە نیزامی ناوخۆیی دادگای باڵای ئیتیحادی ژمارە (١) ی ساڵی ٢٠٢٢ کە تیایدا هاتووە (کاریگەری ئەو بڕیارەی کە لەلایەن دادگاوە دەرچووە، جگە لە دەقە سزاییەکانی تردا، لە بەرواری دەرچوونیەوە کاریگەر دەبێت، مەگەر بڕیارەکە بە پێچەوانەی ئەمە بڕیاری دابێت). ئەم بڕیارە بە زۆرینەی دەنگەوە وەک بڕیارێکی کۆتایی و پابەندکەر بۆ هەموو دەسەڵاتەکان بە پشتبەستن بە بڕگەکانی مادەکانی (٩٣ / یەکەم و ٩٤)ی دەستوور و ماددەکانی (٤ی یەکەم و دووەم)ی یاسای دادگای باڵای فیدراڵی ژمارە (٣٠) بۆ ساڵی ٢٠٠٥ کە بە یاسای ژمارە (٢٥) بۆ ساڵی ٢٠٢١ هەموار کراو دەرچووە و لە دانیشتنی بەرواری ٥ جەمادی یەکەمی ساڵی ١٤٤٤ کۆچی هاوتای ٢٠٢٢/١١/٣٠ی زاینی نووسراوەتەوە)) .

دەرچوونی ئەم بڕیارە لەلایەن شارەزایانی بواری یاسا لێکدانەوەی جیاوازی بۆ کرا، هەندێک پێیان وایە کە ئەم بڕیارە ناکۆکە لەگەڵ دەقی مادده/٤١ ی دەستووری عێراقی سەبارەت بەوەی عێراقییەکان ئازادن لە پابەندبوون بە باری کەسێتیان بەپێی ئاین و ئاینزا و بیروباوەڕ و هەڵبژاردنی خۆیان ، لەوانە کاوە مەحمود سکرتێری حیزبی شیوعی کوردستان لە ماڵپەڕی خۆی لە فیسبووک خوێندنەوەیەکی شیکاری بۆ ئەم بڕیارە کردووەو پشتگیری ئەم بۆچوونە دەکات، ئێمەش لەگەڵی هاوڕاین و پێمان وایە پەرلەمانی کوردستان پێشیلی دەستووری عێراقی نەکردووە بە هەموارکردنەوەی بڕگە یەکی ماددەی

٤٠ لە یاسای باری کەسێتی عێراق ژمارە ١٨٨ی ساڵی ١٩٥٩ . هەرچەندە من لەگەڵ کاوە مەحمود هاوڕانیم لەوەی کە بڕگە یەکی ماددە چل لە یاسای باری کەسێتی عێراق ژمارە ١٨٨ی ساڵی ١٩٥٩دژ بە مافی ژن بێت، بەوەی لە کۆمەڵگەی ئێمە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ڕێژەی ژن لەچاو نێرینە لە زیاد بووندایە، ئەمەش وا دەخوازێت ڕێگە لە فرە ژنهێنان نەگیرێت، چونکە لەلایەک بەشێکی زۆری ئەو کچانە بە قەیرەیی دەمێننەوەو ناتوانن هاوسەرگیری بکەن، ئەوە لە کاتێکدایە کە گەنجان لە بەر هۆکاری ئابووری و نادیاری داهاتوویان خۆیان بە دوور دەگرن لە پرۆسەی هاوسەرگیری، لەلایەکی تریشەوە دەرگاداخستن لە بەردەم فرەژنیدا لە ڕووی ئاساییشی نەتەوایەتیمانەوە زیانێکی زۆری لێ دەکەوێتەوەو ڕێژەی لە دایک بوون کەم دەبێتەوەو بەمەش دوور نیە دوای چەند ساڵێکی تر لە هەرێمی کوردستان لەچاو نەتەوەکانی تر ببینە کەمینە، بۆیە پێم باشە پەرلەمانی کوردستان بە بڕیارەکەی خۆیدا بچێتەوەو ڕێگا بە فرەژنی بدات و ئاسانکاری بۆ هاوسەرگیریکردن لەگەڵ بێوەژن و تەڵاق دراوان بکات.

شایەنی ئاماژەبۆکردنە، تەنها ئەم دوو دەقەی دەستووری عێراقی دژ بە یەک نین، بەڵکو زۆرێک لە بڕگە و ماددەکانی دەستوور دژ بەیەکن، بۆیە شتێکی چاوەڕوانکراوە لە داهاتوودا بە پاساوی نادەستووریی بوون، چەندین بڕیاری تری لەم شێوەیە دژی هەرێمی کوردستان دەربچێت.

هەروەها ئەم دادگایە لە پاڵ چاودێریکردنی دەستووریێتی یاساکان، بە پێی بڕگەکانی (٨،٧،٦،٥،٤) لە ماددە٩٣/ دەستوور هەندێک دەسەڵاتی تری هەیە، لەوانە تەماشاکردنی ئەو ناکۆکیانەی لە نێوان حکوومەتی ئیتیحادی و حکوومەتی هەرێمەکان و پارێزگاکان ڕوودەدات، هەروەها ئەو تۆمەتانەش یەکلایی دەکاتەوە کە دەدرێنە پاڵ سەرۆک کۆمار و

سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران و وەزیرەکان، هەروەها ئەنجامی کۆتایی هەڵبژاردنە گشتییەکانی ئەنجوومەنی نوێنەران پەسند دەکات.

## پێنجەم: پرەنسیپی لێکجیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان

دوای شۆڕشی فەڕەنسا تاکو ئێستا، پرەنسیپی لێکجیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان بۆتە یەکێک لە پرەنسیپە دەستوورییە بنەڕەتییەکان و سیستمی دیموکراتیی ڕۆژئاوای لە سەر دامەزراوە، لەبەرئەوەی ئەم پرەنسیپە تەنها لەگەڵ سیستمی حوکمڕانی پەرلەمانی دەگونجێت، لەبەر ئەوەی تەنها لە سیستەمی حوکمڕانیی پەرلەمانیدا دەسەڵاتەکان دابەش دەکرێن.
سەرچاوەی ئەم پرەنسیپەش دەگەڕێتەوە بۆ فەلسەفەی سیاسی سەدەی هەژدەهەم، کە وەکو چەکێک لە دژی ئەو حکوومەتە ڕەهایانە بەکارهات، کە پشتێدان بە چڕکردنەوەی دەسەڵاتەکان لە چنگی تاکە کەسێک بەستبوو، هەروەها هۆکارێکیش بوو بۆ ڕزگاربوونی گەلان لە پاشا ستەمکار و دەسەڵاتە ڕەهاکانیان.
پوختەی بیرۆکەی پرەنسیپی لێکجیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان بریتییە لە دابەشکردنی دەسەڵاتەکانی (یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەری) بە سەر چەند دەستەیەکی جیاو یەکسان، هەر یەکێک لەو دەستانە بە سەربەخۆیی کارو چالاکییەکانی خۆی دەکات، بۆ ئەوەی دەسەڵات لای کەسێک چڕ نەبێتەوە و خراپ بەکاری نەهێنێت، کە ببێتە مایەی ستەم کردن لە هاوڵاتێدان و پێشێلکردنی ماف و ئازادییەکانیان.
ئەگەر ئەمە کرۆکی بیرۆکەی پرەنسیپی لێکجیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان بێت، مانای ئەوە نییە کە دەبێت دیوارێک لە نێوانیاندا هەبێت و بەتەواوەتی لە یەکتریان جیا بکاتەوە، بەڵکوو دەبێت جۆرێک لە هەماهەنگی لە نێوانیاندا هەبێت، هەروەها هەر یەکێک لەو

دەسەڵاتانە، چاودێر بێت بە سەر دەسەڵاتەکانی تردا لە چوارچێوەی ئەو دەسەڵاتەی کە بە پێی دەستوور هەیەتی.

## سەرهەڵدانی پرەنسیپی لێکجیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان:

## یەکەم: پرەنسیپی لێکجیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان پێش تیۆری مۆنتسکیۆ

بۆ قسەکردن لە سەر پرەنسیپی لێکجیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان پێش دەرکەوتنی مۆنتسکیۆ و تیۆرەکەی، پێویستە لە فکری سیاسیی کۆن بەدواداووچوون بۆ ڕەگ و ڕیشەی ئەم تیۆرە بکەین، مەبەستمان فەلسەفەی یۆنانییەکانە، بە تایبەتی ئەفلاتون و ئەرستۆ، هەروەها فکری سیاسیی نوێ، بە تایبەتی ئەزموونی دیموکراسییەت ئینگلیزی لە سەدەی حەوتەم.

### ١-پرەنسیپی لێکجیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان لە فکری سیاسی کۆندا

### أ-پرەنسیپی لێکجیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان لای ئەفلاتون (٤٢٧-٣٤٧ پ.ز)

لە سەردەمی کۆندا، ئەفلاتون پێی وابوو، پێویستە دەسەڵاتەکانی دەوڵەت لە یەکتری جیا بکرێنەوە، هەروەها ئەو دەستانەش لە یەکتری جیا بکرێنەوە کە پراکتیزەی دەکەن، بەڵام دەبێت هەموویان هەماهەنگی لەگەڵ یەکتری بکەن بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجەی کە دەوڵەت هەیەتی، کە بەدیهێنانی سوودی گشتییە بۆ گەل. جا بۆ ئەوەی دەسەڵاتەکانیان خراپ بەکار نەهێنن، هەر یەکێکیان دەبێتە چاودێر بە سەر ئەوی ترەوە.

ئەفلاتوون لە کتێبی (یاساکان) دا کارو وەزیفەکانی دەوڵەتی بە سەر چەند دەستەیەک دابەش کردووە، بۆ ئەوەی هەریەکێک لەو دەستانە پراکتیزەی وەزیفەیەکی دیاریکراو بکات، ئەم دەستانەشی بەم شێوەیە دەستنیشان کردووە: ئەنجوومەنی سەروەری (مجلس السیادە)، کە لە دە ئەندام پێک دێت و هەژموونی بەسەر گشت دەسەڵاتە گشتییەکانی دەوڵەت دەبێت.

کۆمەڵەیەک، گەورە ڕاوێژکار و یاسادانەران لە خۆی دەگرێت، ئەرکی سەر شانی ئەو کۆمەڵەیە پاراستنی دەستوور دەبێت لە دەستدرێژی حوکمڕانان، هەروەها سەرپەرشتی جێبەجێکردنی دەستوور دەکات.

ئەنجوومەنی پیران، کە لەلایەن گەلەوە هەڵدەبژێردرێت، ئەرکی ئەم ئەنجوومەنە دانانی یاسایە.

دەسەڵاتی دادوەری، لە چەند دادگایەکی پلە جیا جیا پێکدێت، ئەرکەکەی یەکلایی کردنەوەی کێشە و ململانێکانە.

دەستەی پۆلیس، ئەمن و ئاسایشی ناوخۆی دەوڵەت دەپارێزێت.

دەستەی سوپا، بەرگری لە وڵات دەکات لە هەر دەستدرێژییێکی دەرەکیدا.

بەم شێوەیە هەر دەستەیەک لەو دەستانە، سەرپەرشتی لە سەر کارێکی دیاریکراو دەکەن، هەر هەمووشیان لە پێناو بەدیهێنانی بەرژەوەندی گشتیدا هەماهەنگی لەگەڵ یەکتری دەکەن. بەم شێوازە حوکمڕانییە، بارودۆخی وڵات سەقامگیر دەبێت و ڕێگا لەو ستەمکارییە دەگیرێت کە لە حاڵەتی چڕبوونەوەی دەسەڵاتەکان بە دەست تاکە کەسێکەوە ڕوودەدات.

## ب-پرەنسیپی لێکجیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان لای ئەرستۆ (٣٨٤-٣٢٢ پ.ز)

فەیلەسووفی بەناوبانگ ئەرستۆ لە کتێبی (سیاسەت) دا دەڵێ: (گەل سەرچاوەی دەسەڵاتە، بۆیە نابێت بدرێت بە کەسێک یان کەمینەیەک لە گەل. بەڵکوو دەبێت بدرێت بە هەموویان، لە بەر ئەوەی یاسا گوزارشت لە ئیرادەی ئەوان دەکات، کەواتە دەبێت حوکمی ڕەفتارەکانی ئەوان بکات، بەمەش سەروەری بۆ گەل دەبێت).
بەڵام زۆری وەزیفەکانی دەوڵەت و هەمە جۆریان، وا دەخوازێت وەزیفە سەرەکییەکان بۆ چەند وەزیفەیەکی لاوەکی دابەش بکرێت، چونکە ئەم کۆمەڵە کەسەی کە خاوەنی سەروەرین لە ناو دەوڵەتدا، ناتوانن ئەم وەزیفانە هەموو بەیەکەوە ڕاپەڕێنن، ئەمەو کۆکردنەوەی ئەم هەموو دەسەڵاتە لای کەسێک دەبێتە هۆی گەندەڵی حوکمڕانییەکەی و دەیکاتە کەسێکی ستەمکار و بە کەڵکی ئەوە نایەت بەردەوام بێت لە حوکمڕانی. بۆیە پێویستە وەزیفەکانی دەوڵەت دابەش بکرێ بۆ سێ وەزیفەی سەرەکی و دابەش بکرێ بەسەر سێ دەستەی سەربەخۆ.

## ٢-پرەنسیپی لێکجیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان لە فکری نوێدا

### أ-پرەنسیپی لێکجیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان لای ئۆلیڤەر کرۆمۆیل (Oliver cromsell)

لە ڕاستیدا ئەم پێشکەوتنە نوێیەی کە پرەنسیپی لێکجیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان بە خۆیەوە بینوییەتی، دەگەڕێتەوە بۆ قوتابخانەی ئینگلیزی و ئەزموونی دیموکراسی ئینگلیزی، لە ئاکامی شۆڕی قەشەکان، سیستمی حوکمڕانی ئینگلتەرا لە پاشایەتی ڕەهاوە گۆڕا بۆ پاشایەتی سنووردار لە سەر بنەمای لێکجیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان. ئەوەش یەکەمین کارپێکردنە بە پرەنسیپی لێکجیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان. ئۆلیڤەر کرۆمۆیل ویستی زاڵ بێت بە سەر خۆسەپاندنی

پەرلەمان کە ماوەیەکی زۆری خایاندبوو، بۆیە دەسەڵاتی یاسادانانی لە دەسەڵاتی جێبەجێکردن جیا کردەوە و مکوڕیش بوو لە سەر سەربەخۆیی دادگا.

### ب-پرەنسیپی لێکجیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان لای جۆن لۆک (١٦٣٢-١٧٠٤ ز)

جۆن لۆک یەکەمین کەس بوو کە لەبارەی پرەنسیپی لێکجیاکردنەوەی دەسەڵاتەکانی لە بەر ڕۆشنایی ئەو سیستمە پەرلەمانییەی کە دوای شۆڕشی ١٦٨٨ لە ئینگلتەرا دامەزرا نووسی . جۆن لۆک لە تیۆرەکەیدا ئەو ناکۆکییەی کە لە نێوان پاشا لە لایەک و پەرلەمانی ئینگلیزی لە لایەکی ترەوە هەبوو کاریان تێی کرد، بۆیە تیۆرەکەی لە بارەی لێکجیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان لە سەر ئەو بنەمایە دانا کە هەر سیستەمێکی حوکمڕانی ڕاست دەبێ پشت بە لێکجیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان ببەستێ. جۆن لۆک بیرو ڕاکانی لەم بارەیەوە لە کتێبەکەی (دوو نامە لە حوکمڕانی مەدەنیدا Two Treatises of Government) خستۆتە ڕوو.

### دووەم: تیۆریی مۆنتسکیۆ لە بارەی لێکجیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان

مۆنتسکیۆ لە کتێبی (گیانی یاساکان) دا باسی تیۆرەکەی خۆی کردووە و دەڵێ: (لە ناو هەر دەوڵەتێکدا سێ جۆری دەسەڵات هەیە، کە بریتین لە دەسەڵاتی یاسا دانان، دەسەڵاتی جێبەجێکردنی یاسای

گشتی، دەسەڵاتی جێبەجێکاری ئەو بابەتانەی کە پشت بە یاسای مەدەنی دەبەستێت).
پاش ئەوەی مۆنتسکیۆ ئەم سێ دەسەڵاتانەی لە یەکتری جیا کردەوە، بە پێویستی زانی بەسەر هەندێک دەستەی سەربەخۆدا دابەشیان بکات، چونکە کۆکردنەوەی ئەو سێ دەسەڵاتە و خستنە بەردەستی تاکە کەسێک، دەبێتە مایەی گەندەڵی دەسەڵات و سەرپێچی کردنی یاسا و دەستوور و چەوسانەوەی هاوڵاتێدان و زیان گەیاندن بە ماف و ئازادییەکانیان.

## لێکجیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان لە سیستەمی دەستووریی عێراقیدا:

لە ساڵی ٢٠٠٣ هەندێک گۆڕانکاری گرینگ لە سیستەمی سیاسی عێراقدا ڕوویاندا، یەکێک لەو گۆڕانکارییانە، کارکردن بوو بە پرەنسیپی (لێکجیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان). یاسای بەڕێوەبردنی کاروباری وڵات لە قۆناغی ڕاگوزاریی ساڵی (٢٠٠٤) لە ماددە (٤)دا، دەسەڵاتەکانی یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەری لە یەکتری جیا کردۆتەوە. هەروەها لە ماددە (٤٣) دا بڕیاری داوە کە دادگا سەربەخۆ دەبێت و بە هیچ شێوەیەک لە شێوەکان لە لایەن دەسەڵاتی جێبەجێکردنەوە بە وەزارەتی دادیشەوە، بەڕێوە ناچێت.
لەمەش بۆمان دەردەکەوێت کە یاسای بەڕێوەبردنی کاروباری وڵات لە قۆناغی ڕاگوزاریی ساڵی (٢٠٠٤) لە سەر بنەمای لێکجیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان دامەزراوە، واتە بوونی سێ دەسەڵاتی بنەڕەتی لە سیستەمی سیاسیی کە بریتین لە (دەسەڵاتی یاسادانان و دەسەڵاتی جێبەجێکردن و دەسەڵاتی دادوەری)، هەر دەسەڵاتێکیش بە پێی یاسا، لێهاتوویی و پسپۆری ئەسڵی و دیاریکراوی دەبێت، سەرەڕای سەربەخۆبوونی لە کارەکانیدا.

هەروەها دەستووری ساڵی (٢٠٠٥) یش لە سەر بنەمای لێکجیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان دامەزراوە و لە مادده (١) دا جەختی کردۆتەوە کە کۆماری عێراق دەوڵەتێکی ئیتحادییە، سەربەخۆو خاوەنی سەروەرییێکی بە تەواوەتییە، سیستەمی حوکمڕانی تێدایدا کۆمارییی پەرلەمانییە. هەروەها لە مادده (٥) دا هاتووە کە سەروەری بۆ یاسایە و گەل سەرچاوەی دەسەڵات و شەرعییەتەکەیەتی. لە مادده (٤٧) یشدا هاتووە کە دەسەڵاتەکانی ئیتیحادی لە دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەری پێک دێت و لە سەر بنەمای پرەنسیپی لێکجیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان کارو چالاکییەکانی دەکات.

شەشەم: پرەنسیپی بەشداریکردن لە کاروباری گشتی و مافی دەنگدان
لە مادده/٢٠ ی دەستووری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥ دا ئاماژە بەم پرەنسیپە کراوە و تێدایدا هاتووە: ((هەموو هاوڵاتییەک بە ژن و پیاوەوە مافی بەشداریکردنی لە کاروباری گشتی و شادبوون بە مافە سیاسیەکانیان هەیە لەوانە مافی دەنگدان و هەڵبژاردن و خۆپاڵاوتن)).

ئەمەو دەنگدان هۆکارێکی گرنگ و بنەڕەتییە، هاوڵاتێدان لە ڕێگای دەنگدانەوە دەتوانن کاریگەرییان لەسەر بڕیارەکانی حکوومەت هەبێت. لە ڕێگەی دەنگدانەوە هاوڵاتێدان دەتوانن خۆیان بۆ بەڕێوەبردنی کاروبارە گشتییەکانی دەوڵەت کاندید بکەن، یان یەکێک لە کاندیدکراوەکان هەڵبژێرن بۆ نوێنەرایەتی کردنیان لەو دەستەو دەزگایانەی کە لە ڕێگەی هەڵبژاردنەوە دادەمەزرێن بۆ دانانی یاساو دەرکردنی هەندێک بڕیاری گرنگ.

بە شێوەیەکی گشتی دەنگدان لە میانی پرۆسەی هەڵبژاردندا دەکرێت، جا چ لەسەر ئاستی نیشتمانیدا بێت، یان لەسەر ئاستی هەرێمێک بێت.

شایەنی ئاماژەبۆکردنە، هەڵبژاردنەکانی خۆجێیی، یان ئەوانەی لەسەر ئاستی شارەوانیەکاندا دەکرێن، هەمان گرنگی ئەو هەڵبژاردنانەیان هەیە کە لەسەر ئاستی نیشتیمانیدا دەکرێن.

## نەتەوە یەکگرتووەکان و مافی دەنگدان:

هەڵبژاردن بەشێکی گرنگی پرۆسەی دێموکراسییە، لەوانە گواستنەوەی دیموکراسی و جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامەکانی ئاشتی و چەسپاندنی دیموکراسی، نەتەوە یەکگرتووەکان ڕۆڵێکی سەرەکی دەبینێت لە پێشکەشکردنی یارمەتی نێودەوڵەتی بۆ ئەنجام دانی ئەم پرۆسە گرنگانە.
پێشکەشکردنی یارمەتی هەڵبژاردن لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە، لەسەر داوای ئەندامێکی دیاریکراوی پەیوەندیدار، یان لەسەر ڕاسپاردەی ئەنجوومەنی ئاسایش یان ئەنجوومەنی گشتی دابین دەکرێت. نەتەوە یەکگرتووەکان پێش ڕازیبوون لەبارەی پێشکەشکردنی یارمەتییەکانی، وڵاتانی ئەندام هەڵدەسەنگێنێت بۆ دڵنیابوون لەوەی کە یارمەتییەکان لەگەڵ پێداویستییە دیاریکراوەکانی وڵاتدا، یان بارودۆخدا بگونجێت، هەروەک ئەنجوومەنەکە چەندین جار جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە پێویستە هاوکاری نەتەوە یەکگرتووەکان بە شێوەیەکی بابەتێدانە و بێلایەنانە و سەربەخۆ و بە ڕێزگرتن لە سەروەری جێبەجێ بکرێت و بەوە بناسرێت کە بەرپرسیاریەتیی ڕێکخستنی هەڵبژاردن دەکەوێتە ئەستۆی وڵاتانی ئەندام.
لە ساڵی ١٩٩١ەوە زیاتر لە ١٠٠ دەوڵەت داوایان کردووە و یارمەتی هەڵبژاردنیان وەرگرتووە، کۆمەڵێک لە قەوارەی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕاسپاردەیان هەیە کە ئاماژە بە ڕووداوەکانی هەڵبژاردن دەکەن، کە

پشتگیری دەکەن، یان بە شێوەیەکی تر تێدایدا بەشداری دەکەن. هەروەها لەم مەیدانەدا کە کۆمەڵێک لایەنی کاراو جۆراو جۆر بە خۆیەوە دەبینێت، ئەنجومەنەکە بە بەردەوامی جەختی لەسەر پێویستیی هەماهەنگییەکی گشتگیر کردووە، بە سەرپەرشتی گونجێنەر (المنسق)، بەم پێیە ئەو لایەنەی کاری گونجاندنەکە دەکات، بەرپرسیارە لە سیاسەتی هاریکاریی هەڵبژاردنی نەتەوە یەکگرتووەکان لە وڵاتێکی داواکراودا و هێشتنەوەی تاکە لیستی هەڵبژاردنی شارەزایان کە دەتوانن بە خێرایی بڵاوبکرێنەوە لەکاتی داواکردنی هەر چالاکییەکدا.

ئەمڕۆ کۆمەڵێک قەوارەی نەتەوە یەکگرتووەکان هەن کە فەرمانەکانی پەیوەست بە ڕووداوەکانی هەڵبژاردنیان هەیە و بە شێوەیەک لە شێوەکان پشتگیری، یان بەشداری چالاکیەکانی هەڵبژاردن دەکەن لەم بوارە فرە ئەکتەرەدا، ئەنجوومەنی گشتی جەختی لەسەر گرنگیی هەماهەنگیی فراوانی سیستەم کردەوە و جەختی لەسەر ڕۆڵی سەرەکی سەنتەری هەماهەنگی پەرەپێدانی سیاسەتەکانی هاریکاری هەڵبژاردن و دانانی پێوەری هاوکاری هەڵبژاردن بۆ ولاتێک و پاراستنی تاکە لیستێکی شارەزا کردۆتەوە.

بەشی هاریکاریی هەڵبژاردن لە بەشی کاروباری سیاسی و ئاشتی سکرتارییەتی نەتەوە یەکگرتووەکان پشتگیری سەنتەری هەماهەنگی دەکات، هەروەها بەشەکە پێشنیازی بۆ سەنتەری هەماهەنگی دەکات لەسەر پێوەرەکانی دابینکردنی یارمەتی هەڵبژاردن کە لەلایەن ڕێکخراوەکەوە لەسەر داوای وڵاتانی ئەندام دابینکراوە و دوای هەڵسەنگاندنی پێویستییەکانی هەڵبژاردن هەروەها دابەشکارییەکە ئامۆژگاری دیزاینی توخمەکانی ئەرکی هەڵبژاردن، یان پڕۆژەی یارمەتیدان دەکات و یادەوەری دامەزراوەیی ڕێکخراوەکە و تاکە لیستی شارەزایان دەهێڵێتەوە. سەرەڕای ئەوەش، دابەشکردنەکە

بەرپرسیارە لە سیاسەتکردن لە جیاتی سەنتەری هەماهەنگی، بەشەکە ڕێنمایی سیاسی و تەکنیکی پێشکەش بە هەموو قەوارە نەتەوە یەکگرتووەکان دەکات کە بەشدارن لە هاوکاری هەڵبژاردن، لەوانە سیاسەتی هەڵبژاردن و ڕاهێنانی باش ئەگەر پێویست بکات، بەشی هاریکاریی هەڵبژاردن لە کاتی پێویستدا پشتیوانی سکرتێری گشتی و نێردراوەکانی دەکات هەروەها پشتیوانی نێردەی سیاسی و ئاشتی پارێزەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکات لە ڕێگاگرتن لە قەیرانەکانی هەڵبژاردن و دەستێوەردان تێدایدا.
مێژووی نەتەوە یەکگرتووەکان بەستراوەتەوە بە پرۆسەی هەڵبژاردنەوە، لە سەردەمی چاودێری و دارِماندا، نەتەوە یەکگرتووەکان سەرپەرشتی و چاودێری چەندین ڕیفراندۆمی ڕاوێژیی و ڕیفراندۆمی گشتی و هەڵبژاردنی لە سەرتاسەری جیهاندا دەکرد.
لە ماوەی ساڵانی ١٩٩٠کاندا نەتەوە یەکگرتووەکان چاودێری، یان ئەنجامدانی هەڵبژاردنی مێژوویی و ڕاوێژی جەماوەری کرد لە تیمۆری ڕۆژهەڵات ، ئەفریقای باشوور، مۆزامبیک، ئێل سالڤادۆر و کەمبۆدیا.
ئەم ڕێکخراوە بەم دواییانە یارمەتی تەکنیکی و لۆجستی گرنگی داوە لە هەڵبژاردنی زۆر وڵات لەوانە ئەفغانستان و سودان و عێراق و کۆماری ئەفریقای ناوەڕاست و کۆماری دیموکراتی کۆنگۆ و سیرالیۆن و نیپاڵ.
داواکارییەکان بۆ یارمەتیدانی هەڵبژاردنی نەتەوە یەکگرتووەکان لەزیادبووندایە، هەروەک چۆن پرۆسەکە لە ماوەی خۆیان و ئاڵۆزییەکاندایە چاودێری هەڵبژاردن کە چالاکییەکی سەرەکی بوو لە پشتگیری سەرەتایی نەتەوە یەکگرتووەکان، ئێستا دەگمەنە، لە کاتێکدا یارمەتی تەکنیکی بە شێوەیەکی بەرچاو زیادی کردووە. ئەم یارمەتیە لە نزیکەوە ڕێکخراوە لەلایەن کۆمەڵەی گشتی نەتەوە

یەکگرتووەکان و گەشە دەکات بۆ زنجیرەیەک بڕیار کە لەساڵی ١٩٩١ ەوە دراون.
هەرچەندە ئەو یارمەتییە هەڵبژاردنانەی کە نەتەوە یەکگرتووەکان پێشکەشیان کردووە پەرەی سەندووە بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ گۆڕانکاریی پێداویستیەکان و هەلومەرجی وڵاتانی ئەندام، بەڵام لەسەر بنەمای جاڕنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ دەمێنێتەوە، کە ئیرادەی ئەو خەڵکانەی کە بە هەڵبژاردنی دەوریی پاک و بێگەرد گوزارشتی لێ دەکەن، بناغەی دەسەڵاتی حکوومەت پێکدێنێت.
دوای ئەوەی ئاماژەمان بە گرنگترین پرەنسیپە گشتیەکانی دەستوور کرد، بە پێویستی دەزانین بە کورتی باسی جۆرێکی تر لە پرەنسیپی دەستووری بکەین کە سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ یاسای سروشتی و لە ناو دەستوور نانووسرێنەوە، بەڵکوو مرۆڤ لە ڕێگەی ئەقڵ و ویژدانیەوە هەستی پێ دەکات، هەندێک لە نووسەر و یاساناسان بە (پرەنسیپەکانی سەرووی دەستوور _ المبادیو فوق الدستوریە) ناوزەدیان کردووە.
ئەمەو دەتوانین بڵێین پرەنسیپەکانی سەرووی دەستوور ئەو کۆمەڵە بنەما و حوکمانەن کە پلەیان لە سەرووی پلەی بنەماو حوکمەکانی دەستوورە، ڕەهاو چەسپاو و باڵان، لە بەرامبەر هەموارکردن و هوڵوەشاندنەوەو لەکارخستندا پارێزراون، لە سەرووی دەستوورەوەن و سنوورداری دەکەن، ناکرێ بە بنەمای تری دەستووری سەرپێچییان بکرێت، دەبێ دادگای باڵای دەستووری ڕەچاویان بکات و جێبەجێیان بکات، هەرچەندە لە ناو دەستووریشدا دەقنووس نەکرابن.
شایەنی ئاماژبۆکردنە، لەو دەوڵەتانەی کە تازە دادەمەزرێن، یان لە ئەنجامی ڕاپەڕین و شۆڕش، یان هەر هۆکارێکی تر سیستەمی سیاسیان دەگۆڕێت و دەستوورەکەیان لە کار دەخسترێت، هێزو لایەنە سیاسیە نوێکان کە دەسەڵاتێدان لە وڵات گرتۆتە دەست، پێش ئەوەی

دەستووری نویٚ بۆ وڵات دابنێن، لە سەر چەند پرەنسیپێک ڕێک دەکەون، کە دەبێ یاسادانەری دەستووری لە کاتی دانانی دەستووردا پابەندیان بێت و مافی گشت هێزو لایەنەکان و هاوڵاتیێدان دەستەبەرکات بە چاوپۆشین لە قەوارەو پێگەکەی و ڕێژەی نوێنەرایەتی ئەو هێزو لایەنانە لە پرۆسەی سیاسیدا، بە تایبەتی لەو وڵاتانەی کە فرە پێکهاتەی نەتەوەیی و مەزهەبی و ئایینین. بۆ نموونە جەختکردنەوە لە سیستەمی عەلمانی لە تورکیادا کە لە ڕاستیدا ئەمە پرەنسیپێکی سەرووی دەستوورە و بەر لەوەی بێتە ناو دەستووری تورکیاوە لە لایەن هێزە سیاسیەکانی تورکیاوە بڕیاری لەسەر درابوو. هەروەها سازانی نیشتمانی بۆ بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی وڵات لە عێراقی نوێدا، کە پرەنسیپێکی سەرووی دەستوورەو بەر لە دانانی دەستووری ساڵی ٢٠٠٥ هێز و لایەنە سیاسیەکانی عێراق لە سەری ڕێککەوتوون.

## جۆرەکانی دەستوور:

### جۆرەکانی دەستوور لە ڕووی فۆرمەوە:

وەکو پێشتر ئاماژەمان پێ کرد، دەستوور بەرزترین یاسایە لە وڵاتدا، بنەما سەرکیەکانی شێوەی دەوڵەت و سیستمی حوکمڕانێتی و شێوەی حکوومەت دەستنیشان دەکات و دەستە گشتییەکان (یاسا دانان و جێبەجێکردن و دادوەری) لە ڕووی پێکهاتن و دەسەڵات و پەیوەندییەکانی نێوانیان ڕێک دەخات، هەروەها ماف و ئازادییە بنەڕەتیەکانی مرۆڤ دیاردەکات و کەفالەتی پاراستنیان دەکات.
دەستوور لە ڕووی نووسینەوەی، یان نە نووسینەوەی دابەش دەکرێت بۆ دەستووری نووسراو و دەستووری نەنووسراو، هەروەها لە ڕووی ڕێگای

هەمواركردنەوەیەوە دەبێتە دەستووری جێگیر و دەستووری ناجێگیر، هەروەها لە ڕووی ناوەڕۆکیشەوە بۆ دەستووری درێژ و دەستووری کورتکراوە، لە ڕووی ماوەی کارپێکردنیەوەش بۆ دەستووری کاتی و دەستووری هەمیشەیی دابەش دەبێت.

دەستووری نووسراو:

هەر دەستوورێک زۆربەی بنەماکانی لە ناو بەڵگەنامەیەک، یان چەند بەڵگەنامەیەکدا نووسرابێتەوەو لەلایەن یاسادانەری دەستوورییەوە دەرچووبێت، بە دەستوورێکی نووسراو دادەندرێت.

هزرمەندانی سەدەی هەژدە لەو باوەڕەدابوون کە دەستووری نووسراو لە دەستووری نەنووسراو باڵا ترە، بەهۆی وردەکاری و ڕوونی ئەو حوکمانەی لە خۆی گرتوون.

## دەستووری نە نووسراو:

بریتیە لە کۆمەڵێک بنەمای داب (عورف) کە بۆ ماوەیەکی زۆر کاریان پێ کراوە تاکو بوونەتە یاسایەکی سەپاوە (ملزم) و هەندێک جاریش بە دەستووری عورفی ناوزەد دەکرێت، چونکە عورف سەرچاوەی سەرەکی بنەماکانیەتی. نموونەی دەستووری نەنووسراو وەک دەستووری ئینگلیزی، لەوانەیە تاکە نموونەی دەستووری نەنووسراو بێت لەم سەردەمە.

پرۆفیسۆر کارە دیمالبرج (Carre de Malberg) پێی وایە دەبێ دەستوور هەردوو ڕەگەزی بابەتی و شێوەیی تێدابێت، بۆیە هیچ نرخێک بۆ عورفی دەستووری دانانێت و دەڵێ: ((هەرکاتێک دانەرەکان پەنا دەبەنە بەر عورف بۆ پاساو هێنانەوەی حاڵەتێک کە بە ڕاستی ڕوویداوە، ئەوە دەگەیەنێت کە ئەم حاڵەتە ڕاستەقینەیە بۆ پاساو کردنی

پێویستی به بنچینەیەکی یاسایی هەیە)). ئەو پرۆفیسۆرە پێی وایە لەو کاتەی کە دەستوور ڕێگایەکی دیاریکراو دیاردەکات بۆ هەموارکردنی، نابێت بنەمایەکی دەستووری لە ڕێگەی عورفەوە دابنرێت.
پرۆفیسۆر جولیا لافیریر (J.Laferriere) هەمان ڕای (کارە دیمالبرج) ی هەیە و پێی وایە نابێ دەستووری نووسراو لە ڕێگەی عورفەوە هەموار بکرێت، واتە تەنها ئەو ڕێکارانە دەگیرێنەبەر بۆ هەموارکردنی کە لە ناو دەستووردا ئاماژەی پێ کراوە.
شایەنی ئاماژەبۆکردنە، یاساناسی فەڕەنسی بەناوبانگ لیون دگی (L.duguit) بە پێچەوانەی ئەم دوو یاساناسە جیاوازی دەکات لە نێوان ئەو بنەما یاساییانەی کە لە لایەن یاسادانەرەوە دادەندرێن لەگەڵ ئەو بنەما یاساییانەی سەرچاوەیان ویژدانی کۆمەڵایەتی و دادی کۆمەڵایەتیە. ئەم یاساناسە پێی وایە یاسای بەرکار (القانون الوچعی) گوزارشت لە بنەمایەکی یاسایی ئەخلاقی دەکات، کە دەکرێت بە شێوەی نووسراو، یان عورفی بێت. لە درێژەی قسەکانیدا دەڵێ ((لێرەدا ڕۆڵی یاسادانەر لەگەڵ ڕۆڵی عورف، یان حوکمەکانی داداگا جیاوازی نییە و بۆ تەفزیلکردنی یاسای نووسراو بە سەر یاسای عورفی هیچ پاساوێک نییە)).

## دەستووری جێگیر و دەستووری ناجێگیر (الدساتیر الجامدة و الدساتیر المرنة):

دەستووری ناجێگیر: ئەو دەستوورانەن کە دەتواندرێت بە گرتنەبەری هەمان ئەو ڕێکارانەی کە بۆ هەموارکردنی یاسای ئاسایی دەگرترێنەبەر هەموار بکرێنەوە، واتە لە ڕێگەی دەسەڵاتی یاسادانان، وەک دەستووری کاتی عێراقی ساڵی١٩٧٠ کە لەلایەن ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش داندرابوو.

دەستووری جێگیر: ئەو دەستوورانەن کە پێویستە بۆ هەموارکردنەوەیان ڕێکاری توندتر لەو ڕێکارانە بگرترێنە بەر کە بۆ هەموارکردنەوەی یاسا ئاساییەکان دەگرترێنەبەر، وەک دەستووری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥.

دەستووری جێگیر ئەو دەستوورەیە کە ناکرێ بە هەمان ئەو ڕێکارانە هەمواربکرێتەوە کە بۆ هەموارکردنەوەی یاسایەکی ئاسایی دەگیرێنە بەر، بەڵام ئەم مانای ئەوە نیە کە دەستووری جێگیر بە هیچ شێوەیەک هەموار نەکرێتەوە، بەڵکوو دەکرێ هەموار بکرێتەوە، بەڵام بە گرتنەبەری هەندێک ڕێکاری تایبەت کە جیاوازییان لەگەڵ ئەو ڕێکارانە هەیە کە بۆ هەموارکردنەوەی یاسا ئاساییەکان دەگیرێنە بەر، بە زۆریش ئەو ڕێکارانە، کە بۆ هەموارکردنەوەی دەگرترێنە بەر توندترن لەو ڕێکارانەی بۆ هەموارکردنەوەی یاسا ئاساییەکان دەگرترێنە بەر، ئەمەو ئەم ڕێکارانەش لەناو دەستوورەکەدا دەقنووس دەکرێن.

جێگیربوونی دەستووریش دوو جۆری هەیە، جێگیربوونی ڕێژەیی و جێگیربوونی ڕەها. دەستوور بە جێگیربوویی ڕێژەیی دادەندرێت ئەگەر هاتوو دەقێکی وای تێدا بوو کە ڕێگربێت لە بەردەم هەموارکردنەوەی بۆ ماوەیەکی دیاریکراو لە ڕۆژی کارپێکردنیەوە. وەک دەستووری سووری ساڵی ٢٠١٢ کە لە مادده/ ١٥٣ دا هاتووە: ((نابێ سەیری داوای هەموارکردنەوەی دەستوور بکرێت پێش تێپەڕبوونی ماوەی دوو ساڵ بە سەریدا لە مێژووی بەرکاربوونیەوە))، هەورووەها دەستووری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥ لە بڕگەی دووەمی مادده/١٢٦ دا هاتووە: ((نابێت ئەو بنەما بنەڕەتێدانەی لە بەندی یەکەم و ماف و ئازادییەکانی بەندی دووەم کە لەم دەستوورەدا هاتوون هەمواربکرێن مەگەر پاش دوو خولی هەڵبژاردنی ترو بە ڕزامەندی ٢/٣ ی ئەندامانی ئەنجوومەنی نوێنەران لەسەرەو ڕازی بوونی گەل لە ڕێگای ڕاپرسی گشتیەوە و پەسندکردنی سەرۆک کۆمار لە ماوەی حەوت ڕۆژدا)).

بەڵام جێگیربوونی ڕەها بە مانای قەدەغەکردنی هەموارکردنی دەستوور هەموو بڕگەو ماددەکانی دەستوور یان بەشێکی دێت. وەک دەستووری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥ لە بڕگەی چوارەم ماددە/١٢٦ دا هاتووە: ((نابێت هیچ هەموارکردنێک لەو ماددانەی دەستووردا ئەنجام بدرێت کە دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی ئەو دەسەڵاتانەی هەرێمەکان کە ناکەونە سنووری دەسەڵاتە تایبەتەکانی حکوومەتی ئیتحادییەوە تەنیا بە ڕەزامەندی دەسەڵاتی یاسادانانی هەرێمی پەیوەندیدار و ڕەزامەندی زۆرینەی دانیشتوانی لە ڕێگای ڕاپرسی گشتیەوە)).

## دەستووری درێژ و دەستووری کورتکراوە:

دەستووری درێژ: ئەو دەستوورانەن کە زۆر بابەتی جۆراو جۆر بە درێژی ڕێک دەخەن، وەک دەستووری هیندی ساڵی ١٩٥٠ و دەستووری یەکێتی سۆڤێتی پێشوو ساڵی ١٩٧٧.
دەستووری کورتکراوە: ئەو دەستوورانەن کە تەنها تیشک دەخەنە سەر ئەو بابەتانەی کە گرنگن بێ ئەوەی بینە ناو وردەکارییەکان، وەک دەستووری دەوڵەتی کوێت ساڵی ١٩٦١.
دەستووری کاتی و دەستووری هەمیشەیی:
دەستووری کاتی: ئەم جۆرە دەستوورانە بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی بارودۆخێکی لە ناکاو بۆ ماوەیەکی دیاریکراو دادەندرێن بۆنموونە کاتێک دەوڵەتێک سەربەخۆیی خۆی ڕادەگەیەنێت، یان بە گۆڕانی سیستەمە سیاسیەکەی، وەک یاسای بەڕێوەبردنی عێراقی بۆ قۆناغی ڕاگوزاری ساڵی ٢٠٠٤ کە لەلایەن پۆل برێمەری حاکمی مەدەنی ئەمریکای داگیرکەر داندرابوو.

**دەستووری هەمیشەیی:**
ئەو دەستوورانەن کە دادەندرێن بۆ ئەوەی کاریان پێ بکرێت، بەبێ ئەوەی هیچ کاتێکی بۆ دیار بکرێت، تا ئەو کاتەی پێویستییێک دێتە ئاراوە بۆ هەموارکردنەوەی، یان هەڵوەشاندنەوەی، وەک دەستووری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥.

**هەڵسەنگاندنی دابەشکردنی دەستوور بۆ دەستووری نووسراو و نەنووسراو:**

دەستووری نەنووسراو لە دەستووری نووسراو کۆنترە، ئەگەربێت و تا سەدەی هەژدەهەم دەستووری نەنووسراو ڕێسا بێت و دەستووری نووسراو ڕیزپەڕ بێت، ئەوا لە ناوەڕاستی سەدەی هەژدە بەو لاوە، ئەمە گۆڕانی بە سەردا هات و وردە وردە دەستووری نووسراو شوێنی دەستووری نەنووسراوی گرتەوەو بووە ڕێسا و دەستووری نەنووسراویش بووە ڕیزپەڕ. ئەم گۆڕانکارییەش لە ئەنجامی جموجۆڵی نووسینەوەی دەستوور سەری هەڵدا کە لایەنگرانی داوای نووسینەوەی دەستووریان دەکرد. بە ڕای ئەوان دەستووری نووسراو هۆکارێکە بۆ سنووردار کردنی دەسەڵاتە ڕەهاکانی حوکمڕان، بۆیە دەبێ دەستوور ڕوون و ئاشکرا بێت، ئەمەش نایەتە دی مەگەر نووسراو بێت.
ئەمە لە لایەک، لە لایەکی ترەوە عیبرەت بە جێبەجێ کردنی دەستوور و ڕێزیگرتنە لە بنەماکانی، بە پێچەوانەشەوە هیچ سوودێک لە نووسینەوەی وەرناگیرێت.

## دابی دەستووری (العرف الدستوری) :

## پێناسەو ڕایەڵەکان و جۆرەکانی

### یەکەم: پێناسەی داب و نەریتی دەستوور

دابی دەستووری بریتییە لە دووبارە کردنەوەی نەریتی کارکردن پێی لە لایەن دەستەیەک لە دەستە گشتیەکانی دەوڵەت تایبەت بە شتێک کە پەیوەندی هەبێت بە پیادەکردنی دەسەڵات و گواستنەوەی بە مەرجێک ئەو نەریتە سەپاوە بێت و پابەندبوون پێیەوە ببێتە ئەرک. وەک پرەنسیپی سازان (مبدأ التوافق) کە لە دوای ڕوخانی ڕژێمی بەعسەوە لە عێراقدا لە لایەن دەسەڵاتی سیاسیەوە وەک پرەنسیپێکی دەستووری بۆ پێکهێنانی دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی نوێنەران و پێکهێنانی حکوومەت کاری پێدەکرێت.
هەوەها دابەشکردنی هەرسێ سەرۆکایەتیەکەی عێراق لە نێوان پێکهاتەی شیعەو سونەو کورد لە ناو دەستووردا نەهاتووە، بەڵام لە دوای ڕووخانی ڕژێمی پێشوو و بەرکاربوونی دەستووری ساڵی ٢٠٠٥ تاکو ئێستا ئەم دابەشکردنە بۆتە دابێکی دەستووری و لە دوای هەموو خولێکی هەڵبژاردن ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق لە نێوان خۆیاندا بە سازان هەرسێ سەرۆکایەتییەکە دابەش دەکەن، سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەران بۆ سونە و سەرۆک کۆمار بۆ کورد و سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانیش بۆ شیعە دەبێت.

**دووەم: ڕایەڵەکانی دابی دەستووری (ارکان العرف الدستوری)**
**پێویستە دوو ڕایەڵی سەرەکی لە دابی دەستووریدا هەبن کە ئەمانەن:**

### أ- ڕایەڵی ماددی (الركن المادی)

ئەم ڕایەڵە خۆی لەو نەریتە دەبینێتەوە کە دەستەیەک لە دەستە گشتییەکانی دەوڵەت بۆ شتێک کە سروشتێکی دەستووری هەبێت پێڕەوی دەکات و لە سەری دەڕوات بەبێ ئەوەی دەستە گشتییەکانی تری دەوڵەت لارییان لێی هەبێت. ڕایەڵی ماددی پێویستە ئەم مەرجانەی تێدا بێت: (گشتگیری، دووبارەبوونەوە، ڕوونی، بەردەوامی و سەقامگیری، ماوە).

### ب- ڕایەڵی مەعنەوی (الركن المعنوی)

ئەم ڕایەڵە خۆی لە هەست و نەست و باوەڕی ئەو دەستە گشتێدانەی دەوڵەت و دەستەکانی تر دەبینێتەوە کە پێیان وایە سەپاوەیە و پێویستە پێڕەو بکرێت.

### سێیەم: جۆرەکانی دابی دەستووری

**دابی دەستووری سێ جۆری هەیە بەم شێوەیەی خوارەوە:**

### أ- داب و نەریتی لێکدانەوە (العرف المفسر):

ئەم دابە کە ئامانجی لێکدانەوەی دەقێکی دەستووریی ناڕوونە و مانا نادیارەکەی ڕوون دەکاتەوە، بەم شێوەیە بنەمایەکی نوێی دەستووری دروست ناکات بەڵکوو ناڕوونی بنەمایەکی دەستووری نووسراو ئاشکرا دەکات.

یەکێک لە نموونەکانی دابی لێکدەرەوە ئەو دابەیە کە لە ژێر سێبەری دەستووری فەرەنسی ساڵی ١٨٧٥ ز دروست بوو، ئەم دەستوورە لە مادە٣/ دا دەقنووسی ئەوەی کردووە کە سەرۆکی کۆمار جێبەجێکردنی یاساکان دەپارێزێت، بێ ئەوەی چۆنێتی کارکردن بەو دەقە دیار بکات، واتە ئەوەی بەدیارنەخستبوو کە چۆن سەرۆکی کۆمار جێبەجێکردنی یاساکان دەپارێزێت ، بەم شێوەیە لەپاڵ ئەم دەقەی دەستووردا دابێک دروست بوو، ڕوونی کردەوە کە پاراستنی جێبەجێکردنی یاساکان لە ڕێگەی دەرکردنی ڕێنماییەوە دەبێت بۆ جێبەجێ کردنی، بەم شێوەیە سەرۆکی کۆمار مافی ئەوەی هەبوو ئەم جۆرە ڕێنماییانە دەربکات بەو پێیەی کە ئەم مافە پەیوەندیدارە بەو دەسەڵاتە دەستووریانەی کە سەرۆک کۆمار هەیەتی بۆ پاراستنی جێبەجێکردنی یاسا.

**ب- دابی تەواوکەر (العرف المكمل):**

بریتیە لەو دابەی کە ئامانج لێی ڕێکخستنی بابەتێکی دەستوورییە کە هیچ دەقێکی دەستووریی نووسراو ڕێکی نەخستووە، بە مەرجێک نابێ لەم ڕێکخستنەدا شتێکی وای تێدا بیبێت پێچەوانەی حوکمی دەقەکانی دەستوور بێت، چونکە لەم حاڵەتەدا بەرامبەر دابی هەموارکەر دەبین نەک دابی تەواوکەر.
یەکێک لە نموونەکانی داب و نەریتی تەواوکەر ئاماژە بەو بنەمایە دەکەین کە ڕێگا نادات لە فەرەنسا ڕێککەوتن لە سەر قەرزی گشتی بکرێت مەگەر یاسایەک دەربچێت و ڕێگای پێ بدات، ئەم بنەمایە بە ڕاشکاویەوە لە دەستووری ساڵی ١٨١٥ ز دا هاتووە، بەڵام ئەو دەستوورانەی دواتر لە فەرەنسا دەرچوون دەقێکی وایان تێدا نەبوو، بەڵام سەرەڕای ئەوە بە پێی دابی دەستووری تەواوکەر کاری پێ کرا.

**ت-     دابی هەموارکەر (العرف المعدل):**

ئەو دابە دەستوورییەیە کە لە بابەتێکی دیاریکراودا هەموارکردنەوەی حوکمەکانی دەستووری لێ دەکەوێتەوە ، جا چ بە زیادکردن، یان لابردنی بەشێک لەو حوکمانەبێت. یەکێک لە نموونەکانی دابی هەموارکەر ئاماژە بەو دابە دەکەین کە لە فەرەنسادا کاری پێ کراوە بۆ ڕێگەپێدان بە دەسەڵاتی جێبەجێکردن لە لایەن پەرلەمانی فەرەنسیەوە بۆ دانانی بنەمای گشتی لە ڕێگەی دەرکردنی مەرسوومەکان بە یاسا. مادە١/ ی دەستووری فەرەنسی ساڵی ١٨٧٥ ز دەقنووسی کردووە کە پەرلەمان دەسەڵاتی یاسادانانی هەیە، ئەمەش مانای ئەوە دەگەیەنێت کە پەرلەمان بۆی نییە بەشێک لە دەسەڵاتەکانی خۆی بدات بە دەستە گشتیەکانی تر بەو دەسەڵاتە، بەڵام وێڕای ئەوە بە پێی دابی دەستووریی هەموارکەر پەرلەمانی فەرەنسی دەسەڵاتی دەرکردنی یاسای داوە بە دەستەی جێبەجێکردن.

**پ-     هەروەها ماددە٧٦/ بڕگەی یەکەم لە دەستووری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥ دا هاتووە:** (( سەرۆک کۆمار کاندیدی ئەو فراکسیۆنە پەرلەمانیەی زۆرترین ئەندامی هەیە ڕادەسپێرێت بۆ پێکهێنانی ئەنجوومەنی وەزیران لەماوەی پازدە ڕۆژ لە ڕێکەوتی هەڵبژاردنی بە سەرۆک کۆمار)). ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت حکوومەت لە سەر بنەمای زۆرینە پێکدێت، واتە حکوومەتی زۆرینە دەبێت نەوەک حکوومەتی سازان.
بەڵام وێڕای ئەمەش لە دوای دەرچوونی دەستووری ساڵی ٢٠٠٥ تاکو ئێستا لە عێراقدا کار بە پرەنسیپی سازان (مبدأ التوافق) کراوە بۆ

پێکهێنانی حکوومەت نەک گەورەترین قەوارەی ناو پەرلەمان، ئەمەش پێچەوانەی حوکمی ماددە/٧٦ ی دەستوورە.
کەواتە دەتوانین بڵێین پێکهێنانی حکوومەتی سازان لە عێراقدا لە ئێستادا بۆتە نەریتێکی دەستووری و ئەو پرەنسیپەش کە کاری پێ دەکرێ (مەبەستمان پرەنسیپی سازانە) بۆتە دابێکی هەموارکەری دەستووری و بە پشت بەستن پێی لە جیاتی حکوومەتی زۆرینە حکوومەتی سازان پێک دەهێندرێت.
شایەنی ئاماژەبۆکردنە، داهێنانی چەمکی دیموکراسی سازان (الدیمقراگیە التوافقیە) دەگەڕێتەوە بۆ زانای ئەمریکی لە بواری سیاسەت (ئارێند لیبهارت) کە بە ڕەچەڵەک هۆڵەندیە. ئەو زانایە لە میانی تاوتوێکردنی تیۆریی دیموکراسی لە کتێبەکەیدا بە ناوی (سیاسەتی گرتنەخۆ (سیاسە الاستیعاب)دا، ڕەخنەی لە کتێبەکانی ئەرستۆ و میل و جان جاک ڕۆسۆ گرتووە و زیاتر بایەخی بەو پۆلێن کردنەی دیموکراسی داوە کە زانای ئەمریکی (غابریل ئەلموند) بۆ ڕێکخستنی دیموکراسی پێشکەشی کردووە، بە مەبەستی گەشەپێدانی تیۆری دیموکراسی لەو کۆمەڵگایانەی کە لە ئاکامی فرە نەتەوەیی و مەزهەبی و ئایینیدا دابەش بوونە، ئەم هەوڵەی ئەریند لیبهارت پێی دەوترێ سیاسەتی گرتنەخۆ.
بەم شێوەیە دیموکراسی سازان بە پێی بۆچوونی لیبهارت بریتییە لە هاوپەیمانی نێوان نوێنەرانی گرووپە ڕەگەزی و ئایینیەکان بە مەبەستی بەشداریکردنی هەمووان لە پێکهێنانی حکوومەتدا.

دانانی دەستوور

یەکەم: شێوازەکانی دانانی دەستوور

مەبەستمان لە شێوازەکانی دانانی دەستوور ئەو ڕێگایانەن کە بۆ دانانی دەگیرێنە بەر، چونکە دەستوور لە هیچەوە دروست نابێت، بەڵکوو چەندین ڕێگا هەن بۆ دانانی، ئەمەو قسەکردن لە سەر دانانی دەستوور تەنها پەیوەستە بە دەستووری نووسراوەوە کە سەرچاوەکەی یاسادانانەە، واتە دەستووری نەنووسراو ناگرێتەوە، چونکە سەرچاوەکەی دابە.

یاسازانانی دەستووری کۆکن لە سەر ئەوەی کە شێوازەکانی دانانی دەستوور بۆ دوو جۆری سەرەکی پۆلین دەکرێن کە بریتین لە شێوازە نادیموکراسەکان و شێوازە دیموکراسەکان.

لە سەرەتای دروستبوونی وڵاتان حوکمڕان (پاشا بێت یان ئەمیر) بە تەنها موڵکدارێتی و پراکتیزەی دەسەڵاتی دەکرد، لەم حاڵەتەشدا دەستوور لە سەرەوە بۆ خوارەوە دادەبەزی، واتە لە حوکمڕانەوە بۆ گەل.

هەروەها لە سیستەمە نیمچە دیموکراسەکان شێوازێکی تر هەیە بۆ دانانی دەستوور کە پێی دەوترێ (شێوازی تێکەڵاو).

بەڵام دوای دەرکەوتنی پرەنسیپەکانی دیموکراسی، کە گەلی بە سەرچاوەی ڕاستەقینەی دەسەڵات دادەنا، گەل لە ڕێگای ئەنجوومەنێکی دامەزرێنەر، یان لە ڕێگای ڕاپرسی دەستوورییەوە بە تەنها دەستووری بۆ خۆی دادەنا.

**بەم شێوەیە شێوازەکانی دانانی دەستوور بۆ سێ جۆری سەرەکی دابەش کرا:**

**١- دانانی دەستوور به شێوازی نادیموکراسی**

به پێی ئەم شێوازە گەل دەستوور دانانێت، بەڵکوو ئەوەی دای دەنێت تەنها حوکمڕانە جا چ لە شێوەی پاداشت بێت، یان بە بەشداریکردن لەگەڵ گەل بەپێی گرێبەستێک. ئەو دووشێوازە شان بە شانی پێشکەوتنی سیستەمی پاشایەتی لە پاشایەتی ڕەهاوە بۆ پاشایەتی سنووردار سەری هەڵدا.

## أ- دەستوور وەک پاداشتێک

لەم حاڵەتەدا پاشا کە خاوەنی دەسەڵات و سەروەرییە بەویست و ئارەزووی خۆی بە تەنها دەستوور دەردەکات و وەک پاداشتێک پێشکەشی گەلی دەکات، یان ڕێگا دەدات بە گواستنەوەی دەسەڵاتەکانی لە دەسەڵاتێکی ڕەهاوە بۆ دەسەڵاتێکی سنووردار واتە حوکمڕانیی دەستووری. دەستووری فەڕەنسی ساڵی ١٨١٤ و دەستووری ئیتالی ساڵی ١٨٤٨ دوو نموونەی مێژووییین بۆ ئەو دەستوورانەی کە بە شێوازی پاداشت دەرچوونە. لە دیباجەی دەستووری فەڕەنسی ساڵی ١٨١٤ دا هاتووە: (لویسی هەژدەم بە ئازادی بە ئیرادەی پاشایەتی خۆی ئەم دەستوورەی بە گەل بەخشیوە.

## ب- دەستوور وەکو گرێبەست

یاسازانانی دەستووری بۆ دانانی دەستوور، شێوازی گرێبەست بە هەنگاوێکی گرنگ دادەنێن بەرەو دیموکراسی، بە پێی ئەم شێوازە دەستوور لە ئەنجامی ڕێککەوتنی حوکمڕان و گەل دادەندرێت بە شێوەیەک ئیرادەی گەل لە پاڵ ئیرادەی حوکمڕان دەبیندرێت.
یاسازانی دەستووری (لافریير Laffrriere ) دەڵێ: (ئەم شێوازە لە قۆناغێکی مێژوویی تایبەتیدا بەدیارکەوت، کە قۆناغی هاوسەنگییە

له نێوان دوو هێزدا، هێزی پاشاکان که بەرەو لاوازی دەچوو، بەڵام لەناو نەچووبوو، هەروەها هێزی گەل که گەورەتر بوو بوو، بەڵام بە تەواوەتی کۆنترۆلی دەسەڵاتی نەکردبوو).

بۆ نموونە لە ئینگلتەرا چینی پیاو ماقوڵان و پیاوانی ئایینی شۆڕشیان لە دژی پاشا (جۆن لاکلاند John lackland) کرد، لە ئاکامدا لە ساڵی ١٢١٥ لە ژێر فشاری شۆڕشگێڕان بە پێی پەیمانی گەورە (العهد الاعقم Magna Carta ) ناچار بوو پەیوەندی نێوان کەنیسە و ئەشرافەکان ڕێک بخات، هەروەها ناچاریان کرد دەست لە هەندێک دەسەڵات و ئیمتێدازەکانی بکێشێتەوەو ئازادیش بە هاوڵاتێدان ببەخشێت، هەروەها مافی پاشا لە سەپاندنی باج سنووردار بکات ، هەروەها ناچار کرا ڕێز لە سیستەمی سوێندخۆران (نقام المحلفين) و یاسای وڵات بگرێت.

دەستەی سوێندخۆران سیستەمێکە هاوڵاتێدان بە پێی ئەم سیستەمە دەتوانن داپەروەری کۆمەڵایەتی جێبەجێ بکەن، چونکە ئەم سیستەمە نوێنەرایەتی هاوڵاتێدان دەکات و لە پێکهێنانی دەستەی ئاراستەکردنی تاوان (هيئه الاتهام) یان دادگاییکردن یان هەردووکیان دەیانپارێزێت، بەو سیفەتەی هاوڵاتین نەوەک کەسانێکی شارەزا و پسپۆر، ئەو هاوڵاتێدانە لە ڕێگای پرۆسەیەکەوە هەڵدەبژێردرێن کە پێی دەوترێ هەڵبژاردنی سوێندخۆران و هەندێک پرسیار ئاراستەی ئەو کەسانە دەکرێ کە خۆیان بۆ ئەم مەبەستە کاندید کردووە بۆ لێکۆڵینەوە لە توانای بەشداریکردنیان لەو دەستەیەدا.

## ٢- دانانی دەستوور بە شێوازی تێکەڵاو:

بە پێی ئەم شێوازە لەو وڵاتانەی کە نیمچە دیموکراسن و تێدایاندا دەسەڵات لە نێوان حوکمڕان (کەسێک بێت یان کۆمەڵە کەسێک) و نوێنەرانی گەل دابەش دەکرێت، بەم شێوەیە دەستوور لە ڕێگەی بەڵێننامەیێک، یان گرێبەستێکەوە دەبێت کە گەل لە ڕێگەی نوێنەرەکانییەوە ئامادەی دەکات و دەخرێتە بەردەم حوکمڕان بۆ پەسند کردنی، جا دوای پەسندکردنی لەلایەن حوکمڕانەوە کاری پێ دەکرێت.
بۆ نموونە دەستووری فەڕەنسی ساڵی ١٨٣٠ کە لە لایەن کۆمەڵەی نیشتمانی ئامادەکراو خرایە بەردەم لویس فیلیب پاشای فەڕەنسا بۆ پەسندکردنی. هەروەها دەستووری بەلجیکا ساڵی ١٨٣١ ، هەروەها دەستووری کوێتی ساڵی ١٩٦٢ کە لە شێوەی گرێبەستێک لە لایەن ئەنجوومەنی نیشتمانی ئامادە کراو خرایە بەردەم ئەمیری کوێت بۆ پەسند کردنی.

## ٣-دانانی دەستوور بە شێوازی دیموکراسی

ئەم شێوازە گوزارشت لە سەرکەوتنی ئیرادەی گەل و گواستنەوەی سەروەری دەکەن لە حوکمڕانەوە بۆ گەل کە تەنها خۆی بۆتە خاوەنی سەروەری لە وڵاتدا.

**ئەو دەستوورانەی کە بە پێی ئەم شێوازە دادەندرێن، لە ڕێگای کۆمەڵەی دامەزرێنەر، یان ڕاپرسی جەماوەرییەوە دادەندرێن:**

### أ- شێوازی کۆمەڵەی دامەزرێنەر

به پێی ناوەڕۆکی ئەم شێوازە گەل لە ڕێگەی هەڵبژاردنەوە دەستەیەکی تایبەت هەڵدەبژێرێت کە بە ناوی خۆی و لەجیاتی گەل بە ئەرکی دانانی دەستوور هەڵدەستێ ، ئەم ئەنجوومەنەش بە ناوی ئەنجوومەنی دامەزرێنەر ناوزەد کراوە. ئەمەو دوای بڕیاردان لە سەری دەستوورەکە لە لایەن ئەنجوومەنی دامەزرێنەرەوە بە دەرچوو و بەرکار دادەندرێت بە بێ ئەوەی لە سەر پەسندکردن و ڕەزامەندی لایەنێکی تر ڕابووەستێ، هەروەها دەسەڵاتی یاسادانانی ئاسایی هەرچەندە هەڵبژێردراویش بێت بۆی نییە دەستوور دابنێت، چونکە ئەرکەکەی دانانی یاسای ئاساییە نەک دانانی دەستوور.
بەم شێوەیە ڕۆڵی کۆمەڵەی دامەزرێنەر بە کۆتا هاتنی دانانی دەستوور کۆتایی دێت، دوای ئەوە ئەنجوومەنێکی نوێ هەڵدەبژێردرێت کە ئەرکەکەی دانانی یاسایە لەو سنوورەی کە دەستوور بۆی داناوە.
وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا دوای سەربەخۆبوونی لە ئینگلتەرا ساڵی ١٧٧٦ کۆمەڵەیەکی دامەزرێنەری دانا بۆ دانانی دەستوورێک بۆخۆی. کۆمەڵەی ناوبراو لە کۆنگرەی فیلادیفیا لە ساڵی ١٧٨٧ دەستووری ئەمریکای دەرکرد.
ئەمەو شێوازی کۆمەڵەی دامەزرێنەر لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا گوێزرایەوە بۆ وڵاتانی تر.
بەڵام لە عێراق، ئەگەر تەماشای یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت بۆ قۆناغی ڕاگوزاری ساڵی ٢٠٠٤ بکەین، دەبینین لە مادە/٦١ دا هاتووە ئەنجوومەنی نیشتمانی (ئەنجوومەنی دامەزرێنەر) ڕەشنووسی دەستووری هەمیشەیی ئامادەدەکات لە ماوەیەک کە لە ٢٠٠٥/٨/١٥ تێنەپەڕێ، هەروەهاش دوای ئامادەکردنی ڕەشنووسەکە دەخرێتە بەر دەستی گەل بۆ ڕەزامەندی دەربڕین لەبارەیەوە، لە ڕێگای ڕاپرسی گشتیەوە. ڕاپرسییە گشتیەکە سەرکەوتوو دەبێت و ڕەشنووسی دەستوورەکەش بە پەسندکراو هەژمار دەکرێت دوای ڕەزامەندی زۆربەی

دەنگدەرانی عێراقی لە سەری، ئەگەر بێت و دوو لەسەر سێی سێ پارێزگا، یان زیاتر ڕەتی نەکەنەوە.
شایەنی ئاماژەبۆکردنە، ئەنجوومەنی نیشتمانی لە سەد ئەندام پێک هاتبوو، هەشتاو یەک ئەندامیان لە لایەن کۆنگرەی نیشتمانی عێراقیەوە هەڵبژێردرابوون، نۆزدە ئەندامیشی بریتی بوون لە ئەندامانی ئەنجوومەنی حوکم، ئەمەو ئەنجوومەنەکە لە کۆتایی کارەکانی کۆنگرەی نیشتمانی عێراقیدا هەڵبژێردران کە لە ڕێکەوتی ١٥ و ١٨ ی مانگی ئابی ساڵی ٢٠٠٤ بە ئامادەبوونی ١٣٠٠ نوێنەری هەموو بەشەکانی عێراق بەڕێوەچوو. ئەمەو ئەنجوومەنەکە نوێنەرایەتی فرەیی ئایینی و نەتەوەیی لە عێراقدا دەکرد، ٦٤ ئەندامی عەرەب و ٢٤ کورد و شەش تورکمان و دوو نوێنەریش بۆ نوێنەرایەتیکردنی هەر کەمینەیەک لە کەمینەکانی تر.
بەم شێوەیە دەبینین هەردوو شێوازی کۆمەڵەی دامەزرێنەر و ڕاپرسی دەستووری بۆ دانانی دەستووری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥ پیادە کراوە.

## ب- شێوازی ڕاپرسی دەستووری

ئەم جۆرە ڕاپرسییە تایبەتە بە بابەتە دەستووریەکان، ئەویش بە دەوری خۆی بۆ دوو جۆر دابەش دەکرێت، بریتین لە ڕاپرسی دامەزرێنەر و ڕاپرسی هەموارکەر.
ئەوەی پەیوەندیدارە بە ڕاپرسی دامەزرێنەرەوە، بریتیە لەو جۆرە کە تایبەتە بە بڕیاردان لە سەر پڕۆژەی دەستوور بۆ دەوڵەت، پڕۆژەکە سیفەتی قانوونی وەردەگرێت و دەردەچێت ئەگەر گەل ڕەزامەندی لە سەر بدات، بەڵام ئەگەر ڕەتیشی کردەوە لەو حاڵەتەدا وەک پڕۆژەیەکی دەستوور هیچ نرخێکی نابێت و جارێکی تر بۆ دەنگدان لە سەری، یان ڕەت کردنەوەی ناخرێتە ڕاپرسییەوە، هەروەها پڕۆژەکە لە لایەن

لیژنەیەکی حکوومی داندرابێت، یان لە لایەن کۆمەڵەیەکی دامەزرێنەری هەڵبژێردراو داندرابێت جیاوازی نییە و هیچ نرخی نابێت.
ئەم شێوازە گوزارشت لە دیموکراسییەتێکی ڕاستەقینە دەکات بە دانان بەوەی کە گەل خاوەنی دەسەڵات و سەروەرییە، جا بۆ ئەوەی ئەم شێوازە ئامانجەکەی بپێکێ، پێویستە گەل وشیاری هەبێت و بزانێت بۆچی ڕای ئەو گرنگە لەو ڕاپرسییەی ئەنجام دەدرێت، بە پێچەوانەوە ئەو ڕاپرسییە هیچ سوودێکی نابێت ئەگەر بێت و ئەو کەسەی ڕای وەردەگیرێت ڕەهەندەکانی نەزانێت.
شایەنی ئاماژەبۆکردنە، بۆ دانانی دەستووری زۆریک لە وڵاتان ئەم شێوازە پیادەکراوە، بۆ نموونە دەستووری فەڕەنسی ساڵی ١٩٥٨ و دەستووری میسری ساڵی ١٩٧١ بەم شێوازە داندراون.

**دووەم: ناوەڕۆکی دەستوور**

دەستووری وڵاتان لە نێوان خۆیاندا جیاوازن لە ڕووی ئەو پرەنسیپ و حوکمانەی کە لە خۆیان گرتوون هەروەها لە ڕووی ئەو ڕێگایەی کە گیراوەتە بەر بۆ چارەسەری هەریەکێک لەوانە، بۆ نموونە هەندێک دەستوور هەن زیاتر جەخت لە سەر لایەنی سیاسی دەکەنەوە کە پەیوەندی بە پراکتیزەکردنی دەسەڵاتەوە هەیە، لە بەرامبەر ئەوەدا دەستووری هەندێک وڵاتی تر وێڕای لایەنە سیاسییەکە بایەخ بە لایەنی ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و هەندێک شتی تریش دەدەن.
هەندێک دەستووریش هەن کورتن، وەک دەستووری ئەمریکی کە تەنها لە حەوت ماددە پێکهاتووە و بیست و شەش جاریش هەموار کراوەتەوە کە دواهەمینیان لە ١٩٩٢/٥/٧ بووە. هەندێک دەستووری تریش هەن

درێژن وەک دەستووری هیندی کە لە دیباجەیەک و بیست و دوو بەش پێک هاتووە و ٣٩٥ مادده و دوانزە خشتە لە خۆی دەگرێت و تاکو ئێستا ٩٤ جار هەموار کراوەتەوە.
دەستووری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥ هەرچەندە دەستوورێکی مام ناوەندیە لە چاو دەستووری ئەمریکی و دەستووری هیندی، بەڵام وێڕای ئەمەش کۆمەڵێک بابەتی دەستووری گرنگ هەن چارەسەری نەکردوونە و بۆ ئەنجوومەنی نوێنەرانی بەجێ هێشتووە کە بە یاسا ڕێکیان بخات، لەوانە پێکهێنانی دادگای باڵای ئیتیحادی و ئەنجوومەنی ئیتیحادی.
لە بڕگەی دووەمی مادده/٩٢ ی دەستووری عێراقی هاتووە: ((دادگای باڵای ئیتیحادی لە ژمارەیەک دادوەر و پسپۆری بواری فیقهی ئیسلامی و یاساناس پێکدێت. دیاریکردنی ژمارە و شێوازی هەڵبژاردن و کاری دادگاکە بە یاسا ڕێکدەخرێت بە زۆرینەی دوو لەسەر سێی ٢/٣ ئەندامانی ئەنجوومەنی نوێنەران)).
هەروەها لە مادده/٦٥ دا هاتووە: ((ئەنجوومەنێکی یاسادانان پێکدەهێندرێت کە بە (ئەنجوومەنی ئیتیحادی) ناو دەبرێت، نوێنەرانی هەرێم و ئەو پارێزگایانە لەخۆ دەگرێت کە ناکەونە سنووری هیچ هەرێمێکەوە، پێکهاتەو مەرجەکانی ئەندامێتی و بواری تایبەتمەندێتی ئەم ئەنجوومەنە و هەرچی پەیوەندیدارە بەم بوارەوە بە یاسا ڕێکدەخرێت بە زۆرینەی دوو لەسەر سێی ٢/٣ دەنگی ئەندامانی ئەنجوومەنی نوێنەران)).
ئەم دوو دەقە دەستوورییە ئەوەمان بۆ دەردەخات کە هەندێک بابەتی گرنگ هەن بۆ نموونە بە ناوی خۆ دوور خستنەوە لە درێژدادڕی دەستوور یاسادانەری دەستووری خۆی لە ڕێکخستنی پێکهێنانی ئەنجوومەنی ئیتیحادی و دادگای باڵای ئیتیحادی ناکرێت بدزێتەوە، چونکە ڕێکنەخستنیان لە ناو دەستووردا دەبێتە مایەی ناسەقامگیری و نائارامی و نانەوەی کێشە لە ناو دەوڵەتدا و بەمەش بۆشاییێکی

دەستووری دروست دەبێت. بۆ نموونە لە ڕۆژی دەرچوونی دەستووری عێراقەوە تاکو ئێستا زیاتر لە حەڤدە ساڵ تێپەڕیوە کەچی تاکو ئێستا یاسادانەری دەستووریی عێراقی نەیتوانیوە ئەم بۆشاییە دەستوورییە پڕبکاتەوە و یاسایەک بۆ ڕێکخستنی ئەنجوومەنی ئیتیحادی دەربکات. ئەمەش وای کردووە ئەنجوومەنی یاسادانان لە عێراقدا، ئەنجوومەنێکی ناتەواو بێت.

**لە خوارەوە باسی دەستوور دەکەین لە ڕووی ناوەڕۆکەوە:**

**١- دیباجە**

دەستوورە نوێیەکان زۆربەیان لە پێشەکی و ناوەڕۆک پێکهاتوون، لە پێشەکیدا جەخت لە کۆمەڵێک پرەنسیپ و بەها و ڕێنوێنی و ئامانجی بنەڕەتی کراوەتەوە کە وەک کۆڵەگەیەک و نەخشە ڕێگایەکن دەوڵەت لە سیاسەتی ناوەو دەرەوەیدا پشتێدان پێ دەبەستێت و لە سەریان دەڕوات. بەم شێوەیە دەتوانین بڵێین پێشەکی دەستوور ئەو بەڵگەنامەیەیە، کە کۆمەڵێک پرەنسیپ و ماف و ئازادی و ڕێنوێنی و فەلسەفەی سیاسی تێدا جاڕدراوە کە سیستەمی حوکمڕانێتی لە سەر وەستاوە.

ناوەڕۆکی ئەو پێشەکیانەش بە پێی بارو دۆخی هەر وڵاتێک لە دەستوورێکەوە بۆ دەستوورێکی تر دەگۆڕێت، بە تایبەتی بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری کە دەستوورەکەی تێدا دانراوە، بۆ نموونە، پێشەکی دەستووری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کە لە ڕێکەوتی ١٧٨٧/٩/١٧ دەرچووە، زۆر کورتە و لە شەش دێڕ ڕەت ناکات، بە پێچەوانەی دەستووری کۆنی فەرەنسا ساڵی ١٩٤٦ کە ئەو پێشەکییەی لە خۆی گرتووە زۆر درێژە، کۆمەڵێک ماف و ئازادییەکانی مرۆڤی لە

خۆ گرتووە، لەوانە مافە کۆمەڵایەتیەکان و مافەکانی ئافرەت و منداڵ و هاوکاری کۆمەڵایەتی و یەکسانی.
شایەنی ئاماژەبۆکردنە هەندێک دەستووریش هەن بێ پ َیشەکین، وەک دەستووری ئیتاڵی ساڵی ١٩٤٧.

## بەهای یاسایی پێشەکی دەستوور:

لەبەر ئەوەی پێشەکی دەستوور بە هەمان ئەو قۆناغانەدا تێپەڕیوە کە دەستوور لە کاتی دانانیدا تا دەرچوونی پێیدا تێپەڕیوە، بۆیە شتێکی لۆجیکییە کە ئەو پێشەکیە هەمان هێزی یاسایی ئەو دەقانەیان هەبێت کە لە ناو دەستووردا هاتوون. بەڵام وێڕای ئەم لۆجیکە، بیرو بۆچوونی یاسازانەکان لە بارەی بەهای یاسایی پێشەکی دەستووری فەڕەنسی ساڵی ١٩٤٦ لێک جیاواز بوو. هەندێک لە یاسازانەکان پێیان وابوو ئەو پێشەکییە بە دیدی یاسادانەری دەستووری هەمان بەهای ئەو دەقانەی نییە کە لە ناوەڕۆکی دەستوورەکەدا تۆمارکراون. ئەمەش مانای ئەوەیە کە پەرلەمان لە کاتی دانانی یاسادا  پێیان پابەند نابێت، بەڵام هەندێکی تر پێیان وابوو پێشەکی دەستووری ساڵی ١٩٤٦ هەمان هێزی ئەو دەقانەی دەبێت کە لە ناوەڕۆکی دەستوورەکەدا تۆمار کراون، چونکە دوای وشەی دەرچوون تۆمار کراون، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت ئەو کەسانەی کە ئەو دەستوورەیان داناوە، ویستوویانە لەگەڵ دەقەکانی تری دەستوور هەمان بەهای هەبێت.
یاسازانیی فەڕەنسی هۆکاری ئەم بۆچوونە جیاوازە دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی کە چاودێری لیژنەی دەستووری بەپێی دەستووری فەڕەنسی ساڵی ١٩٤٦ تەنها ناوەڕۆکی دەستوورەکە دەگرێتەوە، ئەمەش مانای ئەوەیە پێشەکی دەستوورەکە دوور کەوتۆتەوە لە دەسەڵاتی لیژنەی دەستووری بۆ چاودێریکردن لە سەر پڕۆژە یاساییەکان.

دەستووری ساڵی ١٩٥٨ بە پێچەوانەی دەستووری ساڵی ١٩٤٦ دەسەڵاتی چاودێریی کردنی لە سەر دەستووریێتی ئەو پڕۆژە یاسایانەی کە پێچەوانەی دەستوورن، داوە بە ئەنجوومەنی دەستووری، بە بێ ئەوەی پێشەکییەکە لە چاودێریکردن دوور بخاتەوە. بۆیە یاسازانانی فەڕەنسی هاوڕابوون لەسەر ئەوەی کە پێشەکی دەستووری ساڵی ١٩٥٨ هەمان هێزی یاسایی دەقەکانی تری دەستووری هەیە.
ئەنجوومەنی دەستووریی فەڕەنسیش لە بڕیاری ژمارە ٤٤٧١ لە ١٩٧١/٧/١٦ دا کە تایبەتە بە ئازادی دامەزراندنی کۆمەڵەکان، جەختی لە سەر ئەم بۆچوونە کردۆتەوە.
شایەنی ئاماژەبۆکردنە، ئەم بۆچوونە جیاوازەی یاسازانان سەبارەت بە بەهای یاسایی پێشەکی دەستوور دوای جەنگی جیهانیی یەکەم زیاتر قووڵ بۆوە، کاتێک وڵاتان جاڕنامەی ماف و ئازادییەکانیان خستە ناو دەستوورەکانیانەوە. **ئەمەش وای لە یاسازانان کرد بەهای یاسایی پێشەکی دەستوور دەستنیشان بکەن، لە ئاکامدا یاسازانەکان بە سەر چوار لایەن دابەش بوون بەم شێوەیەی خوارەوە:**

**لایەنی یەکەم:** یاسازانانی ئەم لایەنە پێیان وایە پێشەکی دەستوور بەهایەکی بەرزتری لە بنەماکانی تری دەستوور هەیە، ئەو یاسازانانەش بریتین لە (دوجێ، سلایس، دیبۆنت دینۆمبرۆس) پێیان وایە یاسادانەری دەستووری لە دیباجەدا ئەو پرەنسیپانە تۆمار دەکات کە بەشێکن لە ویژدانی گەلان و دەبێ ڕێزیان لێ بگیرێت، هەرچەندە دەقێکی ڕوون و ئاشکراش لە ناو دەستوورەکەدا نەبێت بۆ ڕێزلێگرتنیان.

**لایەنی دووەم:** بەشێک لە یاسازانانی دەستووری دانیان بە بەهای یاسایی دیباجەی دەستوور دانەنا، پێیان وابوو ئەوەی لە ناو دیباجەدا

تۆمار کراوە بریتیە لە هەندێک پرەنسیپی فەلسەفی کە هیچ بەهایەکی یاساییان نییە، واتە تەنها بەهایەکی مەعنەویان دەبێت.
ئەم بۆچوونە لە لایەن یاسازانان (کارە دمالبرج، جولیان لافیریر، عبدالحمید متولی) ڕەخنەی لێ گیرا، وتێدان ئیرادەی دەسەڵاتی دامەزرێنەری ئەسڵی کە دەستوورەکەی داناوە، هەر ئەویش بەهای یاسایی دەستووریێتی ئەو شتانە دەستنیشان دەکات کە لە ناو دەستوورەکەدا هاتوون، ئەوان بنەمای یاسایی دەستووری دادەنێن بۆ ئەوەی لەناو دەوڵەتدا جێبەجێ بکرێن، بیروڕایەکی فەلسەفی ڕووت دانانێن کە هیچ بەهایەکی سەپاوەی نەبێت.

**لایەنی سێیەم:** یاسازانانی ئەم لایەنە لە نێوانیاندا هەر یەکێک لە (ئەندرێ هۆریۆ، مۆریس هۆریۆ) پێیان وایە دیباجەی دەستوور بەهایەکی یاسایی ئەوتۆی هەیە کە هاوتایە لەگەڵ بەهای یاسایی دەقەکانی تری دەستوور.
ئێمەش پشتگیری ئەم بۆچوونە دەکەین و پێمان وایە دیباجەی دەستوور بەهایەکی یاسایی ئەوتۆی هەیە کە هاوتایە لەگەڵ بەهای یاسایی دەقەکانی تری دەستوور.

**لایەنی چوارەم:** یاسازانانی ئەم لایەنە جیاوازی دەکەن لە نێوان دەقە یاساییەکان و دەقە ڕێنوێنیەکان کە لە دیباجەی دەستووردا هاتوون، بەم شێوەیەی خوارەوە:

**١-دەقە یاساییەکان:** ئەم دەقانە بەوە لە دەقەکانی تر جیا دەکرێنەوە کە دیاریکراون، بۆیە دەکرێ دەمودەست جێبەجێ بکرێن، هاوڵاتێدان دەتوانن داوای بکەن بە بێ ئەوەی پێویست بکات یاسادانەر چۆنێتی جێبەجێکردنیان ڕێک بخات، ئەم دەقانە لە هەمان کاتدا دەبنە کۆت و

بەندێک پێویستە یاسادانەری ئاسایی و دەسەڵاتی دادوەری ڕێزیان لێ بگیرێت. بۆ نموونە وەک ئەو دەقانەی تایبەتن بە هزر و باوەڕ.
٢-دەقە ڕێنوێنیەکان: ئەم دەقانە بەوە لە دەقەکانی تر جیا دەکرێنەوە کە دیاریکراو نین، بریتین لە کۆمەڵێک ئامانج کە سیستەمی سیاسی کار دەکات بۆ بەدیهێنانیان، جا لە سەر ئەم بنچینەیە هاوڵاتێدان ناتوانن داوای جێبەجێکردنیان بکەن، چونکە دەبێ دەسەڵاتی یاسادانان یاسایان بۆ دەرکات و بیانخاتە بواری جێبەجێ کردنەوە. بۆ نموونە وەک مافی کارکردن و مافی خوێندن.
دوای ئەوەی بیروڕای یاسازانەکانمان لە بارەی هێزی یاسایی پێشەکی دەستوور خستەڕوو، بە پێویستی دەزانم ئاماژە بە بڕگەیەکی پێشەکی دەستووری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥ بکەم کە تێدایدا هاتووە: ((ئێمەی گەلی عێراق بە سەرجەم پێکهاتەکانیەوە بە تەواوی ویستی خۆمان بە ئازادانە و ئارەزوومەندانە بڕیاری یەکگرتنی ئارەزوومەندانەمان داوە...هتد)). هەروەها لە کۆتایی دیباجەکەدا هاتووە: ((پابەندبوون بەم دەستوورەش یەکێتی ئازادانەی گەل و خاک و سەروەری عێراق دەپارێزێت))، دانانی ئەم دەقە لە ناو دیباجەی دەستووردا لە کاتێکدایە کە هەرێمی کوردستان پێش ڕووخانی ڕژێمی پێشوو نیمچە سەربەخۆ بوو، بۆیە ئەم دەقە زیاتر سیاسییە نەک یاسایی، مەبەستیش لێی کۆتایی هێنان بووە بەو نیمچە قەوارە سیاسییەی کە لە دوای ڕاپەڕین وەک قەوارەیەکی دیفاکتۆ لە هەرێمی کوردستان دامەزرابوو، نەوەک بۆ شەرعیەتدان بە ئەگەری جیابوونەوە لە هەر کاتێکدا کە گەلی کوردستان بیەوێ.
ئەمەو ئەم دوو دەقە دوو لێکدانەوەی جیاوازی لە لایەن ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق و پەرلەمانی کوردستان هەروەها لەلایەن هەردوو حکوومەتی ئیتیحادی و حکوومەتی هەرێمی کوردستانی لێکەوتەوە. ئەوەبوو حکوومەتی هەرێمی کوردستان حکوومەتەکەی نوری مالکی

بە پێشێلکردنی دەستوور و سەپاندنی سزا بە سەر گەلی کوردستان و بڕینی بەشە بوودجەکەی تۆمەتبار کرد. کە ئەمەش وا دەکات ئەو یەکگرتنە ئارەزوومەندانەی کە لە دیباجەی دەستووردا ئاماژەی پێ کراوە کۆتایی پێ بێت، بە پاساوی پابەند نەبوونی حکوومەتی ئیتیحادی بە دەستوور، بۆیە گەلی کوردستانیش مافی خۆیەتی بۆ وەرگرتنی ڕای گەل، بە مانەوە لە چوارچێوەی عێراقدا، یان جیابوونەوە و جاڕدانی سەربەخۆیی بە بڕیاری خۆیدا بچێتەوەو ڕیفراندۆم ئەنجام بدات. لە ئاکامی ئەمەشدا پەرلەمانی کوردستان لە ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی ٢٠١٧/٩/١٥ بڕیاریدا بە ئەنجامدانی ڕیفراندۆم بۆ سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان.

وەکو دەزانین ئەنجامدانی ڕیفراندۆم نارەزایی ئەنجوومەنی نوێنەران و حکوومەتی ئیتیحادی و تەنانەت وڵاتە هەرێمایەتییەکان و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکای لێکەوتەوە. سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق (سەلیم جبوری) لە بەیاننامەیەکیدا دەڵێ: ((دەستوور ئەو حاڵەتانەی دەستنیشان کردووە کە ڕاپرسیان لەبارەیەوە دەکرێت، ڕیفراندۆمی کوردستان لە نێوان ئەو حاڵەتانەدا نییە و ئەنجامدانی ڕیفراندۆم لە ناوچە کێشە لەسەرەکانیش پێچەوانەی دەستوورە)). ئەمەو دادگای باڵای فیدراڵیش ڕۆژی ٢٠١٧/١١/٢٠ بڕیاریدا بە نادەستووریێتی ڕیفراندۆمەکە و هەڵوەشاندنەوەی ئاسەوارەکانی و ئەو ئەنجامانەی لێی کەوتوونەتەوە)).

هەروەها وەزیری دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا (ڕیکس تیلەرسۆن) لە چاوپێکەوتنێکیدا لە کەناڵی تەلەفزیۆنی (CNN) وتی: ((ئەو ڕیفراندۆمەی لە هەرێمی کوردستان بۆ جیابوونەوەی لە عێراق و ئەو ئەنجامەش کە لێی کەوتۆتەوە، ڕەوایەتی دەستوورییان نییە) ئەمەو ناوبراو لە درێژەی قسەکانیدا وتی: (ئێمە دان بە ئەنجامەکانی ئەم

ڕیفراندۆمە دانانێین و بەردەوام دەبین لە هاوکاریکردنی حکوومەتی عێراق بۆ پاراستنی یەک پارچەیی خاک و گەلەکەی).
لێرەدا بۆمان دەردەکەوێ بەهۆی نەبوونی دەقێکی ڕوون و ئاشکرا لە ناوەڕۆکی دەستوور کە ڕێگە بە ڕیفراندۆم بدات بۆ وەرگرتنی ڕای گەل لە مانەوە، یان جیابوونەوە لە چوارچێوەی عێراقدا، ئەم مشتو مڕەی لێ کەوتەوە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە لێکدانەوەی دەستەواژەکان بە پێچەوانەی چەمک (مفهوم مخالف) هیچ کاتێک جێگرەوەی دەقێکی ڕوون و ئاشکرا نابێت، ئەمە لە لایەک، لە لایەکی تریشەوە دیباجەی دەستووری عێراقی وێڕای ئەوەی دەقێکی وای تێدا نییە کە ئاماژە بە مافی گەلی کوردستان بدات بۆ چارەی خۆنووسین، لە هەمان کاتیشدا دەقەکانی زیاتر لە داڕشتنێکی ئەدەبی و مێژوویی و سیاسی دەچێت، نەک یاسایی، بۆیە نرخە یاساییەکەی دەکەوێتە ژێر پرسیارەوە.
یاسادانەری دەستووریی سودان جیاواز لە یاسادانەری دەستووریی عێراقی، لە دیباجەدا کۆمەڵێک ئامانجی بە کورتی و بە پوختی و بە ڕوونی تۆمارکردووە، یاسادانەر لە کاتی دانانی یاسادا هەروەها دەزگاکانی دەوڵەت لە کاتی ڕاپەڕاندنی چالاکییەکانیاندا پابەند کردووە کە بۆ بەدیهێنانیان کاربکەن، ئەمەو لە خاڵێکی سەربەخۆشدا پابەندبوونی خۆی بە ڕێککەوتننامەی ئاشتی نێوان دەوڵەت و هێزە بەرهەڵستکارەکانی تۆمار کردووە، کە تێدایدا ئاماژە بەوە کراوە دوای تێپەڕبوونی ماوەی پێنج ساڵ بەسەر دەرچوونی دەستووردا، دانیشتوانی باشووری سودان مافی ئەوەیان هەیە ڕیفراندۆم ئەنجام بدەن، بۆ بڕیاردان لە سەر مافی چارەی خۆنووسین، بەمەش ئەم دەستوورە کۆتایی هێنا بە ململانێیەکی سیاسی و چەکداری، ئەمەش دەقەکەیەتی: ((پابەندبوون بە ڕێککەوتننامەی ئاشتی گشتی، کە لە مانگی کانوونی دووەمی ساڵی ٢٠٠٥ ئیمزا کراوە ......هتد ))، ئەوەبوو لە ئەنجامدا لە ڕێکەوتی ٢٠١١/١/١٥ دانیشتوانی باشووری سودان لە

ڕێگای سندووقی دەنگدانەوە بڕیاریان لە چارەنووسی خۆیان دا و لە ڕێکەوتی ٧/ ٢٠١١/٢ ئەنجامی ڕیفراندۆم ڕاگەیاندرا و گەلی باشووری سودان سەربەخۆیی خۆیان بە دەست هێناو جیابوونەوە.

### ٣- ناوەڕۆک (متن)

ناوەڕۆکی دەستوور بە شێوەیەکی گشتی لە هەندێک بنەمای دەستووری پێکدێت کە شێوەی دەوڵەت و جۆری سیستەمی حوکمڕانێتی دیار دەکات هەروەها چۆنێتی پراکتیزەکردنی دەسەڵات لە ناو دەوڵەت ڕێکدەخات، سەرچاوە و شێوازی پراکتیزەکردنی دەسەڵات و پەیوەندی نێوان ئەو کەسانەی دەسەڵاتێدان گرتۆتە دەست لەگەڵ ئەو هۆکارانەی کە هاوسەنگی لە نێوان دەستە گشتیەکانی دەوڵەت بەدی دەهێنێت دیاردەکات. هەروەها ئەوانەش کە پەیوەندییان بە ماف و ئازادیە گشتیەکانەوە هەیە لە خۆی دەگرێت، ئەمەو لە کۆتاییشدا ئەو بابەتانە لە خۆی دەگرێت کە پەیوەندییان بە هەموارکردنەوە و هەڵوەشاندنەوەی دەستوور هەیە.

## سێیەم: لێکدانەوەی دەستوور

لێکدانەوە و شیکردنەوە سەرچاوەیەکە لە سەرچاوەکانی یاسا و ئەو لایەنەیە بۆ ڕوونکردنەوە و شیکردنەوەی بنچینەی یاسایی و بۆ نەهێشتنی ناڕوونییەکەی پەیوەندیان پێوە دەکرێ.
بۆ نموونە بۆ لێکدانەوە و شیکردنەوەی بنچینەی یاسایی دوو لایەنی سەرەکیمان هەیە، کە یاسازانی (الفقە) و دادگەری (القچاو)ە، بە پێی بڕگەی ٣/ لە ماددە١/ ی یاسای شارستانی عێراقی، یاسازانی و

دادگەری بە دوو سەرچاوەی یەدەگ داندراون، بەم پێیە ئەگەر دادوەر هەستی بە ناڕوونی دەقێکی یاسایی کرد دەتوانێت سوود لە بیروڕای یاسازانان و ئەو بڕیارانە وەربگرێ کە دادگاکان پێشتر دەریانکردوون، هەروەها بۆ ئەم مەبەستە مەرج نیە دادوەر تەنیا خۆی بە بیروڕای یاسازانانی ناوخۆ و بڕیارەکانی دادگاکانی ناوخۆ ببەستێتەوە، بەڵکوو بۆی هەیە بگەڕێتەوە بۆ بیروڕای یاسازانان و بڕیارەکانی دادگاکانی ئەو وڵاتانەی کە یاساکانیان لە یاسای عێراقی نزیکن، یان سەرچاوەیەکن لە سەرچاوەکانی بۆ ڕوونکردنەوەو شیکردنەوەی حوکمەکانی.

بۆ نموونە بەپێی مادده/٣٠ ی یاسای چاپەمەنی عێراقی ژمارە (٢٠٦) ی ساڵی ١٩٦٨ هەموارکراو هەروەها مادده/١١ ی یاسای چاپەمەنی هەرێمی کوردستانی عێراق ژمارە (١٠)ی ساڵی ١٩٩٣ نابێ‌دوای تێپەڕبوونی سێ مانگ لە ڕۆژی بڵاوبوونەوە بۆ چاپکراوی خولەکی و لە کاتی دەستکردن بە دابەشکردن لە چاپکراوی ناخولەکیدا ئەو داوایانەی کە سەرپێچی حوکمەکانی ئەو یاسایەیان کردووە لەلایەن دادگاوە ببیندرێن.

ئەگەر سەرنجی ئەم دەقە بدەین هەست بە ناڕوونییێک دەکەین، ئەویش ئەوەیە ئایا ئەو ماوەیەی کە دیارکراوە، ماوەی بەسەرچوونە (مدە التقادم)، یان ماوەی لەدەستچوونە (مدە سقوگ)ە.

بۆ لابردنی ئەو لێڵی و ناڕوونیەو ڕوونکردنەوەی ئەم بنچینە یاساییە دەکرێ دادوەر بگەڕێتەوە بۆ بیروڕای یاسازانان، یان بڕیارەکانی دادگا، بۆنموونە دەکرێ سوود لە بیروڕای یاسازانی بەناوبانگ عبدالرزاق سەنهوری وەربگیرێ سەبارەت بە لێک جیاکردنەوەی ماوەی بەسەرچوون و ماوەی لەدەستچوون و بۆ جیکردنەوەی ماوەی بەسەرچوون لە ماوەی لەدەستچوون پێوەرێکی دیاریکردووە و دەڵێ: ((باشترین پێوەر بۆ دیاریکردنی ئەوەی کە ئایا وادەکە ماوەی

بەسەرچوونە، یان وادەی لەدەستچوونە، ڕوونکردنەوەی ئامانجی یاساکە لە دیاریکردنی ئەم وادەیە ئەگەر بۆ پاراستنی بارودۆخی جێگیر، یان بۆ مەبەستی ڕووداماڵینی یاسای بەسەرچوون بێت، ئەوا ماوەی بەسەرچوونە، جا ئەگەر بۆ دیاریکردنی ئەو کاتەیە کە پێویستە مافێک، یان مۆڵەتێک بەکار بهێندرێت، ئەوا ماوەی لەدەستچوونە))، نموونەی ئەو شتانە دەهێنین کە لە بڕگەکانی یاسای مەدەنی میسرەوە پێشکەشمان کردووە، ماددەکانی ٣٧٤ تا ٣٧٨ یاسای مەدەنی میسری بە ڕوونی باس لەوە دەکەن کە ئەو بەروارانەی تێیدا ئاماژەیان پێکراوە، ماوەی بەسەرچوونن: پانزە ساڵ بۆ ماوەی ئاسایی بەسەرچوون (مادەی ٣٧٤)، و پێنج ساڵ بۆ ماوەی بەسەرچوون بۆ مافە خولیی و نوێبووەکان و مافەکانی خودکەسی (مادەی ٣٧٥-٣٧٦)، و سێ ساڵ بۆ ماوەی بەسەرچوون بۆ باج و ڕسوومات (مادەی ٣٧٧)، و ساڵێک بۆ دیاریکردنی مافی بازرگانان، کرێکاران، خزمەتکاران و ئەوانەی پەیوەندییان بەوانەوە هەیە. بە هەمان شێوە مادە (١٤٠) تایبەتە بە بەسەرچوونی داواکاری پوچەڵکردنەوە بە سێ ساڵ، هەروەها مادە (١٧٢) کە تایبەتە بە بەسەرچوونی قەرەبووکردنەوە کە لە کردەوەیەکی نایاساییەوە سەرهەڵدەدات، هەمدیس مادەکانی (١٨٠،١٨٧،١٩٧) کە تایبەتن بە بەسەرچوونی داواکارییەکانی دەوڵەمەندبوونی بەبێ هۆیەکی ڕەواو وەرگرتنەوەی ئەو شتانەی کە شایستە نین و زیادەن، ئەم دەقانە ڕوونن لە دیاریکردنی کە ئەو وادانەی کە تێدایاندا هاتووە، وادەی بەسەرچوونن، بەڵام لە بڕگەی دووەمی مادەی (١٢٩) ی یاسای مەدەنی میسریدا سەبارەت بە داواکاریی ئیستغلالکردن، هاتووە کە : ((دەبێت داواکارییەکە لە ماوەی ساڵێکدا لە بەرواری گرێبەستەکەوە تۆمار بکرێت)). لێرەدا بەروارەکە بەروارێکە بۆ لەدەستچوون، نەک بەسەرچوون . هەروەها بیروڕای (عبدالمجید الحکیم) لە کتابەکەی

(احكام الالتزام) بەشی دووەم، یان بڕیارەکانی دادگا سەبارەت بە گونجانی قانوونی ئەم ماوەیە.
لە بنەڕەتدا دەقی دەستووری دەبێ ڕوون و ئاشکرا بێت و ئەو واتایە بدات بە دەستەوە کە یاسادانەری دەستووری مەبەستی بووە، نابێت لەو مانایە بەو لاوە هیچ مانایەکی تری هەبێت، بەڵام لەوانەیە بە پێچەوانەی ئەمە هەندێک دەق جۆرێک لە ناڕوونی و لێڵیان پێوە دیاربێت، یان زیاتر لە مانایەک بگەیەنن، لەم حاڵەتەشدا پێویستە دادوەر ئەم ناڕوونی و لێڵییە لاببات، یان مانایەک بە سەر مانایەکی تر پەسند بکات و مەبەستی دەقەکە دیار بکات.
هەندێک لە یاسازانان پێیان وایە وشەی لێکدانەوە دەبێ وەک زاراوەیەکی یاسایی تەماشا بکرێت، بە چەشنێک ئەو کەسەی کاری لێکدانەوەی دەقە دەستوورییەکە دەکات، پابەند نەبێت بە وەرگێڕانی وشە بە وشەی دەقەکە.
بنەماکانی دەستوور سەرچاوەکانیان هەرچییێک بێت، لێکدانەوەیان بۆ دەکرێت، بەڵام بایەخەکەی زیاتر لە لێکدانەوەی بنەماکانی دەستووری نووسراو بەدەردەکەوێت چونکە لەفزەکانیان دیاریکراوە، لە ڕێگەی لێکدانەوەوە بۆ گەیشتن بە مەبەستی ڕاستەقینەی یاسادانەر واتای ئەو وشانە دیاری دەکرێن.
**لە خوارەوە لە دوو بڕگەدا باسی لێکدانەوەی دەستوور دەکەین، بڕگەی یەکەم تەرخان دەکەین بۆ سەرچاوە گشتییەکانی لێکدانەوە و بڕگەی دووەمیش تەرخان دەکەین بۆ قوتابخانەکانی لێکدانەوەی دەقە دەستوورییەکان بەم شێوەیەی خوارەوە:**

**یەکەم: سەرچاوە گشتییەکانی لێکدانەوە (المصادر العامة للتفسير)**
**أ- دادگا (القضاء)**

مەبەستمان لە دادگا وەک سەرچاوەیەک بۆ لێکدانەوەی دەستوور ئەو کۆمەڵە بڕیار و حوکمانەن کە دادگاکان لە کاتی یەکلاکردنەوەی ئەو کەیسانەی دێنە بەردەمیان دەریان دەکەن، یان ئەو کۆمەڵە پرەنسیپە یاساییانەن کە دادگاکان لە دەرکردنی بڕیار و حوکمەکانیاندا پشتێدان پێ دەبەستن و دووبارەیان دەکەنەوە.
دادگا لە کاتی چەسپاندنی یاسا بەسەر ئەو کەیسەی کە لە بەر دەمیدایە کاری لێکدانەوە دەکات، چونکە یاسادانەری دەستووری هەرچەندی وردبینیش بێت ناتوانێ گشت پێشکەوتنێک و پێشهاتەکانی واقیعی سیاسی لەبەرچاو بگرێت لە کاتی دانانی بنەمای دەستووریدا، بۆیە دادگا بە سەرچاوەیەکی لێکدانەوەی بنەما دەستوورییەکان دادەندرێت.
شایەنی ئاماژەبۆکردنە، لەو دەوڵەتانەی کە سیستەمی لاتینی پێڕەو دەکەن، دادوەر بۆی نییە هەرتەنیا بنەمایەکی گشتی دابنێ، بۆنموونە وەک فەڕەنسا، بەڵام لەو دەوڵەتانەی کە پێڕەوی سیستەمی ئەنگلۆسەکسۆنی دەکەن، وەک ئینگڵتەرا و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، دادگا تەنها بە سەرچاوەیەکی شیکردنەوە و لێکدانەوەی بنەما یاساییەکان داناندرێت، بەڵکوو بە سەرچاوەیەکی فەرمی بنەمای یاسایی دادەندرێت، چونکە ئەو دەوڵەتانە کار بە سیستەمی پێشینەی دادگایی (السوابق القچائیە) دەکەن.
دەستووری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥ لە بڕگەی دووەمی ماددە٩٣/ دا دەسەڵاتی داوە بە دادگای باڵای ئیتیحادی بۆ لێکدانەوەی دەقەکانی دەستوور، کە ئەمە دەقەکەیەتی ((دادگای باڵای ئیتیحادی تایبەتە بەم بوارانەوە: یەکەم/ لێکدانەوەی دەقەکانی دەستوور))، ئەمەو چەند جارێک ئەم دادگایە هەڵساوە بە لێکدانەوەی دەقەکانی دەستوور لەسەر داوای لایەنە ناکۆکەکانی عێراقیدا، کە دواجار ڕۆژی پێنج شەممە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٢/٣ لەسەر داوای (نوری مالکی) سەرۆکی چوارچێوەی هەماهەنگی

(الاطار التنسيقي) كۆبۆوە، تێدایدا ڕوونی کردبۆوە کە هاوپەیمانییەکەیان لە یەکەم دانیشتنی پەرلەماندا لە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/١/٩ داوایەکی پێشکەشی (محمود مەشهەدانی) سەرۆکی دانیشتنی پەرلەمان کردبوو بە سیفەتی بەتەمەنترین ئەندامی ئەو خولە، تێدایدا خۆیان بە گەورەترین قەوارەی ناو پەرلەمان ناساندبوو، بەڵام دوای هەڵبژاردنی (محمد حلبوسی) بە سەرۆکی پەرلەمان، داوای لە قەوارەی سەدریەکان بە سەرۆکایەتی (مقتدى الصدر) کرد، بە سیفەتی گەورەترین قەوارە و لای خۆشی بەو ناوە تۆماری کرد. ئەمەو داوای لە دادگای باڵای ئیتیحادی کردبوو کە ئەو مافەیان بۆ بگەڕێنێتەوە کە لە ئاکامی سەرپێچیکردنی (مادده/٧٦)ی دەستووری عێراقی کە تایبەتە بە پێکهێنانی حکوومەت لەلایەن گەورەترین قەوارەی پەرلەمانی، کە ئەمەش دەقەکەیەتی: (یەکەم: سەرۆک کۆمار کاندیدی ئەو فراکسیۆنە پەرلەمانیەی زۆرترین ئەندامی هەیە ڕادەسپێرێت بۆ پێکهێنانی ئەنجوومەنی وەزیران لە ماوەی پانزە ڕۆژ لە ڕێکەوتی هەڵبژاردنی بە سەرۆک کۆمار))

دادگای باڵای ئیتیحادی دوای کۆبوونەوەی بە پشتبەستن بە (مادده/٤٥) ی یاسای هەڵبژاردنی عێراقی ژمارە (٩) ی ساڵی ٢٠٢٠ کە ئەمەش دەقەکەیەتی: ((هیچ ئەندام پەرلەمانێک، یا حزبێک، یا قەوارەیەک کە لە ناو لیستێکی کراوەی براوەی هەڵبژاردندا تۆمار کرابێت بۆی نییە خۆی بگوازێتەوە بۆ لیستێکی تر مەگەر دوای پێکهێنانی حکوومەت نەبێ.....هتد)) بە زۆرینەی دەنگی ئەندامەکانی، داوای چوارچێوەی هاوپەیمانی ڕەتکردەوە.

هەروەها لە هەمان دانیشتندا دادگای ناوبراو تەماشای داوایەکی دکتۆر (بەرهەم ساڵح) سەرۆک کۆماری عێراقی کرد کە بە نووسراوی ژمارە (٢٤٥) لە (٢٠٢٢/٢/١) ئاڕاستەی ئەو دادگایەی کردبوو، تێدایدا داوای لێکدانەوەی بڕگەی یەکەمی (مادده/٧٠) ی دەستووری عێراق

دەکات سەبارەت بەو زۆرینەیەی کە پێویستە هەبێت بۆ دەستپێکردنی دەنگدان بۆ هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار. دادگای باڵای ئیتیحادی لە لێکدانەوەی بڕگەی یەکەمی (مادده/٧٠) ی دەستووری عێراقیدا دەڵێ ((ئەنجوومەنی نوێنەران لە نێوان ئەو کەسانەی کە خۆیان بۆ سەرۆکایەتی کۆمار کاندید کردووە، بە دەنگی زۆرینەی دوو لەسەر سێی تێکڕای ئەندامانی ئەنجوومەنی نوێنەران سەرۆکێک بۆ کۆمار هەڵدەبژێرێت، ئەم ڕێژەیەش بە ئامادەبوونی دوو لەسەر سێی تێکڕای ئەندامانی ئەنجوومەنی نوێنەران بە دەست دێت.

**ب- یاسازانی (الفقه)**

مەبەستمان لە یاسازانی بیروڕای ئەو یاسازانانەیە کە لە دووتۆی کتێب و فەتواو وانەکانیاندا سەبارەت بە شرۆڤەکردنی یاسا، یان لێکدانەوەی دەستوور داویانە. یاسازانی بە سەرچاوەکی لێکدانەوەی دەستوور دادەندرێت، بۆ ڕووناک کردنەوەی ڕێگا لە بەردەم یاسادانەر و دادوەر، یاسازان بۆ لابردنی ناڕوونی دەستوور و تەواوکردنی کەموکوڕییەکانی و تاوتویٚ کردنی حوکمەکانی و هەڵسەنگاندنیان، شیکردنەوە و لێکدانەوەی بنەما دەستووریەکان دەکات. جا ئەگەرهات و یاسازانان لە بیروڕاکانیان کۆک بوون لە سەر بابەتێکی دیاریکراو لە بابەتە دەستوورییەکان، ئەمە وا دەکات کاریگەری لە سەر یاسادانەر و دادگا هەبێت.

**ج-یاسادانەر (المشرع)**

هەندێکجار یاسادانەری دەستووری یاسای لێکدانەوە (القانون التفسيری) دەردەکات، ئەگەر بزانێت ئەمە پێویستە. ئەمەو لێکدانەوەی یاسادانەر کارێکی یاساییە، ئەگەر ئەو دەسەڵاتەی

یەکەمجار یاساکەی دەرکردووە یاسای لێکدانەوە دەستوورییەکە دەربکات، واتە یاسادانەری دەستووری لێکدانەوەی هەندێک لە دەقەکانی دەستوور دەکات.
یاسای لێکدانەوە هەمان پێگەی ئەو یاسایەی هەیە کە دەیەوێ لێکدانەوەی بۆ بکات، بۆیە هەمان هێزی یاسایی ئەویشی دەبێت و بۆ گشت کەس و دامەزراوەیەکی دەوڵەت سەپاوە دەبێت.

**دووەم: قوتابخانەکانی لێکدانەوەی دەقە دەستوورییەکان (مدارس تفسیر النصوص الدستوریه)**

قوتابخانەکانی لێکدانەوەی یاساکان بە پێی تەماشاکردنیان بۆ سەرچاوەی یاسا و بنچینەکەی، جیاوازییان لەگەڵ یەکتریدا هەیە، لەم ڕووەوە سێ قوتابخانەی سەرەکی لێکدانەوەی یاسامان هەیە، لە خوارەوە لە سێ خاڵدا بە درێژی باسیان دەکەین:

**أ-قوتابخانەی ڕاڤەکردن لە بەر ڕۆشنایی دەقەکاندا (مدرسه الشرح علی المتون)**

ئەم قوتابخانەیە لە سەدەی نۆزدە لە ساڵی ١٨٠٨ دامەزرا، ئەم هەوڵەش دوای ئەوە دێت کە لە سەرەتای سەدەی نۆزدەدا قانوونی مەدەنی فەڕەنسی لە دووتۆی بەرگێکدا دەرچوو و بە ناوی قانوونی ناپلیۆن ناوزەد کراو یاسازانەکان ڕشت بوون لە سەر ئەوەی کە تەنها دەقەکانی لێکبدەنەوە بەبێ ئەوەی ڕەخنەی لێبگرن، بەو پێیەی کە دەقی یاسایی پیرۆزن و تاکە سەرچاوەی یاسان.

به پێی بۆچوونی لایەنگرانی ئەم قوتابخانەیە دادوەر هەروەها هەموو یاسازانێک و ئەو کەسانەی ڕاڤەی یاسا دەکەن، دەبێ بە پێی ڕیزبەندی ئەو ماددانەی لە ناو یاساکەدا هاتوون دەق لە دوای دەق ڕاڤەی بکەن، هەروەها دەبێ لە کاتی دانانی یاساکەدا بە دوای نیازی یاسادانەردا بگەڕێن، نەک نیازی یاسادانەر، لە کاتی چەسپاندنیدا.
ئەمەو هەندێک لە یاسازانان لە بەر ڕێزگرتنی بێ سنووری دەقەکانی یاسای نووسراو (التشریع)، بەناوی تیۆری پابەندبوون بە دەق (الالتزام بالنص) ناوزەدیان کردووە، چونکە بەلای ئەو کەسانەوە یاسای نووسراو تاکە سەرچاوەی یاسایە، هەر لەم بارەیەوە یاسازان (دیمولۆمب) لە وانەکانیدا لە بارەی یاسای ناپلیۆنەوە دەڵێ : (دەق پێش هەموو شتێک).
ئەم قوتابخانەیە بە تەواوەتی پابەندی دەقەکانی یاسا دەبێت و بە هیچ شێوەیەک لێی ناچێتە دەرەوە، لایەنگرانی ئەم قوتابخانەیە وای بۆ دەچن کە ئەو کەسەی دەقە یاساییەکە لێک دەداتەوە، پێویستە بە دوای مەبەستی ڕاستەقینەی یاسادانەردا بگەڕێت لە کاتی دانانی یاساکەدا.
دیارترین لایەنگرانی ئەم قوتابخانەیە بریتین لە (بلوندۆ، دیلفا لاکروا، بریدۆن، دیغۆر، بارتان، دیمۆلۆمب، ملافی، ڤالیت) ئەو یاسازانانە گشتێدان کۆکن لە سەر ئەوەی کە یاسادانان تاکە سەرچاوەی یاسایە. یاسازان بلوندۆ لە وتارێکیدا لەم بارەیەوە دەڵێ: ((یاسادانان تاکە سەرچاوەی یاسایە، دەبێ دەستبەرداری سەرچاوە ساختەکانی تر بین، وەک پێشینەی دادوەری و ئەو داب و نەریتانە، کە لە ناو یاساداناندا تۆمار نەکراون، هەروەها دەبێ دەستبەرداری هەستی دادپەروەری و بیرۆکەی بەرژەوەندیی گشتی و پرەنسیپە کانی یاسایی بین، نابێت لە شوێنی ویست و ئارەزووی یاسادانەر دایان بنێین)).

شایەنی ئاماژەبۆکردنە، ڕەخنەیەکی زۆر ئاڕاستەی ئەم قوتابخانەیە کرا، لە هەمووی گرنگتر ئەوەبوو، کە زانایانی ئەم قوتابخانەیە یاسادانانیان بە تاکە سەرچاوەی یاسا داناوە، لەکاتێکدا وەکو هەموومان دەزانین لە پاڵ یاسادانان کۆمەڵێک سەرچاوەی تریش هەن، ئەوە لە لایەک، لە لایەکی تریشەوە یەکێک لەو ڕەخنانەی کە لەو قوتابخانەیە گیرا ئەوەبوو کە خۆی بە دەقاودەقی تێکستەکانی یاسا بەستۆتەوە، کە ئەمەش وا لە یاسا دەکات جێگیر بێت، لەکاتێکدا بارودۆخی کۆمەڵایەتی لە گۆڕان و پێشکەوتن دایە و ناوە ناوە هەندێک ڕووداوی نوێ سەرهەڵدەدەن کە یاسادانەر پێشتر پێشبینی نەکردوونە و پێویستێدان بە حوکمێکی یاسایی گونجاو هەیە.

هەر لەم چوارچێوەیەدا یاسازان (فڕانسوا جێنی) وەسفی شێوازی ئەم قوتابخانەیەمان بۆ دەکات بۆ لێکدانەوەی یاسا و دەڵێ: ((ئەم قوتابخانەیە کۆسپ دەخاتە بەردەم یاسا و وا دەکات وەکو خۆی بمێنێتەوە، لە کاتێکدا پێویستە یاساش وەکو گشت زانستە کۆمەڵایەتیەکانی تر بگۆڕێت و پێشبکەوێت)).

ب-قوتابخانەی مێژوویی

خاوەنی ئەم قوتابخانەیە مێژوو نووس و یاسازانی ئەڵمانی (فریدریک ڤۆن ساڤینی Friedrich Carl von) ە کە وەک بەرپەرچ دانەوەیەک بۆ یاسازان (ئەنتۆن تیبۆت) کە دەیویست یاسای مەدەنی ئەڵمانی وەکو یاسای فەڕەنسی بە پیرۆز ڕابگرێت، لە ساڵی ١٨١٤ ئەم تیۆرییەی بۆ لێکدانەوەی یاسا دانا.

لایەنگرانی ئەم قوتابخانەیە ڕەتی دەکەنەوە کە بە تەواوەتی پابەندی دەقەکانی یاسا بن، بەو پێیەی یاسا دیاردەیەکە لە دیاردەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و بەشێکە لە کەلەپووری نەتەوایەتی وەکو زمان و ئایین و داب و نەریت، بۆیە یاسادانەر ناتوانێ کتوپڕ بە ویست و ئارەزووی خۆی بە جارێک دروستی بکات، بەڵکوو یاسا وەکو هەموو بوونەوەرە

زیندووەکان، وردە وردە گەشە دەکات، بۆیە بارودۆخی کۆمەڵ کار لە یاسا دەکات و بە پێی ئەو بارودۆخە بەرەو پێشەوە دەچێت، هەر ئەمەش وای کردووە یاسای هیچ وڵاتێک وەکو یاسای وڵاتێکی تر نەبێت و لە یەک جیاواز بن.
هەر لەم بارەیەوە یاسازان (ساڤینی) دەڵێ: ((بە گەشەسەندن و بەرەو پێشەوە چوونی گەل، یاسا گەشە دەسێنێت و بە بەهێزبوونیشی بە هێز دەبێت، هەروەها ناشمێنێت و لەناو دەچێت، کاتێک کە گەل نەتەوایەتییەکەی خۆی لە دەست دەدات)).
جا لە سەر ئەو بنەمایە لایەنگرانی ئەو قوتابخانەیە بە پێی مەبەستی گریمانەکراوی یاسادانەر لە کاتی چەسپاندنی یاساکە لێکدانەوەی یاسا دەکەن، نەوەک لە کاتی دانانیدا، ئەمەش وا دەکات دەقە یاساییەکان ناجێگیربن و لەگەڵ بارودۆخی پێشکەوتنی کۆمەڵ بگونجێن.
شایەنی ئاماژەبۆکردنە، ئەم قوتابخانەیەش لە ڕەخنە بە دەر نەبوو، دیارترین ئەو ڕەخنانەی کە ئاڕاستەی کران، هەندێک لە یاسازانەکان وتێدات ئەم تیۆرییە بە تەواوەتی لایەنە باشەکانی یاسای نووسراوی لەناو بردووە، بە تایبەتی ئەمە لە کاتێکدایە کە بە پێی بۆچوونی لایەنگرانی ئەم قوتابخانەیە یاسا لە چرکەساتی یەکەمیدا لە دوای دەرچوونییەوە لە ئیرادەی یاسادانەر جیا دەبێتەوە و دەکەوێتە ژێر کاریگەریی بارودۆخی کۆمەڵگەو پێداویستیەکانی. ئەمەو دەرگا لە بەردەم دادوەر لەسەر پشت دەبێت، هەرکاتێک بیەوێ لە پەنای لێکدانەوەدا، دەتوانێ پەنابباتەبەر بەر هەمووارکردن و هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵێک دەقی یاسایی، کە ئەمەش پێچەوانەی تایبەتمەندیی یاسایە، کە دەبێ سەقامگیر و جێگیر بێت.

## ج-قوتابخانەی زانست و داڕشتن، یان تێکەڵاو

یاسازانی فەڕەنسی (فرانسوا جێنی) خاوەنی ئەم تیۆریەیە، هەردوو تیۆرییەکانی پێشووی تێکەڵاو کردووە و تیۆرییێکی نوێی لێ دروست کردووە. ئەم یاسازانە وای بۆ دەچێت کە یاسا لە دوو ڕەگەز پێکهاتووە، یەکێکیان کەرەستە خاوەکەیەتی کە پێی دەڵێن ناوەڕۆکی بنەمای یاسایی، ئەوەی تریشیان شێوە دەرەکییەکەیەتی. کەرەستە خاوەکەی لەو ڕاستیدانەی کە ئەقڵ لە ڕووداوەکانی ژیان بۆی دەردەکەوێ پێک هاتووە. شێوەش بریتییە لەو وێنەیەی کە بنەمای یاسایی دەبێ وەری بگرێت، تا توانای چەسپاندنی هەبێت، کەواتە یاسا لە ڕوانگەی جینییەوە پێک هاتووە لە ڕەگەزی زانست و داڕشتن.
جینی هەوڵی داوە لە نێوان هەردوو قوتابخانەکانی پێشوو بەڵانس ڕابگرێت و لە سەر بنەمایەکی زانستی ڕێچکەیەکی نوێ بۆ لێکدانەوەی یاسا دابمەزرێنێت.
لایەنگرانی ئەم قوتابخانەیە لە لێکدانەوەی بنەما یاساییەکان، میتۆدی توێژینەوەی زانستی ئازاد پەیڕەو دەکەن و وای بۆ دەچن کە پێویست ناکات ئەو کەسەی کاری لێکدانەوە دەکات، بە پێی ویستی گریمانەکراوی یاسادانەر بە دوای چارەسەر بگەڕێت، بەڵکوو پێویستە پەنا بباتە بەر توێژینەوەیەکی زانستی ئازاد، واتە جەوهەری یاسا بە هەموو ڕاستیە جیاوازەکانی، کە دەکرێ بە ڕاستیە ئەقڵیەکان و نموونەییەکان دەستنیشان بکرێن. واتە ئەو کەسەی لێدانەوە دەکات، دەبێ پابەندبێت بە گیانی ئەو یاسایەی کە هەیە، هەروەها پابەند بێت بە پێویستیەکانی ڕێکخستنی ئابووری و کۆمەڵایەتی و بیرۆکەی دادپەروەری و پێویستیەکانی لۆژیک و ئەقڵ.

**هەمواركردنەوەی دەستوور (تعديل الدستور):**

لە ڕاستیدا بنەما دەستوورییەکان تیشکدانەوەی بارودۆخی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریی کۆمەڵگەن، بۆیە ئەم بنەما یاسییانە هەم کاریان تێ دەکرێت، هەمیش کاریگەرییان دەبێت. جا لەبەر ئەوەی ئەم بارودۆخانە ناجێگیرن و لە پێشکەوتن و گۆڕانکاری بەردەوام دان، بۆیە پێویستە ئەو بنەما یاساییانەش شان بە شانی ئەو گۆڕانکارییانەی کە کۆمەڵ بە خۆیەوە دەیبینێ هەنگاو بنێت، ئەمەش لە ڕێگەی هەمواركردنەوەی دەبێت، بە لەبەرچاوگرتنی ئەو پێشکەوتن و پێشهاتانەی کە لە هەر ساڵێکدا دێنە پێشەوەو ئەم هەمواركرنە دەخوازێت.

شایەنی ئاماژەبۆکردنە، بیرۆکەی هەمواركردنەوەی دەستوور لەگەڵ سەرهەڵدانی دەستوورەکان سەری هەڵدا و لەگەڵ ئەویش جێگیر بوو. هەمواركردنەوەی دەستووریش دوو جۆری هەیە، یەکەمیان ئەگەرهاتوو ئەو ڕێوشوێنانە گیرایە بەر کە لە ناو دەستووردا تۆمار کراون، کە تایبەتن بە هەمواركردنەوەی حوکمەکانی دەستوورەکە، لەو حاڵەتەدا هەمواركردنەکە فەرمی دەبێت، دووەمینیان ئەگەر هاتوو هەمواركردنەکە بە پێی بنەماکانی دەستوور ئەنجام نەدرا، ئەوا هەمواركردنەکە عورفی دەبێت.

جا لەبەرئەوەی پێشتر هەمواركردنەوەی عورفیمان لەکاتی باسکردنی عورفی هەمواركەردا باس کردووە، بۆیە تەنها باسی هەمواركردنی فەرمی دەکەین. لە خوارەوە لە سێ خاڵدا باسی دەکەین، لە خاڵی یەکەمدا باسی ئەو دەسەڵاتە دەکەین کە تایبەتمەندە بە هەمواركردنەوەی دەستوور، لە خاڵی دووەمیشدا باسی ئەو کۆت و بەندانەش دەکەین کە دەخرێنە سەر ئەو دەسەڵاتەی کە تایبەتمەندە بە

**هەمواركردنەكە، خاڵی سێیەمیش تەرخان دەكەین بۆ باسكردنی باسی ئەو ڕێوشوێنانە كە بۆ هەمواركردنی دەستوور دەگیرێنە بەر:**

### ١- دەسەڵاتی تایبەتمەند بە هەمواركردنەوەی دەستوور

یاسازانەكان جیاوازیان كردووە لە نێوان دوو جۆرە دەسەڵات: دەسەڵاتی دامەزرێنەری ئەسڵی و دەسەڵاتی دامەزرێنەری دامەزراو (السلگە التأسیسیە المنشأە)، دەسەڵاتی یەكەمیان بۆ دەوڵەتێكی تازە دامەزراو ئەركی دانانی دەستووری پێ دەسپێردرێت، یان دانانی دەستوورێک لەجیاتی ئەو دەستوورەی كە هەیەتی. جا ئەو دەسەڵاتە ئەو بنەمایانە دادەنێت كە لە ڕێگایانەوە كاری دەسەڵاتەكانی یاسادانان و جێبەجێكردن و دادوەری دیار دەكات. جا دەسەڵاتی دامەزرێنەری ئەسڵی، بۆ دەسبەكاربوونی و بەدیهێنانی ئەركەكەی كە هەمواركردنی دەستوورە، دەسەڵات لە هیچ دەقێكی دەستووری پێشوو وەرناگرێت، بەڵكوو ئازادە لە دەستنیشانكردنی هەر ئایدیۆلۆژیاو فەلسەفەیەكی سیاسی كە سیستەمی حوكمڕانێتی لە ناو دەوڵەت كاری پێ دەكات. جا ئەو دەسەڵاتە دامەزرێنەرە ئەسڵیە دەكرێ لە تەنها كەسێک پێک بێت، یان لە چەند كەسێک كە لە لایەن گەلەوە هەڵدەبژێردرێن، یان گەل خۆی ڕاستەوخۆ بەم كارە هەڵدەستێ.
بەڵام دەسەڵاتی دامەزرێنەری دامەزراو (السلگە التأسیسیە المنشأە) بریتیە لە دەسەڵاتێكی دیاریكراو كە لە لایەن خودی دەستوورەكەوە دیار كراوە، ئەو دەسەڵاتە لەبەر ڕۆشنایی دەقەكانی ئەو دەستوورەی كە هەیە، كارەكانی خۆی دەكات، بە گرتنەبەری ئەو ڕێكارانەی كە لە ناو دەستوورەكەدا هاتوون هەمواركردنەوەی دەستوورەكە دەكات، بۆیە

دەبێت لە ڕووی دامەزرانییەوە و هەروەها لە ڕووی کارەکانییەوە پابەند بێت بە دەقەکانی دەستوور و نابێت سەرپێچییان بکات.
لە نێوان یاسازانە دەستوورییەکاندا بیروڕای جیاواز سەری هەڵدا سەبارەت بەوەی کە ئایا دەسەڵاتی دامەزرێنەری ئەسڵی (ئەو دەسەڵاتەی کە دەستوورەکەی داناوە) ئازادە لەوەی هەرکاتێک بیەوێ دەستوورەکە هەموار بکاتەوە و ئەو دەسەڵاتەش پشتگوێ بخات کە تایبەتمەندە بە هەموارکردنەوەی دەستوور کە لە ناو خودی دەستوورەکەدا ئاماژەی پێ کراوە، یان نا.
یاسازانەکانی یاسای سروشتی، لە نێوانیاندا یاسازان (فاتێل)، بۆ هەموارکردنەوەی دەستوور پشتگیری دەستێوەردانی دەسەڵاتی دامەزرێنەری ئەسڵیان کرد ، پێیان وابوو کە دەبێ لەسەر هەموارکردنەکە کۆدەنگی نەتەوەیی هەبێت، چونکە دەستوور گوزارشتکردنە لە بیرۆکەی پەیمانی کۆمەڵایەتی کە کۆمەڵگەی سیاسی لە سەر دامەزراوە، جا لەبەر ئەوەی ئەو گرێبەستە بە کۆدەنگی ویست و ئارەزووی تاکەکانی کۆمەڵگە بەستراوەتەوە، بۆیە نابێت هیچ گۆڕانکارییێکی بە سەردا بێت، مەگەر بە گرتنە بەری هەمان ڕێوشوین نەبێت کە بۆ دەرکردنی دەستوورەکە گیراواتە بەر، مەبەستمان ڕەزامەندی گشت تاکەکانی کۆمەڵگەیە.
بەڵام ئەوەی لەم بیروبۆچوونە تێبینی دەکرێت ئەوەیە، مەحاڵە کۆدەنگی گشت تاکەکانی گەل لەم بارەیەوە بەدی بێت، بۆیە ئەمە وای لە یاسازان فاتێل کرد، لە بیروبۆچوونەکەی پاشگەزبێتەوە و وتی تەنها ڕەزامەندی زۆرینە بەسە بۆ هەموارکردنەوەی دەستوور و دەبێت ڕێزیش لە بیروبۆچوونی جیاواز بگیرێت، واتە کەمینەش مافی خۆیەتی ڕای جیاوازی هەبێت، بەڵام یاسازانی فەڕەنسی (Sie yes) وای بۆ دەچێ کە پرسی هەموارکردنەوەی دەستوور مافی ئەو نەتەوەیە کە خاوەنی سەروەرییە، بۆیە هەر کاتێک بیەوێ دەتوانێ لە ڕێگەی

نوێنەرەکانییەوە ئە کارە ئەنجام بدات، یانیش ڕاستەوخۆ ئەم کارە بکات بە زۆرینەی دەنگی ئەندامەکانی ئەنجامی بدات.
کەچی ئەم بیروبۆچوونانە سەرکەوتنییان بە دەست نەهێنا، چونکە زۆرینەی یاسازانەکانی بواری دەستوور وای بۆ چوون کە دەبێ هەموارکردنەوەی دەستوور بەو دەسەڵاتە بسپێدرێت کە دەستوور ئەم ئەرکەی پێ سپاردووە، دەبێت هەمان ئەو ڕێوشوینانەش بگیرێتە بەر کە لە ناو دەستووردا ئاماژەیان پێ کراوە.
هەندێکجار دەسەڵاتی هەموارکردنەوەی دەستوور بە دەستەیەک دەبەخشرێ کە لەژێر سەرپەرشتی دەسەڵاتی جێبەجێکردندا کارەکەی ئەنجام دەدات، بۆ نموونە (لە کاتی حوکمڕانی ئیمپراتۆریەتی فەڕەنسا) ئەم ئەرکە بە حکوومەت سپێردراوە، یان دەستەیەک کە لەژێر سەرپەرشتی پەرلەمان کاردەکات بۆ نموونە (بە پێی دەستووری فەڕەنسی ساڵی ١٨٧٥) هەروەها وەک دەستووری سۆڤێتی ساڵی ١٩٧٧، یانیش دەسەڵاتی هەموارکردن دەدرێ بە خودی گەلەکە، لە لایەن دەستەیەکەوە ئەنجام دەدرێ، لە لایەن گەلەوە هەڵدەبژێردرێت، بۆ نموونە وەک دەستووری زۆربەی ویلایەتەکانی ئەمریکا. یان گەل لە ڕێگەی ڕیفراندۆمی دەستوورییەوە ڕاستەخۆ ئەنجامی دەدات، بۆ نموونە وەک دەستووری فەڕەنسی ساڵی ١٩٥٨.

### ٢- ئەو کۆت و بەندانەی لە سەر هەموارکردنەوەی دەستوور دانراون:

بە زۆری دەستوورەکان چەندین کۆت و بەند لەخۆدەگرن، کە دەتوانرێت بۆ هەموارکردنەوەی دەقەکانییان پشتێدان پێ ببەسترێت. بە چەشنێک ئەم کۆت و بەندانە ئەو دەسەڵاتە سنووردار دەکات کە هەموارکردنەکە ئەنجام دەدات. بێگومان دەستوورەکان بە مەبەستی پاراستنی دەستوور بەو پێیەی کە یاسای باڵای دەوڵەتە و لە سەرووی پلەبەندی

یاسایی دایە، ئەم کۆت و بەندانە لەخۆدەگرن، ئەمە لە لایەک، لەلایەکی تریشەوە وەک وەڵامێک بۆ هەلومەرجی جۆراوجۆر، کە وا دەکات لە چوارچێوەی ئەم کۆت و بەندانەدا بچێتە ژێر هەموارکردنەوە، کە سروشتی شتەکان دەیسەپێنێت، هەروەها لەسەر بنەمای ئەم تێڕوانینە، دەستوورەکان جۆرێک لە هاوسەنگی لە نێوان پێویستی پاراستنی دەقەکانیان لە دەستکاریکردن بە دانانی ڕێکاری ورد بۆ دەستکاریکردنیان و پێویستی هێنانەدی هاوسەنگی هەمیشەیی لە نێوان ئەم دەقانەدا، هەروەها واقیعی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی، بە شێوەیەکی ڕەها هەموارکردنی دەستوور قەدەغە نەکراوە، بەو باوەڕەی کە گۆڕان و گەشەسەندن بنەمایەکی پێویستە بۆ مانەوە و پاراستنی دەستوور.

ئەم کۆت و بەندانە هەمەجۆرن لە نێوان کۆت و بەندی بابەتی و کاتی و ڕێکاریدا. لە ڕووی بابەتییەوە دەستوورەکان بە زۆری هەندێک بابەتی دیاریکراو لە هەموارکردن قەدەغە دەکەن، بە چەشنێک نابێت سەرپێچی بکەن، چونکە پەیوەندی هەیە بە جەوهەری ئەو سیستەمە سیاسییەی کە دەیگرێتە بەر، وەک مەترسی تێکدانی سیستەمی کۆماری، یان پاشایەتی، یان سیستەمی فیدراڵی وەک بنەمایەک بۆ ڕێکخستنی دەستووری و سیاسی دەسەڵاتەکانی دەوڵەت.

هەروەها زۆر دەستوور هەن لە هەندێک ماوەی دیاریکراودا لە دوای چوونە بواری جێبەجێکردنیەوە، هەر جۆرە هەموارکردنێکیان بۆ قەدەغە کراوە، بە مەبەستی دامەزراندنی ئەو دامەزراوانەی کە دەستوور دایمەزراندوون، بۆ سەلماندنی کاریگەری و کارلێکی لەگەڵ واقیعدا، بۆ بەدیهێنانی سەقامگیریی دامەزراوەیی و سیاسی لە وڵاتدا.

سەبارەت بە سنووردارکردنی ڕێکارەکانیش، پەیوەندی بە ڕێکارەکانی هەموارکردنەوەی دەستوورەوە هەیە بە پشت بەستن پێیان.

لە خوارەوە لە سێ خاڵدا باسی ئەو کۆت و بەندانە دەکەین:

أ-قەدەغەکردنی بابەتێدانە: ئەم سنووردارکردنانە لە نێو ئەو بنەما دەستوورییانەدان کە لەلایەن دەسەڵاتی دامەزرێنەری ڕەسەنەوە دانراون کە دەستوورەکەی داناوە، کە خۆی لە قەدەغەکردنی هەموارکردنەوەی هەندێک دەقی دیاریکراوی دەستوور دەبینێتەوە، کە هەندێک حوکم و پرەنسیپی دیاریکراوی لە خۆ گرتووە، پەیوەستن بە فۆرمی سیاسی دەوڵەت و فەلسەفەی سیاسی و کۆمەڵایەتیەکەی، هەروەها ئەوەی پەیوەندی بە بنیاتنانی دەوڵەت و یەکێتی نەتەوەیی ئەوەوە هەیەن وەک خاک و ئەوەی پەیوەندی بە هەندێک ماف و ئازادی سەرەتاییەوە هەیە کە نابێت لێیان لابدرێت، یان چاوپۆشی لێ بکرێت، یاسادانەر لەو باوەڕەدایە کە دەبێ لە ڕێگەی قەدەغەکردنی هەموارکردنیدا بیانپارێزێت، جا چ قەدەغەکردنێکی هەمیشەیی بێت، یان کاتی. لە سەر ئەو بنچینەیەش قەدەغەکردنی بابەتێدانە دوو شێوە لەخۆی دەگرێت، یان قەدەغەکردنێکی هەمیشەیی دەبێت، یانیش قەدەغەکردنێکی کاتی دەبێت.

بۆ نموونە، دەستووری ئەو وڵاتانەی کە بە شێوەیەکی هەمیشەیی هەموارکردنی هەندێک لە حوکمەکانی دەستوورەکەیان قەدەغە کردووە، ئەوەیە کە لە مادەی (٨٩) ی دەستووری فەڕەنسی ساڵی ١٩٥٨دا هاتووە کە دەڵێت: ((نابێت فۆرمی کۆماری ببێتە بابەتی هەموارکردن)). هەروەها مادەی (١٣٩) ی دەستووری ئیتاڵیای ساڵی ١٩٤٧، هەمدیس مادەی (٢٨٨) ی دەستووری پورتوغالی ساڵی ١٩٧٥ هەموویان فۆرمی کۆمارییان بۆ سیستەمی حوکمڕانێتی کردۆتە کۆت و بەندێکی بابەتی لە سەر دەسەڵاتی هەموارکردنی دەستوور. هەروەها بۆمان دەردەکەوێت کە وڵاتە فیدراڵییەکان فۆرمی دەوڵەتی فیدراڵییان کردووە بە سنووردارکردنی بابەتیی بۆ هەموارکردنەوەی دەستوورن بۆ نموونە بڕگە/٣ ی مادەی (٧٩٥) ی یاسای بنەڕەتی ئەڵمانی ساڵی ١٩٤٩.

قەدەغەکردنی بابەتێدانەی هەموارکردنەوەی دەستوور بە شێوەیەکی کاتی بریتیە لە دەسکارینەکردنی هەندێک لە دەقەکانی دەستوور لە ماوەیەکی دیاریکراو بە هۆی بوونی هۆکاری تایبەت، جا ئەگەر هاتوو ئەو بارودۆخە بەسەرچوو قەدەغەکردنەکەش هەڵدەگیرێت و ڕێگا بە هەموارکردنی ئەدرێت. بۆ نموونە دەستووری میسری ساڵی ١٩٢٣ هەموارکردنەوەی ئەو دەقە دەستووریانەی قەدەغە کردووە کە تایبەتە بە مافەکانی پاشا و میراتگرتنی تەختی پاشایەتی لە کاتی سەرپەرشتیکردنی تەختی پاشایەتی لە سیستەمی پاشایەتیدا. هەروەها دەستووری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥ لە بڕگەی دووەمی ماددە/١٢٦ دا هەموارکردنەوەی پرەنسیپە بنەڕەتیەکانی بابی یەکەم و ماف و ئازادییە گشتییەکانی بابی دووەمی قەدەغە کردووە کە هەموار بکرێن، مەگەر بە تێپەڕبوونی دوو خولی هەڵبژاردنی یەک لە دوای یەک و بەو مەرجەی دوو لە سەر سێی ئەندامانی ئەنجوومەنی نوێنەران ڕەزامەندی لە سەر بدەن، هەروەها ڕەزامەندی گەل لە ڕێگەی ڕیفراندۆمەوە و دواتریش پەسندکردنی لە لایەن سەرۆک کۆمارەوە.

## ب-قەدەغەکردنی کاتی (الحظر الزمني)

دەستووری زۆربەی وڵاتان پەنا دەبەنە بەر دیارکردنی بواری هەموارکردنی دەستوور، ئەمەش لە ڕێگەی دەقنووسکردنی قبووڵنەکردنی هەموارکردنەوەی دەقەکانی دەستوور لە ماوەیەکی دیاریکراو دەبێت، بە مەبەستی ڕێگەدان بە سیستەمی سیاسی نوێ بۆ وەدەستهێنانی پشتیوانی گەل و چەسپاندنی بناغەکانیان، یان قەدەغەکردنی هەموارکردنەوەی دەستوور لە هەندێک بارودۆخی تایبەتیدا، کە کاریگەرییان لەسەر جەوهەری بوونی یاسایی هەیە بۆ دەوڵەت، وەک لە حاڵەتەکانی دەستدرێژی دەرەکی بۆ سەر خاکەکەی،

یان لە قۆناغەکانی حوکمڕانی لە ڕژێمی پاشایەتیدا، یان لە بارودۆخی ڕاگەیاندنی باری نائاسایی و حوکمی عورفیدا، لەبەر مەترسی ئەو جۆرە بارودۆخانە و پەنابردنی دەسەڵاتی جێبەجێکردن، یان یاسادانان، بە تایبەتی لە سیستەمە دیکتاتۆرەکان بۆ دەستێوەردان لە سیستەمی دەستووری دەوڵەت.
بۆ نموونە ئەو کۆت و بەندەی لە بڕگەی/٤ ی مادەی (٨٩٥) ی دەستووری فەڕەنسی ساڵی ١٩٥٨ دا هاتووە و هەموارکردنەوەی دەستووری لەکاتی بوونی بارودۆخی دەستدرێژیکردنە سەر یەکپارچەیی خاکی نیشتمان، هەروەها نابێت دەستوور لەماوەی بەتاڵ بوونی پۆستی سەرۆک کۆمار هەموار بکرێتەوە.

## ج-سنووردارکردنی ڕێکارەکان بۆ هەموارکردنەوەی دەستوور:

ئەم سنووردارکردنانە سروشتێکی ڕواڵەتییان هەیە، چونکە پەیوەندییان بە دیاریکردنی ئەو دەسەڵاتەوە هەیە کە دەتوانرێت ئەم مافەی پێبدرێت، ئایا دەسەڵاتی یاسادانانە، یان دەسەڵاتی جێبەجێکردنە، یان هەردووکیان پێکەوە، یان گەل بەو پێیەی کە خاوەنی سەروەری ڕەسەنە تا دەگاتە ئەو ئەنجوومەنەی هەموارکردنەوەی دەستوور ئامادە دەکات و ئایا لە ڕێگەی ئەنجوومەنی دامەزرێنەری ڕەسەنەوە یان لە ڕێگەی پەرلەمانەوە وەک دەسەڵاتێک ئەنجام دەدرێت. ئەمەو سروشتی ئەو شێوازەی  کە ئەم ئەنجوومەنە پەیڕەوی لێدەکات تا تەواوبوونی داڕشتنی هەموارکردنەکە بە ڕێزگرتن لە کاتە دیاریکراوەکان، یان بۆ زۆرینەیەکی دیاریکراو، یان بۆ زۆرینەی تایبەت، هەروەها ئەو بنەمایانە لە وڵاتە فیدراڵەکاندا بۆ نموونە، هەروەها بە پەسەندکردنی هەموارکردنەکە، یان پەسەندکردنی دەستوور کۆتایی دێت، ئایا ئەم دەسەڵاتە دەدرێت بە سەرۆکی دەوڵەت، یان گەل لە

ڕێگەی ڕیفراندۆمی دامەزرێنەرەوە، هەمدیس تا چەند بۆ پەسەندکردنی هەموارکردنی دەستوور ڕیفراندۆم واجبە، یان نا، هەمدیس تا چەند پەنابردن بۆی بەستراوەتەوە بە ئیرادەی لایەنێکی دیاریکراو وەک سەرۆکی دەوڵەت یان ئەندامانی پەرلەمان، وە بابەتەکانی تر کە پەیوەستن بەو هەموارکردنە دەستوورانەی کە هەر وڵاتێک لە ژێر ڕۆشنایی بارودۆخە سیاسی و ئابوورییەکەیدا پەسەندی دەکات.
بۆ نموونە دەستووری تورکیا ساڵی ١٩٨٢ ئەم سنووردارکردنە ڕێکارانەی لە مادە (١٧٥) دا دیاریکردووە کە پێویستە لانیکەم یەک لەسەر سێی کۆی ئەندامانی ئەنجوومەنی نیشتمانی بە نووسراو پێشنیازی هەموارکردنەوەی دەستوور بکەن، هەروەها پڕۆژە یاساکانی هەموارکردنەوەی دەستووری تورکیای گەورە لە پلینۆمی ئەنجوومەنی نیشتمانیدا دووجار تاوتوێ دەکرێن و
بۆگەڵاڵەکردنی هەر هەموارکردنەوەیەکی دەستوور دەبێ بە زۆرینەی سێ لەسەر پێنجی کۆی ئەندامانی ئەنجوومەنی نیشتمانی لە دەنگدانێکی نهێنیدا پەسەندی بکات.
ئەم ڕێکاری سنووردارکردنە، لە بەرامبەردا، کەوتوونەتە ژێر چاودێریکردنی دادوەرییەوە لە ئەگەری پێشێلکردنیان لەلایەن دەسەڵاتی هەموارکردنەوە. وا دادەنرێت کە لە سنووری ئەو دەسەڵاتەی کە پێی دراوە بۆ هەموارکردنەوەی دەستوور لایداوە، ڕەنگە دیارترینیان زۆرینەی وەسفکراو بێت، وەک زۆرینەی دوو لەسەر سێ، یان سێ لەسەر پێنجی کۆی ژمارەی ئەندامانی پەرلەمان، کە لە ئەنجامدا هەموارکردنەوەی دەستوورەکە نایاسایی دەبێت.

**نرخی یاسایی ئەو دەقانەی کە هەموارکردنەوەی دەستوور قەدەغە دەکەن:**

سەبارەت بە نرخی یاسایی ئەو دەقانەی کە هەموارکردنەوەی دەقەکانی دەستوور قەدەغە دەکەن، بیروڕای یاسازانەکان جیاوازە، هەندێک لەو یاسازانانە پێیان وایە ئەو دەقانەی کە هەموارکردنی دەستوور قەدەغە دەکەن، هیچ بەهایەکی یاساییان نییە، هیچی تر نین لە تەنها خواستێک، کە هیچ هێزێکی یاسایی پابەندکەریان نییە، چونکە پێچەوانەی سروشتی دەستوور خۆیەتی، کە ئامرازێکە بۆ بەرجەستەکردنی پێویستی بۆ ڕێکخستنی دەوڵەت، کە جێگەی دەستکاریکردنە بۆ ئەوەی هاوسەنگ بێت لەگەڵ گۆڕانی ئەو بارودۆخەی کە دەوڵەت تێیدا دەژی و قەدەغەکردنی هەموارکردنەوەش پێچەوانەی بنەمای سەروەری گەلە.

ئەو یاسازانانە پێیان وایە ئەو دەسەڵاتە پێکهێنەرەی کە لە کاتی دیاریکراودا دەستووری داناوە، ناتوانێت لە داهاتوودا ئەو دەسەڵاتە پێکهێنەرە سنووردار بکات کە گوزارشت لە ئیرادەی گەل دەکات، بەو پێیەی لێی باڵاتر نییە، هەر بۆیەش ئەم یاسازانانە ڕەتی دەکەنەوە، ئەو دەقە دەستووریانەی کە بە شێوەیەکی ڕەها هەموارکردنەوەی دەستووریان قەدەغە کردووە، یان بە شێوەیەکی کاتی، یان لە بارودۆخی تایبەت، کە هیچ بەهایەکی یاسایی هەبێت، چونکە پێچەوانەی حوکمی یاسایە، هەروەها پێچەوانەی سروشتی شتەکانە، هەروەها هەموو ئەو پاساوانەی کە بۆ جێگیربوونی دەستوور هێناویانەتەوە، بەتایبەتی ئەوەی پەیوەندی بە قەدەغەکردنی هەموارکردنی بابەتییەوە هەیە، پاساوی سیاسیین و مەبەست لێیان پارێزگاریکردنە لە سیستەمێکی سیاسی دیاریکراو، یان پاراستنی دەسکەوتێکی سیاسی.

لە بەرامبەردا، هەندێک یاسازانی تر پشتگیری خۆیان لە سەر ئەو بنەمایە دەخەنە ڕوو کە قەدەغەکردنی هەموارکردنەوە، هەرچەندە پێدەچێت لەگەڵ سەروەری گەل و مافی پراکتیزەکردنی دەسەڵاتی پێکهێنەردا ناتەبا بێت، بەڵام دروست نییە ئەم سەروەرییە پشتگوێ

بخرێت، چونکە ئەم دەقانە لە کۆتایی جگە لە دەربڕینی سەروەری گەل هیچی تر نین، بەم پێیەش ئەو دەقانەی کە هەموارکردنەکە قەدەغە دەکەن لە ڕوانگەی سیاسییەوە ڕاستن، دەبێت ڕێزیان لێ بگیرێت. بۆیە هەر پێشێلکارییەک لەم بڕگانە بە پێشێلکردنی ئەو دەستوورە دادەنرێت کە لە ڕێگەی دەسەڵاتی پێکهێنەرەوە داڕێژراوە کە گوزارشت لە ئیرادەی جەماوەری دەکات. هەندێک لە یاسازانە دەستوورییەکان پشتڕاستیێدان کردەوە کە قەدەغەکردنی دەستووری، ئەگەر لەگەڵ پرەنسیپی سەروەری گەلدا ناکۆکە، ئەوە وتەیەکە، و ئەگەر لەلایەنی سیاسییەوە ڕاست بێت، ئەوا لە لایەنی سیاسییەوە نییە، چونکە خەڵک تەنیا دەتوانێت مافی خۆیان لە ڕێگەی ئەو دەسەڵاتە یاساییانەی دەستوور دروستی کردوون بەکاربهێنن، بۆیە بە شێوەیەکی ئاقڵمەندی دا وا خەیاڵ ناکرێت کە ئەو دەسەڵاتانە هەبن، بۆ ئەنجامدانی کردەوەیەکی پێچەوانەی بڕگەکانی دەستوور، مەگەر ئامانجی ئەم کردەوەیە بۆ ئەنجامدانی کودەتا، یان شۆڕش بێت.

لە بەرامبەر ئەم دوو کۆمەڵە یاسازانەدا، هەندێک یاسازانی تر پێیان وایە ئەوەی کە یاسازانەکان بۆی چوونە سەبارەت بە پەسەندکردنی یاسایی بوونی ئەو دەقانەی کە دەستکاریکردن قەدەغە دەکەن، بە هیچ شێوەیەک بەو مانایە نییە کە ئەم دەقانە ڕێگەپێدراو نین دەستکاری بکرێت، بۆیە دەبێت جیاوازی لە نێوان یاسایی بوونی دەقەکە و یاسایی بوونی دەستکاریکردنەکەدا بکرێت. واتە هەرچەندە دەقەکە هێزێکی یاسایی پابەندکەری هەیە، بەڵام دەکرێت دەستوور لە کاتی پێویستدا هەموار بکرێتەوە لەسەر بنەمای ئەوەی کە بەهای ڕاستەقینەی ئەم دەقانە سنووردارە بەو ڕاستییەی کە دەبێتە هۆی ڕێگریکردن لە هەموارکردنەکە مەگەر دوای وردبینییەکی ورد.

ئەمەو واقیعی سیاسی کۆمەڵگاکان ئەوە دەردەخەن کە هەموو کاتێک چەقبەستنی دەستوور لەگەڵ یاسا و سروشتی شتەکان ناکۆک نابێت.

بۆ نموونە، داگیرکردنی نیشتمان لە لایەن سوپای داگیرکەرەوە دەبێتە هۆی ئەوەی کە دەسەڵاتی دامەزرێنەر مەحاڵ بێت کارەکانی خۆی ئەنجام بدات مەبەستمان ئەوەیە کە هەموارکردنەوەی دەستوور لە بارودۆخێکی وادا کارێکی نەشیاوە.
جا ئەم هۆکارە دوای جەنگی جیهانی دووەم وای لە یاسادانەری دەستووری فەرەنسی کرد کە لە دەستووری ساڵی ١٩٤٦ دا قەدەغەکردنێکی کاتی بسەپێنێ کە مەبەست لێی ڕێگاگرتن بوو لە هەموارکردنەوەی دەستوور لە کاتی داگیرکردنی نیشتمان، یان بەشێکی خاکەکەی لە لایەن هێزی بێگانەوە.
شایەنی ئاماژەبۆکردنە، دەقێکی وا لەگەڵ لۆژیک ناگونجێت، چونکە هێزی داگیرکەر ئەگەر بیەوێت دەستووری ئەو وڵاتە هەڵدەوەشێنێتەوە، یان هەمواری دەکاتەوە، بۆ نموونە کاتێک هێزەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ساڵی ٢٠٠٣ عێراقیان داگیر کرد، لە ساڵی ٢٠٠٤ یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتێدان بۆ قۆناغی گواستنەوە دەرهێنا و دەستووری ساڵی ١٩٧٠ یان لە کار خست، دواتریش لە ساڵی ٢٠٠٥ دەستوورێکی نوێ هەر لە ژێر سێبەری هێزی داگیرکەری ئەمریکی و بە سەرپەرشتی ئەوان دەرچوو.

## ٢-ڕێکارەکانی هەموارکردنەوەی دەستوور

شاراوە نییە، ڕێکارەکانی هەموارکردنەوەی دەستووری جێگیر جیاوازی هەیە لەگەڵ ڕێکارەکانی هەموارکردنەوەی یاسای ئاسایی، هەرچەند ئەو ڕێکارانە لە دەستوورێکەوە بۆ دەستوورێکی تر دەگۆڕێن. دەتوانین ئەم ڕێکارانە دابەش بکەین بۆ سێ قۆناغی بنەڕەتی، قۆناغی پێشنیازکردنی هەموارکردن، هەروەها قۆناغی ڕەزامەندیکردن لە سەر هەموارکردن، دوا قۆناغیش پەسندکردنی هەموارکردنە بە دوا

دارشتنەکەیەوە (تصديق التعديل بصيغته النهائيه)، لە خوارەوە لە سێ خاڵدا باسیان دەکەین:

## قۆناغی یەکەم: قۆناغی پێشنیازکردنی هەموارکردن (مرحلة اقتراح التعديل)

دەستووری وڵاتان لە دەسنیشانکردنی ئەو لایەنەی کە مافی پێشکەشکردنی پێشنیازی هەیە بۆ هەموارکردنەوەی دەستوور هەموویان وەکو یەک نین، بە پێی ئەو فەلسەفە سیاسیەی کە دەستوورەکە کاری پێ کردووە جیاوازیان لەگەڵ یەک هەیە. هەندێک لەو دەستوورانە مافی هەموارکردنەوەی دەستوورییان داوە بە دەسەڵاتی جێبەجێکردن، هەندێکی تریان ئەو دەسەڵاتەیان داوە بە دەسەڵاتی یاسادانان، هەندێکی تریشیان ئەو دەسەڵاتەی داوە بە هەردوو دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردن، یان دەسەڵاتی یاسادانان و گەل.
لە سایەی ئەو دەستوورانەی کە ئامانجیان بەهێزکردنی دەسەڵاتی جێبەجێکردنە لە سەر حسێبی دەسەڵاتی یاسادانان، دەبینین مافی پێشنیازکردنی هەموارکردنی دەستوور تەنها هی حکوومەتە، یان بە تەنها مافی سەرۆکی وڵاتە.
لە دەستوورە کۆنەکاندا، کە کاریان بەم شێوازە کردووە، دەستووری فەڕەنسی ساڵی ١٨٥٢ لە سەردەمی ناپلیۆنی سێیەم، هەروەهاش نموونەی دەستوورە نوێیەکان، دەستووری ئوردنی ساڵی ١٩٥٢.
نموونەی ئەو دەستوورانەی کە دەسەڵاتی پێشنیازکردنی هەموارکردنی دەستووریان بەخشیوە بە دەسەڵاتی یاسادانان و تەفزیلیان کردووە بە سەر دەسەڵاتی جێبەجێکردنەوە، دەستووری فەڕەنسی ساڵی ١٩٤٦.
هەروەها نموونەی ئەو دەستوورانەی کە ئەم مافەیان بە هەردوو دەسەڵاتەکە داوەو بەمەش هاوسەنگیان لە نێوان هەردوو دەسەڵات

ڕاگرتووە، دەستووری تونسی ساڵی ١٩٥٩ هەروەها دەستووری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥ کە لە ماددە/١٢٦ دا مافی پێشنیازکردنی هەموارکردنەوەی دەستووری داوە بە سەرۆک کۆمار و سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران پێکەوە، یان یەک لە سەر پێنجی ئەندامانی ئەنجوومەنی نوێنەران. لە کۆتاییدا لەوانەیە مافی پێشنیازکردنی هەموارکردنەوەی دەستوور بدرێت بە گەل هەروەها نوێنەرەکانی لە هەمان کاتدا، بۆ نموونە دەستووری فەرەنسی ساڵی ١٧٩٣.

## قۆناغی دووەم: قۆناغی ڕەزامەندیکردن لە سەر هەموارکردن (مرحلة الموافقة على التعديل)

زۆربەی دەستوورەکان دەسەڵاتی ڕەزامەندیدان بۆ پرسی هەموارکردنەوەی دەستوور بە پەرلەمان دەبەخشن و بڕیاردان لە سەر هەموارکردنەوەی دەستوور بۆ ئەو جێ دەهێڵن، ئایا پێویستە دەستوور هەموار بکرێتەوە، یان نا، چونکە پەرلەمان بۆ یەکلایی کردنەوەی جێبەجێکردنی هەموارە پێشنیازکراوەکە لە هەموو دەستە و دەسەڵاتەکانی تری دەوڵەت دەسەڵاتی زیاترە. دەستوورێکی زۆر کاریان بەم شێوازە کردووە، لەوانە دەستووری سۆڤێتی پێشوو هەروەها یاسای بنەڕەتی عێراقی ساڵی ١٩٢٥.

## قۆناغی سێیەم: پەسندکردنی پاکنووسی دەستووره هەموارکراوەکە (اقرار التعديل بصيغتها النهائية)

زۆربەی دەستوورەکان مافی پەسندکردنی پاکنووسی هەموارکردنەکە بە هەندێک مەرجی تایبەتی بە دەسەڵاتی یاسادانانی دەبەخشن. بۆ

نموونە دەستووری تونسی ساڵی ١٩٥٩ هەندێک مەرجی لە بەردەم دەسەڵاتی یاسادانان داناوە بۆ پراکتیزەکردنی ئەم مافە.
بەڵام یاسای بنەڕەتی عێراقی ساڵی ١٩٢٥ ڕێگایەکی قورس و ئاڵۆزتری بۆ ئەم مەبەستە گرتۆتە بەر و لە ماددە/١١٩ دا هەندێک مەرجی قورسی داناوە و تێدایدا هاتووە: ((دوای ڕەزامەندی دوو لە سەر سێی ئەندامانی ئەنجوومەنی نیشتمانی (مجلس الامە) لە سەر پڕۆژەی هەموارکردنی دەستوور، ئەنجوومەنی نوێنەران هەڵدەوەشێتەوە و ئەنجوومەنێکی تری نوێ لە شوێنی ئەو هەڵدەبژێردرێتەوە و بڕیاری هەموارکردنەکەی دەخرێتە بەردەم و دەبێ جارێکی تر لەلایەن ئەنجوومەنی پیران دەنگی لە سەر بدرێتەوە، جا ئەگەر هاتوو هەردوو ئەنجوومەن (نوێنەران و پیران) بە دوو لە سەرسێی ئەندامەکانی دەنگیان لە سەر دا، ئەوا دەبێ هەموارکردنەکە بخرێتە بەردەم پاشا بۆ پەسەندکردن و بڵاوکردنەوەی، ئەوجا کاری پێ دەکرێت.

## پەکخستن و هەڵوەشاندنەوە دەستوور (تعطیل الدستور و الغائە)

### یەکەم: پەکخستنی دەستوور

ئەو کەسانەی لە وڵاتدا دەسەڵاتێدان گرتۆتە دەست، بۆ ڕوو بەڕوو بوونەوەو چارەسەرکردنی قەیرانە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان هەموو دەستوورەکە، یان بەشێکی پەک دەخەن، هەروەها لە حاڵەتی جەنگ و یاخی بوون و بوونی هەڕەشە لە سەر سەربەخۆیی دەوڵەت و یەکپارچەیی خاکەکەی و دەزگا دەستووریەکانیشدا ئەمە ڕوودەدات.
بە گرتنە بەری ئەم ڕێکارە دەستوور هەڵناوەشێتەوە، بەڵکوو دەستەیەک لە دەستەکانی دەوڵەت وەک (سەرۆکی دەوڵەت) لە سەر حسێبی دەستەکانی تر دەسەڵاتێکی نائاسایی پێ دەدرێت بۆ ئەو بارودۆخ و

قەیرانانەی کە هاتوونەتە پێش، ئەمەش وا دەکات دەزگا دەستوورییەکانی تری دەوڵەت ئیفلیج بێت و بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەخۆش کاریگەری نەرێنی لە سەر ماف و ئازادییەکانی هاوڵاتێدان دەبێت.

ئەم جۆرە پەکخستنە پێی دەوترێت پەکخستنی فەرمی دەستوور وەک لە ماددە١٦/ ی دەستووری فەرەنسیدا هاتووە و لە حاڵەتی پێویستی هەندێک دەسەڵاتی نائاسایی داوەتە سەرۆکی کۆمار.
هەندێکجاریش پەکخستنەکە نا فەرمی دەبێت، کاتێک بە شێوەیەکی فەرمی ڕاناگەیەندرێت، بەڵام بە کردە هەستی پێ دەکرێت. بۆ نموونە لە ماددە٢/ ی یاسای بنەڕەتی عێراقی ساڵی ١٩٢٥ دا هاتووە کە شێوەی حکوومەت پەرلەمانییە، بەڵام لە خوێندنەوەی دۆخی سیاسی ئەوکاتی عێراق بۆمان دەردەکەوێت کە سیستەمێکی پەرلەمانی ڕاستەقینە نەبووە.

**دووەم: هەڵوەشاندنەوەی دەستوور (الغاء الدستور)**

هەڵوەشاندنەوەی دەستوور بە دوو ڕێگا دەبێت بەم شێوەیەی خوارەوە:
١-هەڵوەشانەوەی دەستوور بە ڕێگایەکی ئاسایی، یان سروشتی
مەبەست لە کۆتایی هاتنی دەستوور بە ڕێگایەکی ئاسایی، یان سروشتی، یان فەرمی، کۆتایی هاتنی دەستوور و هەڵوەشاندنەوەیەتی بە ڕێگایەکی فەرمی و دانانی دەستوورێکی نوێیە لە شوێنی کە بگونجێت لەگەڵ ئەو پێشکەوتنانەی کە کۆمەڵگەی سیاسی لە هەموو ڕوێکەوە بە خۆیەوە دەیبینێ.
جا دەستووریش، وەکو لە پێشتر باسمان لێوە کرد، یان بە پێی ئەو ڕێکارانەی کە بۆ هەموارکردنەوەی، یان هەڵوەشاندنەوەی دەگیرێتە بەر

به دەستووری جێگیر، یان ناجێگیر دادەندرێت، هەروەها لە سەر ئەم بنچینەیە دەبینین دەستووری ناجێگیر بە گرتنەبەری هەمان ئەو ڕێکارە یاساییانەی کە بۆ هەموارکردنەوە و هەڵوەشاندنەوەی یاسایەکی ئاسایی دەگرترێتە بەر، هەروەهاش لە لایەن هەمان یاسادانەری یاسای ئاساییەوە هەموار دەکرێت، یان هەڵدەوەشێتەوە. زۆربەی بنەما دەستووریەکانی ئینگلیزی کۆن باشترین نموونەی دەستووری ناجێگیرن، چونکە پەرلەمانی ئینگلیزی دەتوانێ بە گرتنەبەری هەمان ڕێوشوێنی هەموارکردنەوە و هەڵوەشاندنەوەی یاسای ئاسایی هەمواری بکاتەوە، یان هەڵیبووەشێنێتەوە.

هەروەها بنەما عورفییەکانی دەستوور بە زۆری بنەمای ناجێگیرن، لە ڕووی هەموارکردنەوە و هەڵوەشانەوەدا هەمان حوکمی بنەما یاساییەکانی یاسای ئاساییان هەیە، چونکە بە هاتنە کایەوەی داب و نەریتی نوێ کە پێچەوانەی ئەو داب و نەریتانە بێت، کە هەن، شوێنیان دەگرنەوە، یان لە ڕێگەی یاسادانەری ئاساییەوە، بە گرتنەبەری هەمان ئەو ڕێوشوێنانەی کە بۆ هەموارکردنەوە و هەڵوەشاندنەوەی یاسایەکی ئاسایی دەگرترێتە بەر هەڵدەوەشێنەوە.

سەبارەت بە دەستووری جێگیر، بۆ هەڵوەشاندنەوەی لە هەندێک ڕووەوە هەندێک گرفتمان دێتە بەردەم، وەکو لەوەو پێش بینیمان هەڵوەشاندنەوەی بەشێکی (مەبەستمان هەموارکردنەوەیەتی) کارێکی ئاسایی بوو، دەستوورە جێگیرەکان لە دووتۆی دەقەکانی دەستووردا ئەو ڕێکار و فۆرمانەیان دەستنیشان کردووە کە بۆ هەموارکردنەوە، یان هەڵوەشاندنەوەیان پێویستە بگرترێتە بەر، جیاوازیان هەیە لەگەڵ ئەو شێوەو ڕێکارانەی کە پێویستە بۆ هەموارکردنەوە، یان هەڵوەشاندنەوەی یاسای ئاسایی بگرترێتە بەر.

لە کاتێکدا هەموارکردنەوەی گشتگیرو سەرتاسەری دەستوور (هەڵوەشانەوە) کارێکی قورس و ئاڵۆزە، بۆ نموونە دەستووری فەڕەنسی

ساڵی ١٨٧٥ (دەستوورێکی جێگیرە). ئەو دەستە و ڕێوشوێنانەی دیارکردووە کە پێویستە بگرترێنە بەر بۆ هەموارکردنەوەی دەستوور بە تەواوەتی (هەڵوەشاندنەوە)، لەم ڕووەوە دەبینین ئەم دەستوورە بێ وێنەیە و هیچ هاوتایەکی نییە، چونکە زۆربەی دەستوورە جێگیرەکان بۆ هەموارکردنەوە و هەڵوەشاندنەوەی بە تەواوەتی هیچ دەقێکی دەستووریان تێدا نەهاتووە. پرسیارێک لێرەدا خۆی دەسەپێنێ، ئەویش ئەوەیە، ئەو دەستەیەی کە دەستوور دەسەڵاتی پێ داوە بۆ هەموارکردنەوەی بەشێکی، ئایا دەتوانێ تێکڕای دەستوورەکە هەمواربکاتەوە بە گرتنەبەری هەمان ئەو ڕێوشوێنانەی کە بۆ هەموارکردنەوەی بەشێکی دەستوورەکە تۆمار کراوە؟

زۆربەی یاسازانەکان وەڵامی ئەم پرسیارە دەدەنەوە، کە ناکرێ دەسەڵاتی هەموارکردنەوەی تێکڕای دەستوور (هەڵوەشاندنەوە) بدرێتە هەمان ئەو دەستەیە کە دەسەڵاتی هەموارکردنەوە و هەڵوەشاندنەوەی بەشێکی دەستووری پێ دراوە. هۆیەکەشی دەگەڕێننەوە بۆ ئەوەی کە ئەم دەستەیە بەشێکە لەو دەستانەی تری دەوڵەت و سەربەخۆ نییە، بۆیە ئەگەر بێت و هەموو دەستوورەکەی بە تێکڕا هەموار کردەوە، یان هەڵوەشاندەوە، یان فەلسەفە سیاسیە بنەڕەتیەکەی لەبار برد، مانای ئەوە دەگەیەنێت کە سنووری دەسەڵاتی خۆی بەزاندووە و خۆی کردۆتە دەسەڵاتێکی ئەسڵی، کە ئەمەش نابێت، چونکە تەنها دەسەڵاتی ئەسڵی کە لە لایەن گەلەوە ئەندامەکانی هەڵبژێردرابن دەتوانێ دەستوورێکی نوێ دابنێت، جا هەموارکردنەوە و هەڵوەشاندنەوەی تێکڕای دەستوور و دانانەوەی بنەمای دەستووریی تر لە شوێنیان لە لایەن دەستەیەکی لاوەکی مانای ئەوە دەگەیەنێت کە ئەو دەستەیە خۆی بە جێگرەوەی دەستەی ئەسڵی داناوە، کە ئەمەش نابێت.

شایەنی ئاماژەبۆکردنە، هەڵوەشاندنەوەی دەستوور بە دوو ڕێگا دەبێت، بە شێوەیەکی ڕاشکاو (صریح)، یان بە شێوەیەکی ناڕاشکاو (چمنی).

مەبەست لە هەڵوەشاندنەوەی ڕاشکاو ئەوەیە کاتێک دەستووری نوێ لە میانی دەقەکانیدا بە ڕاشکاوی دەستووری کۆن هەڵبووەشێنێتەوە، بەڵام هەڵوەشاندنەوەی ناڕاشکاو بریتیە لەو حاڵەتەی کە ئەو حوکم و پرەنسیپانەی کە دەستووری نوێ لە خۆی گرتوونە ناکۆک بێت لەگەڵ حوکم و پرەنسیپەکانی دەستووری کۆن، یان کاتێک دەستووری نوێ گشت ئەو بابەتانە ڕێک بخات کە دەستووری کۆن ڕێکی خستبوون. بۆ نموونە ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش دەستووری کۆماری عێراقی ساڵی ١٩٧٠ ی دەرهێنا و شوێنی دەستووری ساڵی ١٩٦٨ ی پێ گرتەوە، بە بێ ئەوەی هیچ دەقێکی تێدا بێت ئاماژە بە هەڵوەشاندنەوەی دەستوورە کۆنەکە بکات. هەروەها دەستووری یەکێتی سۆڤێتی ساڵی ١٩٧٧ دەرچوو بە بێ ئەوەی هیچ دەقێکی تێدا بێت ئاماژە بە هەڵوەشاندنەوەی دەستووری ساڵی ١٩٣٦ بکات.

لە کۆتاییدا، هەڵوەشاندنەوەی دەستوور گریمانەی بوون و مانەوەی کەسایەتی یاسایی هەمان دەوڵەت خاوەن دەستوورەکە دەکات، بەڵام ئەگەر هاتوو دەوڵەتێکی نوێ لە ئەنجامی یەکگرتنەوەی دوو دەوڵەت دروست بوو، لە ئاکامی ئەوەدا کەسایەتییێکی یاسایی نوێ دێتە ئاراوەو کەسایەتی یاسایی هەردوو دەوڵەتە یەکگرتووەکە کۆتایی پێ دێت. کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا هەڵوەشاندنەوەی دەستووری ئەو وڵاتانەی لێ دەکەوێتەوە، بەبێ خۆبەستانەوە بە هیچ کۆت و بەندێک لە هەڵوەشاندنەوەیاندا بە شێوازەکانی کۆن، دەستووری نوێ بۆ دەوڵەتە نوێیەکە دادەندرێت. بۆ نموونە کۆماری عەرەبی یەکگرتوو لە ساڵی ١٩٥٨ دوای تێکەڵبوونەوەی هەریەکێک لە میسر و سوریا لە یەک دەوڵەتدا.کە ئەمەش بوونی کەسایەتییێکی یاسایی نوێ و دەستوورێکی نوێی لێ کەوتەوە کە دەستووری ساڵی ١٩٥٨ بوو، هەروەها هەڵوەشاندنەوەی دەستووری میسری ساڵی ١٩٥٦ و دەستووری سوری ساڵی ١٩٥٠.

**ب-ڕێگای نائاسایی بۆ هەڵوەشاندنەوەی دەستوور**

**دەستوور بە دوو ڕێگای نائاسایی کۆتایی پێ دێت لە خوارەوە لە دوو خاڵدا باسیان دەکەین:**

**یەکەم-کۆتایی هاتنی دەستوور لە ئاکامی شۆڕش، یا کودەتا، یان داگیرکردنی وڵاتدا**

ئەگەر بێت و هەڵوەشاندنەوە بە ڕێگای سروشتی بێت بۆ کۆتایی هاتنی دەستوور، شۆڕش، یان کودەتا بە شێوازێکی نائاسایی دادەندرێت بۆ کارنەکردن بە دەستوور و کۆتایی پێهێنانی، شۆڕش و کودەتا لە جیهاندا ڕۆڵێکی بەرچاویان هەبووە لە هەڵوەشاندنەوەی دەستوورەکان، بۆ نموونە دەستوورەکانی فەڕەنسا بێ لە دەستووری ساڵی ١٧٩٣ کە لە بنەڕەتەوە بۆ چرکە ساتێکیش جێبەجێ نەکرا، هەروەها دەستووری ساڵی ١٨٧٥ کە دوای داگیرکردنی فەڕەنسا لە ساڵی ١٩٤٠ هەڵوەشایەوە.
هەروەها دەستووری عێراقی ساڵی ١٩٧٠ دوای داگیرکردنی عێراق لە لایەن وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی لە ساڵی ٢٠٠٣ هەڵوەشایەوە.

**کاریگەری شۆڕش لە سەر دەستوور:**

بیروڕای یاسازانان لە بارەی کاریگەریی شۆڕش لە سەر ئەو دەستوورەی کە هەیە لێک جیاوازە، لە خوارەوە لە چەند خاڵێکدا باسی ئەم بیروڕایانە دەکەین هەروەها ئاماژە بەو بیروڕایە دەکەین کە بەلامانەوە پەسندە:

## ١- كەوتنی دەستوور لەخۆوە (السقوگ التلقائی للدستور)

بیروڕای بەرەی یەکەم، زۆربەی یاسازانەکان لەگەڵ ئەم بیروڕایەن، پێیان وایە کە سەرکەوتنی شۆڕش و بەدەستهێنانی دەسەڵات بە شێوەیەکی خێراو بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی دەبێتە هۆی کەوتنی دەستوور، بە بێ ئەوەی پێویست بە هیچ یاسایەک بکات بۆ بڕیاردان لە سەر ئەم کەوتنەی. ئامانجی شۆڕش نەهێشتنی سیستەمێکی سیاسی دیاریکراوە، هەمدیس سەرکەوتنی شۆڕش بە مانای کەوتنی ئەو سیستەمە سیاسییە دێت، هەروەها نەهێشتنی ئەو هێزە یاساییەی کە پشتی پێ بەستووە کە ئەویش دەستوورە.
جا هەرکاتێک لەلایەن ئەنجامدەرانی شۆڕشەکەوە کەوتنی دەستوورەکە ڕاگەیەندرا، یان دەقێک لە دەستووری سیستەمە سیاسیە نوێیەکە تۆمار بکرێت و ئاماژە بە کەوتنی دەستوورە کۆنەکە بکات، جا ئەو ڕاگەیاندنە، یان ئەو دەقە مانای ئەوە ناگەیەنێ کە بۆتە هۆی کەوتنی دەستوورە کۆنەکە چونکە حاڵەتێک ئاشکرا دەکات کە پێشتر ڕوویداوە، مەبەستمان کەوتنی دەستوورە کۆنەکەیە هەر لە یەکەم چرکە ساتی سەرکەوتنی شۆڕشەکە و گۆڕانی سیستەمی سیاسی وڵات.

## ٢-مانەوەی بنەما دەستوورییەکانی تایبەت بە ماف و ئازادییەکانی هاوڵاتێدان

بیروڕای دووەم، ئەو یاسازانانە وای بۆ دەچن، شۆڕش ئەو دەقە دەستووریانە هەڵناوەشێنێتەوە کە پەیوەندیان بە ماف و ئازادییەکانی هاوڵاتێدان هەیە، ئەم یاسازانانە پێیان وایە ئەو ماف و ئازادییانە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە سیستەمی سیاسیەوە نییە، بۆیە

دەبێ ڕێزیان لێ بگیرێت، چونکە ئەم ماف و ئازادیانە لە ویژدانی مرۆڤەکاندا جێگیر بوونە و لە دەقە دەستوورییە بەرکارەکان بەرز ترو باڵا ترن، جا دەکرێ ئەم دەقانە هەر هەموویان ناویان لێ بندرێت دەستووری کۆمەڵایەتی، کە بە گۆڕانی سیستەمی سیاسی لە وڵاتدا ناگۆڕێن، هەروەها لە بەر ئەوەی ئەم ماف و ئازادیانە لە بەڵگەنامە نێودەوڵەتیەکاندا تۆمار کراون، بۆ نموونە جاڕنامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ کە لە لایەن ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ١٩٤٨/١٢/١٠ ڕاگەیەندرا. جا دوابەدوای ئەمە جارێکی تر لە ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتیەکان جەختێدان لە سەر کراوەتەوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە لە دەستوور بەرزتر و باڵاترن. جا لە سەر ئەم بنەمایە بە سەرکەوتنی شۆڕش پێویستە کەوتنی دەستوور نەبێتە مایەی دەستدرێژیکردنە سەر ئەو دەقانەی کە پەیوەندییان بە ماف و ئازادیی هاوڵاتێدانەوە هەیە.

## ٣-جیاوازیی نێوان دەقە بابەتیەکانی دەستوور و دەقە ڕووکارییەکانی دەستوور (التمییز بین النصوص الدستوریه الموچوعیه والشکلیه)

بیروڕای بەرەی سێیەم، لایەنگرانی ئەم بەرەیە، لە ڕووی کاریگەریی شۆڕش لە سەر دەستوورەوە جیاوازی لە نێوان دوو جۆرە دەقی دەستووری دەکەن، بریتین لە دەقە بابەتیەکانی دەستوور و دەقە ڕووکارییەکانی دەستوور.
سەرکەوتنی شۆڕش و بەدەستهێنانی دەسەڵات دەبێتە هۆی خستنی دەقە بابەتیەکانی دەستوور، کە بریتین لەو دەقانەی کە پەیوەندییان بە سیستەمی دەوڵەتەوە هەیە. ئەمەو بۆ ئەوەی دەستوور پیرۆزی خۆی ڕابگرێت و جێگیریش بێت، شۆڕش نابێتە هۆی هەڵوەشاندنەوەی ئەو

دەقە بابەتێدانەی دەستوور کە بریتین لەو بنەمایانەی کە هیچ پەیوەندیان بە سیستەمی سیاسی دەوڵەتەوە نیە.
شایەنی ئاماژەبۆکردنە، سەرکەوتنی شۆڕش دەبێتە هۆی داماڵینی ئەو بنەما ڕووکارانە لە سیفەتی دەستووریدا (واتە داماڵینی مۆرکی دەستووریێتی) و دەبنە بنەمایەکی یاسایی ئاسایی، نموونەی ئەمەش ماددەی پێنجەمی دەستووری فەڕەنسی ساڵی ١٨٤٨ کە تاوانە سیاسیەکان حوکمی بە هەڵوەشاندنەوەی سزای لە سێدارەدانی لە داوە، ئەم ماددەیە دوای ئەوەی سیفەتی دەستووریی خۆی لە دەستدا وێڕای کەوتنی دەستوور لە ئاکامی کودەتای ساڵی ١٨٥١ وەک بنەمایەکی یاسایی ئاسایی بە بەرکاری (نافذ المفعول) مایەوە.

## ٤-هەڵوەشانەوەی دەستوور لە سەر ویست و ئارەزووی هەڵگیرسێنەرانی شۆڕش ڕادەوەستێ

بیروڕای بەرەی چوارەم و کۆتایی، لایەنگرانی ئەم بەرەیە وای بۆ دەچن کە کاری دەستبەسەرداگرتنی دەسەڵات، خۆی لە خۆیدا دەستوور هەڵناوەشێنێتەوە، بەڵکوو ئەو شتەی بنەما دەستووریەکان هەڵدەوەشێنێتەوە حوکمڕانە نوێیەکانن، چارەنووسی دەستوور لە سەر ویست و ئارەزووی ڕاشکاو، یان ناڕاشکاوی ئەوان ڕاوەستاوە.
جا بۆ دەستنیشانکردنی کاریگەریی شۆڕش لە سەر دەستوور، دەبێ لەو پرەنسیپەوە دەست پێ بکەین کە دەڵێ دەستوور وەکو خۆی دەمێنێتەوە، مادام حوکمڕانە نوێیەکان بۆ هەڵوەشاندنەوەی دەستوور بە تێکڕا یان بەشێکی گوزارشتێدان لە ویست و ئارەزووی ڕاشکاو، یان ناڕاشکاوی خۆیان نەکردووە. جا لە سەر ئەم بنچینەیە دوای بە ئەنجام گەیشتنی شۆڕش کاریگەرێتییەکەی لە سەر دەستوور هەڵدەسەنگێندرێت، چونکە زانایانی ئەم ڕێچکەیە دان بەوەدا دەنێن کە

شۆڕش لەخۆوە دەستوور هەڵناوەشێنێتەوە، بەڵکوو سیستەمی سیاسی نوێ بڕیار لە سەر مانەوەی دەستوور، یان هەڵوەشاندنەوەی تێکڕا، یان بەشێکی دەستوور دەدات. کۆمەڵێک یاسازان پشتگیری ئەم بۆچوونەیان کردووە لەوانە یاسازان لیۆن دگی.
ئێمە پشتگیری بۆچوونی ئەم لایەنە دەکەین، کە وای بۆ دەچێت سیستەمی نوێ کە دوای سەرکەوتنی شۆڕش دێتە ئاراوە، ئەو دەقانەی دەستوور کە لەگەڵ فەلسەفەی حوکمڕانێتییەکەی ناگونجێت، هەڵدەوەشێنێتەوە. جا لە سەر ئەم بنەمایە، دەتوانین بڵێین شۆڕش خۆی لە خۆیدا دەستوور هەڵناوەشێنێتەوە، چونکە هەندێک جار وا ڕێک دەکەوێ دوای سەرکەوتنی شۆڕش ئەو کەسانەی کە بە شۆڕشەکە هەستاون، هیچ هۆکارێک بەدی ناکەن بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەو دەستوورەی کە هەیە، مادام دەتوانن بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانیان فێڵ بەکاربێنن و لە سەر حوکمەکانی لابدەن.
بۆ نموونە گەلێک شۆڕش ڕوویان داوە و سیستەمی حوکمڕانیان لە وڵات گۆڕیوە، بەڵام دەستوورەکانی ئەو ڕژێمانەیان نەخستووە، لە هەندێک حاڵەتیشدا شۆڕشەکان پارێزگارییان لە هەندێک دەستە و دەزگا کردووە کە بەشێک بوونە لە ئامرازەکانی سیستەمی پێشوو، بە تایبەتی ئەو دەستە و دەزگایانەی کە سروشت نوێنەرایەتێدان هەیە. بۆ نموونە پەرلەمانی فەرەنسی کە پێش شۆڕشی فەرەنسی لە ساڵی ١٨٣٠ هەبوو، دوای شۆڕش وەکو خۆی مایەوە، چونکە ئەنجوومەنی نوێنەران سەرکردایەتی شۆڕشی کرد.
ئەمەو هەڵوەشاندنەوەی دەستوور بە هەر شێوازێک بێت، بە شێوازی ئاسایی بێت، یان بە شۆڕش، ڕاشکاو بێت، یان بە ناڕاشکاو، ئەم هەڵوەشانەوەیە سەرپێچی ئەو بنەما یاساییانە ناکات کە لە ناو دەوڵەتدا کاریان پێ دەکرێت، وەک بنەکانی یاسای مەدەنی و یاسای بازرگانی و یاسای تاوانکاری و .....هتد. هەروەها یاسازانەکان لە

نێوان خۆیاندا کۆکن لەسەر ئەوەی کە سەرکەوتنی شۆڕش نابێتە مایەی سەرپێچیکردنی ئەو بنەما یاساییانە، بەڵکوو بە بەرکاری دەمێننەوە تا ئەو کاتەی کە لەلایەن یاسادانەری نوێوە هەڵدەوەشێنەوە، جا چ بە شێوازێکی ڕاشکاو بێت، یان ناڕاشکاو. ئەمەش لە سەر ئەو فەلسەفە یاسایی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییە ڕادەوەستێ کە شۆڕش باوەڕی پێیەتی، هەروەها تاچەند ئەو یاسایانە کۆکن یان ناکۆکن لەگەڵ ئەو فەلسەفانە.

## دووەم-کۆتایی هاتنی دەستوور لە ئاکامی فەرامۆشکردندا

هەندێکجار دەستوور دەردەچێت، بەڵام لە ئاکامی بارودۆخێکی دیاریکراو بۆ ماوەیەکی زۆر جێبەجێ ناکرێت. ئەم بابەتە لە نێوان یاسازانەکاندا مشتومڕێکی زۆری لێ کەوتەوە. هەندێک وای بۆ دەچن بەکارنەهێنانی گشت دەقەکانی دەستووری بەرکار دەبێتە مایەی هەڵوەشاندنەوەی، بە هۆی ئەو هەستەی لای حوکمڕان و هاوڵاتێدان بە کەوتنی دەستوورەکە دروست دەبێت، یاسازانەکان دەستووری فەڕەنسی ساڵی ١٧٩٣ بە نموونە دەهێننەوە کە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە بۆ تەنها جارێکیش جێبەجێ نەکراوە.
هەندێکی تر لە یاسازانەکان پێیان وایە بەکارنەهێنانی دەقەکانی دەستوورێک، کەوتنی دەستوورەکەی لە ڕێگای فەرامۆشکردندا لێ ناکەوێتەوە، هەر بەو شێوەیە هیچ شتێک نییە ڕێگا لە جێبەجێکردنی دەستوورەکە بگرێت، کە هەندێک بارودۆخ وایان کرد بۆ ماوەیەکی دیاریکراو جێبەجێ نەکرێت، جا ئەگەر حوکمڕان و هاوڵاتێدان لەو باوەڕەدابن کە ئەو دەستوورە چیتر گوزارشت لەو بیرۆکە یاساییە ناکات کە زاڵە، ئەوان تەنها دەبێت کار بکەن بۆ دەرکردنی دەستوورێکی نوێ ئەو دەستوورەی کە هەیە هەڵوەشێنێتەوە. لەم ڕووەوە

له بارەی ئەنجوومەنی گەورە کە لە دەستووری تونسی ساڵی ١٨٦١ دەقنووس کراوە و سەرۆکی تونس لە ١٨٦٤/٤/٣٠ بە فەرمانێک کارەکانی هەڵپەسارد، هەردوو یاسازانانی فەڕەنسی لە کۆلێژی ماف لە پاریس (بارتلمنی Barthelemy) و (فایس Weis) لە ڕاوێژێکی یاساییدا لە سەر داوای (پارتی ئازادی دەستووری تونسی) دەڵێن ئەم دەستوورە لە ئەنجامی پێشێلکردن و فەرامۆشکردنیدا هەڵنەوەشاوەتەوە.

خوێندنەوەیەکی یاسایی ڕەخنەیی بۆ دەستووری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥ :
دەستووری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥ ڕەنگدانەوەی بارودۆخی ئەو ساتەیە کە دەستوورەکەی لێ لە دایک بووە، مەبەستم داگیرکردنی عێراق لەلایەن وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا و گرتنە دەستی دەسەڵات لەلایەن چەند هێزو گرۆپێکی سیاسی خاوەن ئایدیۆلۆژیا و تێڕوانینی جیا جیا، بە سەرپەرشتی حاکمی مەدەنی ئەمریکی (پۆل برێمەر) بە مەبەستی گۆڕینی سیستەمی سیاسی بەعس کە لە سەر بنەمای سۆسیالیزم و نەتەوە پەرستی دامەزرابوو، بۆ سیستەمێکی تری سیاسی نوێ کە لە سەر بنەمای دیموکراسی و بازاڕی ئازاد بنیات نراوە.
بەم شێوەیە، ئەمریکییەکان بۆ پێکانی ئامانجەکانیان بە کەمترین زیان، لە بەرامبەر ئەو هەژموونە زۆرەی کە هێزوو لایەنە عەرەبە شیعە مەزهەبەکان لە عێراقدا بە پاڵپشتی کۆماری ئێرانی ئیسلامی هەیان بوو، لەلایەکەوە موجامەلەی ئەو هێزانەی کرد، لە لایەکی تریشەوە خەون و ئاواتەکانی گەلی کوردیشی لەبەرچاو گرت کە خۆی لە مافی چارەی خۆنووسین دەبینێتەوە.
ئەوەبوو، لە قۆناغی یەکەمدا یاسای بەڕێوەبردنی کاروباری دەوڵەت بۆ قۆناغی گواستنەوە ساڵی ٢٠٠٤ ی دەرکرد و دوای ساڵێکیش لە ڕێگەی پێکهێنانی ئەنجوومەنێکی دامەزرێنەرێکی ئەسڵیەوە بە ناوی (ئەنجوومەنی نیشتمانی) بە پشتبەستن بە مادده (٦١) ی یاساکە کە لە

ڕێگای سندووقەکانی دەنگدانەوە ئەندامەکانی هەڵبژێردران، پڕۆژەی دەستوورێکی هەمیشەیی ئامادەکرا، و لە ڕێکەوتی ٢٠٠٥/١٠/١٥ خرایە ڕاپرسییەوەو دوای ئەوەی ڕێژەی (٧٨%) ی دەنگدەران ڕەزامەندییان لە سەر داو کەوتە بواری جێبەجیکردنەوە.
ئەم دەستوورە لە چێشتی مجێور دەچێت، وەک خوانێکی گەورە دێتە بەرچاو، هەر هێزو لایەن و قەوارەیەکی سیاسی عێراقی بە گشت نەتەوە و پێکهاتە جیاجیاکانی عێراقی، داواکاری و خواستەکانی خۆیان لە ڕێگەی چەند مادده و بڕگەیەکدا لە ناو جێگیر کردووە، ئەمەش وای کردووە کە هیچ تەنسیقێک و گونجانێک لە نێوان ئەو دەقانەدا نەبێت، تەنانەت لە زۆر شوێن بڕگەو ماددەکان دژوار و پێچەوانەی یەک بن. هەر ئەمەش وایکردووە کە ئەم دستوورە لە جیاتی ئەوەی ببێتە هۆکارێک بۆ پاراستنی یەکپارچەیی گەل و خاکی عێراق، بە پێچەوانەوە هۆکارێکە بۆ لە یەکتری تێنەگەیشتن و دروستبوونی قەیران و زیادبوونی کێشە و پارچە پارچە کردنی عێراق لە ئایندەدا.
ئەگەر سەیری مادده (١٤٣) بکەین تێدایدا هاتووە: ((یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت بۆ قۆناغی گواستنەوە و پاشکۆکەی هەڵدەوەشێنەوە لە پاش پێکهێنانی حکوومەتی نوێ جگە لە بڕگەی (أ)ی ماددەی (٥٣) و ماددەی (٥٨)).
بڕگەی (أ) ی مادده (٥٣) تایبەتە بە پێناسەی هەرێمی کوردستان و دانپێدانانی، مادده (٥٨) یش تایبەتە بە ناوچە کێشە لەسەرەکان.
بە بۆچوونی ئێمە ئەگەر یاسادانەری دەستووریی عێراقی نیازی جێبەجێکردنی ئەم بڕگە و ماددەیەی هەبوایە، ئەوا لەجیاتی ئەوەی لە دەرەوەی دەستوور بیانهێڵێتەوە، دەیخستە ناو دەستوورەکەوە.
بەڵام هەر زوو نیاز خراپی دەسەڵاتی سیاسی لە هەمبەر ئەوەدا بە دیار کەوت و بەشێک لە یاسازانەکان بە پشتبەستن بە مادده (١٤٠) ی دەستوور کە تێدایدا هاتووە: ((یەکەم: دەسەڵاتی ڕاپەڕاندن هەنگاوی

پێویست دەنێت بۆ تەواوکردنی جێبەجێکردنی پێداویستیەکانی مادەی (٥٨) لە یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت بۆ قۆناغی گواستنەوە بە هەموو بڕگەکانیەوە.
یەکەم: ئەو بەرپرسیاریەتیەی لەسەر شانی دەسەڵاتی ڕاپەڕاندنە لە حکوومەتی ئینتیقالیدا کە لە مادەی (٥٨) لە یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت بۆ قۆناغی گواستنەوەدا ئاماژەی پێکراوە، بەردەوام دەبێت و دەکەوێتە ئەستۆی دەسەڵاتی ڕاپەڕاندنی هەڵبژێردراو بەگوێرەی ئەم دەستووره بۆ ئەوەی بە تەواوی جێبەجێ بکرێت (ئاساییکردنەوە، سەرژمێری، لە کۆتاییدا ئەنجامدانی ڕاپرسی لە کەرکووک و ناوچەکانی تر کە ناکۆکیان لەسەرە بۆ دیاریکردنی ویستی هاووڵاتییان) لە ماوەیەکی دیاریکراودا کە لە مانگی ٢٠٠٧/١٢ تێپەڕ نەکات)) وتێدان ماوەکەی بەسەرچووە و قابیلی جێبەجێکردن نییە، بەو پێیەی کە دوا وادە بۆ جێبەجێکردنی ئەم ماددەیە کۆتایی مانگی دوانزەی ساڵی ٢٠٠٧ بووە.
ئەمەو دەستوورەکە بە دیباجەیەکی درێژدادڕ دەستی پێ کردووە کە کۆمەڵێک ڕووداوی مێژوویی و پرەنسیپ و ئامانجی تێکەڵ و پێکەڵی بە داڕشتنێکی ئەدەبی دوور لە داڕشتنی یاساییەوە لە خۆ گرتووە و لە کۆتایی دیباجەکەشدا جەخت لە سەر ئەوە کراوەتەوە کە پابەندبوون بەم دەستووره یەکێتی ئازادانەی گەل و خاک و سەروەری عێراق دەپارێزێت.
ئەگەر سەیری دەستەواژەی ((یەکێتی ئازادانەی گەل و خاک)) بکەین، کە لە کۆتایی دیباجەکەدا هاتووە، وەک ئاماژەیەک دێتە بەرچاو کە ئەم عێراقەی ئێستا کە بە پێی دەستووری ساڵی ٢٠٠٥ بەڕێوەدەچێت، لە ئاکامی یەکگرتنەوەی چەند پارچەیەکی تری خاک و گەلان پێکهاتووە، نەک وڵاتێک کە پێشتر بە هەمان پێکهاتەوە بوونی هەبووبێت و تەنها

سیستەمە سیاسیەکەی لە وڵاتێکی سەرتاپاگرەوە (شمولی) و مەرکەزییەوە بۆ وڵاتێکی فیدراڵی گۆڕابێت.
لەوانەیە ئەم پاشبەندە دەستوورییەیان لە جیاتی دانانی پرەنسیپی مافی چارەی خۆنووسین دانابێت کە دەبوو لە ناو ناوەڕۆکی دەستوورەکەدا بە زەقی و ڕاشکاوانە جێگەیان بکردبایەوە.
هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ دوو فاقی و دوو ڕوویی ئەو هێزو لایەنە سیاسیانەی کە ڕەشنووسی ئەم دەستوورەیان ئامادەکردووە.
وەکو دەزانین هەر خۆی دیباجە مشتومڕێکی زۆری لە سەرە، ئایا هەمان نرخی یاسایی و دەستووریی ناوەڕۆکی دەستووری هەیە یان نا؟
تەنانەت هەندێک لە یاسازانانی دەستووری پێیان وایە هەمان هێزی یاسایی و دەستووری ناوەڕۆکی دەستووری نییە، بۆیە وا پێ دەچێت لە دانانی ئەم دەستەواژەیەدا بە لێڵی و ناڕوونی لە دووتۆی دبیاجەکەدا، مەبەست لێی خۆدزینەوە بێت لە دانپێدانان بە مافی چارەی خۆنووسین کە لە ئێستادا بە پێی بەڵێننامەی (میپاق) نەتەوەیەکگرتووەکان و پەیماننامە نێودەوڵەتیەکانی بواری مافی مرۆڤ یەکێکە لە مافە ڕەواکانی گەلان.
بەم شێوەیە، کاتێک گەلی کوردستان لە ڕێکەوتی ٢٠١٧/٩/٢٥ ڕاپرسی ئەنجام دا بۆ سەربەخۆیی هەرێمی کوردستانی عێراق، وێڕای ئەوەی ڕێژەی (٩٢%) ی دەنگی بەشداربووانی بە دەست هێنا، بەڵام دادگای باڵای ئیتیحادی لە جیاتی ئەوەی دانی پێدا بنێت، بە هەنگاوێکی نادەستووری وەسفی کرد و تەنانەت لەلایەن حکوومەتی فیدرالی و وڵاتە ئیقلیمییەکان و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیشەوە دژایەتی کرا و لەبار برا.
وەکو وتمان سەرنجمان لە سەر زۆربەی بڕگەو ماددەکانی ئەم دەستوورە هەیە، بۆیە لە خوارەوە تەنها ئاماژە بە هەندێکیان دەکەین و وەک مشتێک کە نموونەی خروارێکە.

لە مادده (٢) دا هاتووە: ((یەکەم: ئیسلام ئایینی فەرمی دەوڵەتە و سەرچاوەی سەرەکی یاسادانانە:
أ- نابێت یاسایەک دابنرێت لەگەڵا حوکمە نەگۆڕەکانی ئیسلام ناتەبا بێت.
ب- نابێت یاسایەک دابنرێت لەگەڵ بنەما دیموکراسیەکان ناتەبا بێت)).
ئەم دوو بڕگەیە خۆی لە خۆیدا لەگەڵ یەکتری ناکۆکن و ناگونجێن، چونکە حوکمە نەگۆڕەکانی ئیسلام زۆربەیان لەگەڵ بنەما دیموکراسییەکان ناتەبان و قابیلی جێبەجێکردن نین.
بۆ نموونە بە پێی فەتوای جامیعەی ئەزهەر حوکمەکانی میرات لە ئیسلامدا بەڵگەو سەلماندنەکانی قەتعین (قگعیە الپبوت والدلالە) ، واتە هیچ بواری ئیجتهادی تێدادا نییە. کەواتە چی ڕوو دەدات ئەگەر بێت و لە داهاتوودا یاسای باری کەسی هەموار بکرێتەوە و بەشی میراتی کوڕ و کچ وەکو یەکی لێ بێت، وەکو وڵاتانی ڕۆژئاوا.
هەروەها سەبارەت بە گۆڕینی ئایین و ....هتد، یەکێکی تر لە خەوشەکانی ئەم دەستووره ئەوەیە کە کۆمەڵێک بواری چارەنووسساز و گرنگی چارەسەر نەکردووە و بۆ یاسادانەری ئاسایی بەجێی هێشتوون، کە بە یاسایەکی نائاسایی لەلایەن ئەنجوومەنی نوێنەرانەوە ڕێکیان بخات. لەوانە پێکهێنانی ئەنجوومەنی فیدرالییە کە تەواوکەری دەسەڵاتی یاسادانانە و زامنێکی گرنگیشە بۆ بەدیهێنانی دادپەروەری و یەکسانی لە نێوان نەتەوە و پێکهاتەکانی گەلانی عێراق بۆ داکۆکیکردن لە مافەکانیان.
بۆ ئەم مەبەستە لە مادده (٦٥) دا هاتووە: ((ئەنجوومەنێکی یاسادانان پێکدەهێنرێت کە بە (ئەنجومەنی فیدڕاڵی) ناودەبرێت، نوێنەرانی هەرێم و ئەو پارێزگایانە لەخۆ دەگرێت کە ناکەونە سنووری هیچ هەرێمێکەوە، پێکهاتە و مەرجەکانی ئەندامێتی و بواری

تایبەتمەندێتی ئەم ئەنجومەنە و هەرچی پەیوەندیدارە بەم بوارەوە بە یاسا ڕێکدەخرێت بە زۆرینەی دوو لەسەر سێی ٢/٣ دەنگی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران))، ئەمەش لە کاتێکدایە کە تاکو ئێستا ئەم ئەنجوومەنە پێکنەهاتووە و یاسای بۆ دەرنەچووە، بەمەش ئەو دەسەڵاتە یاسادانانەی کە بە پێی ئەم دەستوورە داندراوە یەکێک لە دەزگاکانی ناتەواوە.

یەکێکی تر لە خەوشەکانی ئەم دەستوورە هاوتاکردنی هەرێمەکانە لەگەڵ پارێزگا و ئیدارە ناوخۆییەکان، هەروەکو لە مادده (١١٦) دا هاتووە: ((ڕژێمی فیدڕاڵیی لە عێراقدا پێکدێت لە پایتەخت و هەرێمەکان و پارێزگا لامەرکەزیەکان و ئیدارە ناوخۆییەکان))، ئەمەش بە مەبەست کراوە، بۆ کەمکردنەوەی ئاستی سیاسی هەرێمەکان و دانانیان لە ئاستی پارێزگا و ئیدارە ناوخۆییەکان.

هەروەکو دەزانین، بەر لە دەرچوونی ئەم دەستوورە، حاکمی مەدەنی ئەمریکی (پۆل برێمەر) دەیویست سیستەمی سیاسی عێراق لە شێوەی فیدرالییەتی جوگرافیا بە پێی ژمارەی پارێزگاکان بۆ هەژدە هەرێمی جوگرافیایی دابەش بکات، نەک دابەشکردنێکی سیاسی و لە سەر ئاستی هەرێمەکان.

لەمەشدا مەبەستی ئەوەبوو ئەو قەوارە سیاسییەی کە لە دوای ڕاپەڕین لە ساڵی ١٩٩٢ لە هەرێمی کوردستان دروست بووە، کە خۆی لە قەوارەیەکی فیدرالی دەبینێتەوە، لەبار ببات و عێراقیش بە یەکپارچەیی و یەکگرتوویی بمێنێتەوە.

جەلال تاڵەبانی و مەسعود بارزانی ئەو کاتە هەردووکیان ئەندامی ئەنجوومەنی حوکم بوون، دوو ڕای جیاوازیان لەم بارەیەوە هەبوو، یەکەمیان پشتگیری بیرۆکەکەی دەکرد، بەڵام دووەمیان بە توندی ڕەتی کردەوە و لە دژیدا وەستا، بۆیە لەژێر فشاری مەسعود بارزانی و لە ترسی نارەزایی خەڵکی کوردستان، پۆل برێمەر دەستبەرداری

بیرۆکەکەی بوو، بەڵام وا پێ دەچێت وەک فێڵێکی یاسایی ئەمجارەیان بۆ هەمان مەبەست ئەم دەقەیان بەم شێوەیەی ئێستای دارشتبێتەوە، هەر بۆیە هەرێمەکان و پارێزگا و ئیدارە ناوخۆییەکانیان لەگەڵ یەکتری هاوتا کردوون.
یەکێکی تر لەو ماددەدەستوورییانەی کە زۆرترین مشتومڕی لە نێوان هێزە سیاسییەکان لێ کەوتۆتەوە، مادده (١١٢) ی دەستووری عێراقە کە تێدایدا هاتووە: ((یەکەم: حکوومەتی فیدڕاڵی لەگەڵ هەرێم و پارێزگا بەرهەمهێنەرەکان نەوت و غازی بەرهەمهێنراوی کێڵگەکانی ئێستا بەڕێوە دەبات بەمەرجێک داهاتەکانیان بە شێوەیەکی دادپەروەری و بەگوێرەی دابەشبوونی دانیشتوان لە سەرجەم پارچەکانی وڵاتدا دابەش بکرێت لەگەڵ دیاریکردنی پشک بۆ ماوەیەک بۆ ئەو هەرێمە زیانلێکەوتوانەی ڕژێمی پێشوو بێبەشی کردبوون و ئەوانەش کە پاشتر زیانیان لێکەوت بە جۆرێک گەشەسەندنێکی هاوتەریب بۆ ناوچە جیاوازەکانی وڵات مسۆگەر بکات و ئەمەش بە یاسا ڕێکدەخرێت.
دووەم: حکوومەتی فیدڕاڵیی و حکوومەتی هەرێمەکان و پارێزگا بەرهەمهێنەرەکان بەیەکەوە هەڵدەستن بە ڕەنگڕێژکردنی سیاسەتی ستراتیجی پێویست بۆ بەرەوپێشبردنی سامانی نەوت و غاز بەجۆرێک کە ببێتە مایەی دەستخستنی زۆرترین سوود و کەڵک بۆ گەلی عێراق ئەویش بە پشتبەستن بە نوێترین تەکنیکی بنەماکانی بازاڕ و هاندانی وەبەرهێنان)). بە پێی ئەم مادده دەستوورییە حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە مافی ڕەوای خۆی دەبینێ کە لە هەرێمی کوردستان نەوت دەربهێنێت و هەناردەی بازاڕەکانی جیهانی بکات و بیفرۆشێت. لە کاتێکدا حکوومەتی فیدرالیش ئەم کارە بە سەرپێچیکردنی دەستوور دەزانێت و داوا دەکات کە بە یەکەوە و بە هەماهەنگی ئەم کارە بکەن و داهاتەکانیش هەمووی بگەڕێننەوە خەزێنەی وڵات بەو

پێیەی کە بە پێی مادده (١١١) ی دەستوور نەوت و غاز موڵکی سەرجەم خەڵکی عێراقن لە هەرێم و پارێزگاکاندا.
تەنانەت دادگای باڵای ئیتیحادیش لە بڕیارێکیدا کە لە ٢٠٢٢/٢/١٥ دەری کردووە، هەمان بۆچوونی هەیەو جەخت لەسەر ئەوە دەکات کە هەرێم بۆی نییە بە شێوەیەکی سەربەخۆ نەوت دەرهێنێت و هەناردەی دەرەوەی بکات، بەڵکوو دەبێ بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی نەوتی فیدراڵ ئەمە بکەن. تێدایدا هاتووە یاسای نەوت و غازی حکوومەتی هەرێمی کوردستان کە لە ساڵی ٢٠٠٧ دەرچووە، دژ بە دەستوورە و دەبێت بەرهەمە نەوتییەکان ڕادەستی حکوومەتی ئیتیحادی بکات.
لە کۆتاییدا دەتوانین بڵێین ئەم دەستوورە لە جیاتی ئەوەی فاکتەرێک بێت بۆ پاراستنی یەکپارچەیی خاکی عێراق، بە پێچەوانەوە هۆکارێکە بۆ هەڵوەشاندنەوەی.

## پاشکۆ ژمارە (١)

## دەستووری عێراق

ئێمە ڕۆڵەکانی دۆڵی ڕافیدەین، نیشتمانی نێردراوان و پێغەمبەران، جێگای حەوانەوەی پێشەوایان و پیاوچاکان و پێشەنگانی شارستانیەت و داهێنەرانی نووسین و لانکەی ژماردن، لەسەر زەوی ئێمە یەکەم یاسا لەلایەن مرۆڤەوە دانرا، لە نیشتمانی ئێمەدا دادپەروەرانەترین چەرخی سیاسەتی بەڕێوەبردنی وڵاتان هەنگاوی بۆ نراو لەسەر خاکەکەمان هاوەڵان و پیاوچاکان نوێژیان خوێند و فەیلەسوف و زانایان تێڕامانیان ئەنجامدا و ئەدیب و شاعیران داهێنانیان کرد. وەک هەستکردن بە مافی خوا لە سەرمان و، بە دەنگەوە هاتنی نیشتمان و هاونیشتمانانمان و وەڵامدانەوەی بانگەوازی سەرکردە ئایینی و هێزە

نیشتمانییەکانمان و سوور بوونی سەرچاوە (مراجع) مەزنەکانمان و سەرکردە و سیاسیەکانمان و، لە ئاپۆڕەیەکی جیهانیدا لەلایەن هاوڕێیان و دۆستانەوە بۆ یەکەمجار لە مێژوودا بە ملیۆنان کەس لە ٣٠ کانوونی دووەمی ٢٠٠٥ بە ژن و پیاو و گەنج و پیرەوە بەرەو سندوقەکانی دەنگدان ڕۆیشتین. بە لەبیربوونی ئازارەکانی چەوساندنەوەی مەزهەبی لەلایەن تاقمە زۆردارەکە و، هەستکردن بە ئازاری شەهیدانی عێراق بە شیعە و سوننە و عەرەب و کورد و تورکمان لەگەڵا براکانی تریان لە پێکهاتەکانی دیکە و ئیحا وەرگرتن لە ستەم و شکاندنی ڕێزی شارە پیرۆزەکان و باشوور لەمیانەی ڕاپەڕینی شەعبان و جەرگ سووتاو بە ئاگری گۆڕە بە کۆمەڵەکان و زۆنگاوەکان و دوجەیل و ئەوانی دی، بە وەدەنگ هاتن لەسەر سزاکانی سەرکوتکردنی نەتەوایەتی لە قەسابخانەکانی هەڵەبجە و بارزان و ئەنفال و کوردە فەیلییەکان و، هەستکردن بە ئازارەکانی تورکمان لە بەشیر، وەک سەرجەم ناوچەکانی دیکەی عێراق، ئەوەبوو خەڵکی ناوچەکانی ڕۆژئاوا زۆریان چەشت بە لەناوبردنی سەرکردە و ڕەمز و سەرۆک عەشیرەت و ئاوارەکردنی تواناکان و وشک کردنی سەرچاوەکانی بیرو ڕۆشنبیریان، بۆیە دەست لەناو دەست و بەیەک ڕیز هەوڵماندا بۆ بنیاتنانەوەی عێراقی نوێ، عێراقی ئایندە بە بێ دەمارگیری مەزهەبی و لایەنگیری ڕەگەزپەرستانە و گرێی ناوچەیی و جیاخوازی و دوورخستنەوەی هیچ لایەک.

تەکفیر و تیرۆریش نەبووە ڕێگر لەبەردەمماندا بۆ بنیاتنانی دەوڵەتی یاسا، مەزهەبگەریەتی و ڕەگەزپەرستیش نەیوەستاندین تا پێکەوە بەردەوام بین لە پتەوکردنی یەکێتی نیشتمانی و گرتنەبەری ڕێگاکانی ئاڵوگۆڕی ئاشتێدانەی دەسەڵات و دادپەروەرانەی دابەشکردنی سامان و، بەخشینی هەلی یەکسان بە هەموان.

ئێمە گەلی عێراق ئێستا دوای هەستانەوەمان و بە متمانەبوون بە داهاتوو و لە ڕێی ڕژێمێکی کۆماری فیدڕالی دیموکراسی فرەیی، بە ژن و پیاو و گەنج و پیرەوە پەیمانمان داوە هیممەت بکەین بۆ ڕێزگرتن لە بنەماکانی یاساو لەناوبردنی سیاسەتی دوژمنکارانە و گرنگیدان بە ژن و مافەکانی، پیر و خەمەکانی و، منداڵ و کاروبارەکانی و، بڵاوکردنەوەی کەلتوری فرەیی و ڕیشەکێشکردنی ئاگری تیرۆر.
ئێمە گەلی عێراق بە سەرجەم پێکهاتەکانییەوە بە تەواوی ویستی خۆمان بە ئازادانە و ئارەزوومەندانە بڕیاری یەکگرتنی ئارەزومەندانەمان داوەو دەرس وەردەگرین لە ڕابردوومان بۆ داهاتوومان، و لە بەها باڵاکانی پەیامە ئاسمانییەکان و دۆزینەوە نوێکانی زانست و شارستانیەتی مرۆڤەوە ئەم دەستوورەمان دانا. پابەندبوون بەم دەستوورەش یەکێتی ئازادانەی گەلی و خاک و سەروەری عێراق دەپارێزێ.

## بەندی یەکەم

## بنەما گشتیەکان:

مادەی (١)
کۆماری عێراق دەوڵەتێکی فیدڕاڵی یەکگرتووی سەربەخۆی خاوەن سەروەرییە، ڕژێمی حوکمڕانی تێیدا کۆماری نوێنەرایەتی (پەرلەمانی) دیموکراسیە، ئەم دەستوورەش یەکپارچەیی عێراق دەپارێزێت.

مادەی (٢)
یەکەم: ئیسلام ئایینی فەرمی دەوڵەتە و سەرچاوەی سەرەکی یاسادانانە:
أ- نابێت یاسایەک دابنرێت لەگەڵا حوکمە جێگیرەکانی ئیسلام ناتەبا بێت.
ب- نابێت یاسایەک دابنرێت لەگەڵ بنەما دیموکراسیەکان ناتەبا بێت.
ج- نابێت یاسایەک دابنرێت کە ناکۆک و ناتەبا بێت لەگەڵ ئەو ماف و ئازادییە بنەرەتێدانەی کە لەم دەستوورەدا هاتوون.
دووەم: ئەم دەستووره ناسنامەی ئیسلامی زۆرینەی گەلی عێراق دەپارێزێت، هەروەها تەواوی مافە ئایینییەکانی سەرجەم تاکەکان دەپارێزێت لە ڕووی ئازادی بیروباوەڕ و مومارەسەی ئایینییەوە.

مادەی (٣)
عێراق وڵاتێکە لە نەتەوەو ئایین و ئاینزای جیاجیا پێکهاتووە، و ئەندامی دامەزرێنەر و کاریگەرە لە کۆمەڵەی وڵاتانی عەرەبی و پابەندە بە پەیماننامەکانی و بەشێکە لە جیهانی ئیسلامی.

مادەی (٤)
یەکەم: زمانی عەرەبی و کوردی دوو زمانی فەرمین لە عێراقدا، مافی سەرجەم عێراقیەکان پارێزراوە لە فێرکردنی ڕۆڵەکانیان بە زمانی دایکیان وەک تورکمانی و سریانی لە دەزگاکانی فێرکردنی دەوڵەتدا بەپێی یاسا پەروەردەییەکان، یان بە هەر زمانێکی دیکە لە دەزگاکانی فێرکردنی تایبەتدا.
دووەم: سنووری دەستەواژەی زمانی فەرمی دیاریدەکرێت، چۆنیەتی جێبەجێکردنی حوکمی ئەم ماددەیەش بە یاسا ئەم خاڵانە دەگرێتەوە:

أ- دەرکردنی ڕۆژنامەی فەرمی بە هەردوو زمان.
ب- قسەکردن و وتوویژ و دەربڕین لە بوارە فەرمییەکاندا بە هەریەک لە دوو زمانەکە وەک ئەنجومەنی نوێنەران و ئەنجومەنی وەزیران و دادگاکان و کۆنگرە فەرمییەکان.
ج- داننان بە بەڵگەنامە فەرمیەکان و ئاڵوگۆڕکردنی نامە و دەرکردنی بەڵگەنامە فەرمیەکان بە هەردوو زمان.
د- کردنەوەی قوتابخانە بە هەردوو زمانەکە بەپێی یاسا پەروەردەییەکان.
ە- هەر بوارێکی دیکە کە بنەمای یەکسانی بیگرێتەوە، وەک پارە و پاسەپۆرت و پوول.
سێیەم: دامودەزگا فیدڕاڵی فەرمییەکان لە هەرێمی کوردستان هەردوو زمانەکە بەکاردەهێنن.
چوارەم: زمانی تورکمانی و سیریانی دوو زمانی فەرمی ترن لەو یەکە ئیداریانەدا کە تێدایدا زۆرینەی دانیشتوان پێکدەهێنن.
پێنجەم: هەر هەرێم و پارێزگایەک مافی ئەوەی هەیە زمانێکی ناوخۆیی دیکە بکاتە زمانی فەرمی ئەگەر زۆرینەی دانیشتووانەکەی لە ڕاپرسییەکی گشتیدا بڕیاریان لەسەردا.

مادەی (٥)
سەروەری بۆ یاسایە، گەلیش سەرچاوەی دەسەڵات و شەرعیبوونیەتی، کە بەهۆی دەنگدانی ڕاستەوخۆ و نهێنییەوە لە ڕێی دامودەزگا دەستوورییەکانەوە ئەنجامی دەدات.

مادەی (٦)
ئاڵوگۆڕی دەسەڵات ئاشتێدانە و لە ڕێی ئەو میکانیزمە دیموکراسیانەوە دەبێت کە لەم دەستوورەدا ئاماژەیان پێکراوە.

مادەی (٧)
یەکەم: ڕێگە نادرێ بەهیچ هێزێک ڕەگەزپەرستی یان تیرۆر یان تەکفیر یان پاکسازی نەژادی بکاتە بەرنامەی خۆی یان هانی ئەو کارانە بدات یا ڕێیان بۆ خۆش بکات یاخود بانگەشەیان بۆ بکات و پاساویان بۆ بهێنێتەوە، بەتایبەت پارتی بەعسی سەددامی لە عێراقدا، لەژێر هەر ناوێکدا بێت، ڕێگەش نادرێت لەژێر ناوی فرەیی سیاسی جێی ببێتەوە، ئەمەش بە یاسا ڕێکدەخرێت.
دووەم: دەوڵەت پابەند دەبێت بە دژایەتیکردنی تیرۆر بە هەموو شێوەکانییەوە و کار دەکات بۆ پاراستنی خاکەکەی لەوەی ببێتە بارەگا و شوێنی تێپەڕبوون و گۆڕەپانی چالاکیی تیرۆریستان.

مادەی (٨)
عێراق ڕەچاوی بنەمای دراوسێیەتی دەکات و پابەند دەبێت بە دەستوەرنەدانە کاروباری ناوخۆی وڵاتانی دیکەوە، کاریش دەکات بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان بە هۆکاری ئاشتێدانە، پەیوەندیەکان لەسەر بنەمای بەرژەوەندی هاوبەش و مامەڵەی هاوتا دادەمەزرێنێ و ڕێز لە پابەندبوونە نێودەوڵەتیەکان دەگرێت.

مادەی (٩)
یەکەم:
أ- هێزە چەکدارەکانی عێراق و دەزگاکانی ئاسایش لە پێکهاتەکانی گەلی عێراق پێکدێت بە ڕەچاوکردنی هاوسەنگی و ڕێژەی نوێنەرایەتیکردنیان بەبێ جیاوازی یا دوورخستنەوەی هیچ لایەک و لەژێر ڕکێفی دەسەڵاتی مەدەنیدا دەبێت و بەرگری لە عێراق

دەکات و نابێتە دەزگایەک بۆ داپڵۆسینی گەلی عێراق و دەستوەرناداتە کاروباری سیاسییەوەو ڕۆڵی نابێت لە ئاڵوگۆڕی دەسەڵاتدا.
ب- قەدەغەیە میلیشیای سەربازی دروست بکرێت لە دەرەوەی هێزە چەکدارەکاندا.
ج- نابێت هێزە چەکدارەکانی عێراق و ئەوانەی لەو بوارەدا کار دەکەن بەو سەربازانەشەوە کە لە وەزارەتی بەرگرین یان کارمەندانی هەر فەرمانگە و ڕێکخراوێکی سەر بەو مەیدانەن، لە هەڵبژاردنەکاندا خۆیان بپاڵێون بۆ وەرگرتنی پۆستی سیاسی، وە نابێت هەڵمەتی هەڵبژاردن ئەنجام بدەن لە بەرژەوەندی پاڵێوراوان، هەروەها نابێت بەشداری بکەن لە هەر کارێکی دیکەدا کە وەزارەتی بەرگری قەدەغەی بکات، ئەو کەسانە نابێت هەستن بەو کارانە بەناوی کەسایەتی خۆیان یان پۆستەکەیانەوە بێت، بە بێ ئەوەی مافی دەنگدانیان بفەوتێت.
د- دەزگای هەواڵگری نیشتمانی عێراق هەڵدەستێ بە کۆکردنەوەی زانیاری و هەڵسەنگاندنی ئەو هەڕەشانەی کە ڕووبەڕووی ئاسایشی نیشمانی دەبنەوە بە ڕاوێژکردن لەگەڵ حکوومەتی عێراقدا. هەروەها دەزگاکە لەژێر دەسەلاتی مەدەنی و چاودێری دەسەڵاتی یاساداناندا دەبێت و بەپێی یاسا و بنەما دانپێدانراوەکانی مافی مرۆڤ کاردەکات.
ە- حکوومەتی عێراق ڕێز لەو پابەندبوونە نێودەوڵەتییانە دەگرێت کە تایبەتن بە نەهێشتن و بڵاوبونەوە و گەشەکردن و بەرهەمهێنان و بەکارهێنانی چەکی ناوەکی و کیمیایی و بایەلۆژیی و جێبەجێیان دەکات و ڕێگا لە هەر هەنگاوێک دەگرێت کە پەیوەندی بە گەشەدان و دروستکردن و بەرهەمهێنان و بەکارهێنانیانەوە هەیە وەک ئامادەسازی و کەرەسە و تەکنەلۆجیا و سیستەمی پەیوەندیکردن.

**دووەم: خزمەتی ئاڵا بە یاسا ڕێک دەخرێت**

مادەی (١٠)
شوێنە پیرۆز و ئایینیەکان لە عێراقدا قەوارەی ئاینیی و شارستانین، دەوڵەتیش پابەندە بە ڕێزگرتنیان و مسۆگەرکردنی ئەنجامدانی دروشمەکان تێیاندا بە ئازادی.

مادەی (١١)
بەغدا پایتەختی کۆماری عێراقە.

مادەی (١٢)
یەکەم: ئاڵا و دروشم و سروودی نیشتمانی بە یاسا ڕێک دەخرێت بەمەرجێک ئاماژە بە پێکهێنەرەکانی گەلی عێراق بکەن.
دووەم: مەدالیا و پشووە فەرمی و بۆنە ئایینی و نیشتمانیەکان و ڕۆژمێری فەرمی بە یاسا ڕێکدەخرێن.

مادەی (١٣)
یەکەم: ئەم دەستوورە بە یاسای باڵا و هەرە بەرز دادەنرێت لە عێراقدا و، پێویستە لە هەموو شوێنێکی عێراقدا پابەندبن پێوەی بەبێ جیاوازی.
دووەم: نابێت یاسایەک دابنرێت پێچەوانەی ئەم دەستوورە بێت.

## بەندی دووەم

## ماف و ئازادیەکان

## بەشی یەکەم

## مافەکان

### لقی یەکەم/ مافە مەدەنی و سیاسیەکان

مادەی (١٤)
عێراقیەکان یەکسانن لە بەردەم یاسادا بەبێ جیاوازی ڕەگەز یا نەژاد یا نەتەوە یا بنەچە یا ڕەنگ یا ئایین یا ئایینزا یا بیروباوەڕ یا بۆچوون یا بارودۆخی ئابووری یا کۆمەڵایەتیەکان.

مادەی (١٥)
هەموو تاکێک مافی ژیان و ئاسایش و ئازادی هەیە و نابێت لێیان بێبەش یان سنووردار بکرێت، تەنها بەپێی یاسا و بە پشت بەستن بە بڕیاری دادگای تایبەتمەندەوە نەبێت.

مادەی (١٦)
یەکسانی هەل مافێکی هەموو عێراقیەکانە، دەوڵەتیش ڕێوشوێنی پێویست دەگرێتەبەر بۆ بەدیهێنانی ئەم مافە.

مادەی (١٧)
یەکەم: هەر تاکێک مافی پاراستنی تایبەتمەندی کەسێتی خۆی هەیە بەو شێوەیەی کە ناتەبا نەبێت لەگەڵ مافی کەسانی دیکە و ئادابی گشتیدا.
دووەم: ڕێزی ماڵ پارێزراوەو نابێت کەس بچێتە ناوی یان بپشکنرێ یان هەڵبکوترێتە سەری تەنها بە بڕیاری دادگا و بەپێی یاسا نەبێت.

مادەی (١٨)
یەکەم: ڕەگەزنامەی عێراقی مافی هەموو عێراقیەکە و بنەمای هاوڵاتیبونە.
دووەم: هەر کەسێک باوک یان دایکی عێراقی بێت بە عێراقی دادەنرێت، ئەمەش بەپێی یاسا ڕێکدەخرێت.
سێیەم:
أ- نابێت لە هیچ بارودۆخێکدا ڕەگەزنامە لە کەسێک بسەنرێتەوە کە لە عێراق لە دایک بوبێت، هەر کەسێک ڕەگەزنامەی لێسەندرابێتەوە مافی ئەوەی هەیە داوای بکاتەوە، ئەمەش بە یاسا ڕێکدەخرێت.
ب- ڕەگەزنامەی عێراقی لە کەسێک دەسەنرێتەوە کە وەریگرتووە لەو بارانەدا کە یاسا ئاماژەی پێدەکات.
چوارەم: دەکرێت کەسێکی عێراقی هەڵگری چەند ڕەگەزنامەیەک بێت، هەر کەسێک پۆستی سیاسی و بواری ئاسایش لە ئاستێکی باڵادا وەربگرێت، دەبێت واز بهێنێت لە هەر ڕەگەزنامەیەکی دی، ئەمەش بە یاسا ڕێکدەخرێت.
پێنجەم: ڕەگەزنامەی عێراقی نادرێت بە مەبەستی سیاسەتی نیشتەجێکردن کە ببێتە هۆی تێکدانی پێکهاتەی دانیشتووانی عێراق.
شەشەم: حوکمەکانی ڕەگەزنامە بە یاسا ڕێکدەخرێت، ئەو داوایانەش کە لەوێوە سەری هەڵداوە لەلایەن دادگای تایبەتمەندەوە تەماشا دەکرێت.

مادەی (١٩)
یەکەم: دادگا سەربەخۆیە و هیچ دەسەڵاتێکی بەسەرەوە نیە جگە لە یاسا.

دووەم: هیچ کەسێک تاوانبار ناکرێت و سزا نادرێت تەنها بە دەق نەبێت. هیچ کەسێکیش سزا نادرێت تەنها بەو کردەوانە نەبێت کە یاسا بە تاوانی دادەنێت، لەکاتی ئەنجامدانی تاواندا نابێت سزایەک بسەپێنرێت کە توندتر بێت لەو سزایەی کە بۆ ئەو تاوانە دیاریکراوە.

سێیەم: پەنا بردنە بەر دادگا مافێکی پارێزراوەو دابینکراوە بۆ هەموو کەسێک.

چوارەم: مافی بەرگری کردن پیرۆزەو دابینکراوە لە هەموو قۆناغەکانی لێکۆڵینەوە و دادگاییکردندا.

پێنجەم: تاوانبار بێتاوانە تاوەکو تاوانەکەی لەسەر دەسەلمێت لە دادگایەکی یاسایی دادپەروەردا، تاوانبار دوای بەربوونی بە هەمان تاوانی پێشوو دادگایی ناکرێت تەنها مەگەر بەڵگەی نوێ سەرهەڵبدات.

شەشەم: هەموو کەس مافی ئەوەی هەیە بە دادپەروەری مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت لەکاتی گرتنەبەری ڕێوشوێنی دادگایی و کارگێڕی لەگەڵیدا.

حەوتەم: دانیشتنی دادگاکان بە ئاشکرا ئەنجام دەدرێت، تەنها مەگەر دادگا بیەوێت نهێنی بێت.

هەشتەم: سزادان تاکە کەسیە.

نۆیەم: یاسا بۆ کاتی پێش دەرچوونی کاری پێناکرێت مەگەر لە یاساکەدا شتێکی تر وترابێت، بەڵام ئەم هەڵاوێردنە یاساکانی باج ناگرێتەوە.

دەیەم: یاسای سزادان کاری پێناکرێت بۆ پێش کاتی دەرچوونی مەگەر بۆ تاوانبار وا باشتر بێت.

یازدەیەم: دادگا پارێزەرێک بۆ بەرگری لە تاوانبار یان کەتنکەر تەرخان دەکات لەسەر بودجەی دەوڵەت بۆ ئەو کەسەی کە پارێزەری نیە بەرگری لێبکات.

دوانزەیەم:
أ- گلدانەوە قەدەغەیە.
ب- نابێت هیچ کەس بەند بکرێت یان بگیرێت تەنها لەو شوێنانە نەبێت کە تەرخان کراوە بۆ ئەو مەبەستە بەپێی یاسای بەندیخانەکان کە سەرپەرشتی تەندروستی و کۆمەڵایەتی دەیگرێتەوە و لەژێر ڕکێفی دەوڵەت دایە.
سێزدەیەم: لێکۆڵینەوەی سەرەتایی دەخرێتە بەردەم دادوەری پەیوەندیدار لە ماوەیەکدا کە لە بیست و چوار کاتژمێر تێپەڕ نەکات لە دوای دەستگریکردنی تاوانبار و نابێت درێژبکرێتەوە تەنها بۆ یەک جار نەبێت و بۆ هەمان ماوە.

مادەی (٢٠)
هەموو هاوڵاتییەک بە ژن و پیاوەوە مافی بەشداریکردنی لە کاروباری گشتی و شادبوون بە مافە سیاسیەکان هەیە لەوانە مافی دەنگدان و هەڵبژاردن و خۆپاڵاوتن.

مادەی (٢١)
یەکەم: نابێت هیچ کەسێکی عێراقی بدرێتە دەست لایەن و دەسەڵاتی بیانی.
دووەم: مافی پەنابەری سیاسی لە عێراقدا بەپێی یاسا ڕێکدەخرێت و، نابێت پەنابەری سیاسی بدرێتە دەست لایەنی بیانی یان بە زۆر بگەڕێنرێتەوە بۆ ئەو وڵاتەی کە بەجێی هێشتووە.
سێیەم: پەنابەرێتی سیاسی نادرێتە کەسێک کە تاوانبار کرابێت بە تاوانی نێودەوڵەتی یان تیرۆریستی یان هەر کەسێک زیانی بە عێراق گەیاندبێت.

**لقی دووەم/ مافە ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریەکان:**

مادەی (٢٢)
یەکەم: کارکردن مافی هەموو عێراقیەکانە بە جۆرێک کە ژیانێکی ئاسوودەیان بۆ مسۆگەر بکات.
دووەم: یاسا پەیوەندی نێوان کرێکار و خاوەنی کار ڕێکدەخات لەسەر بنەمای ئابووری و بە ڕەچاوکردنی ڕێساکانی دادپەروەری کۆمەڵایەتی.
سێیەم: دەوڵەت مافی پێکهێنانی ڕێکخراو و یەکێتییە پیشەییەکان و بوون بە ئەندام تێیاندا دەپارێزێت، ئەمەش بە یاسا ڕێکدەخرێت.

مادەی (٢٣)
یەکەم: خاوەندارێتی تایبەت پارێزراوە و خاوەن موڵک مافی سوود لێوەرگرتن و وەبەرهێنان و بەکاربردنی هەیە لە سنوری یاسادا.
دووەم: نابێت خاوەندارێتی تایبەت لە کەس بسەنرێتەوە تەنها بە مەبەستی سوودی گشتی نەبێت و لە بەرامبەردا قەرەبوویەکی دادپەروەرانە بکرێتەوە، ئەمەش بە یاسا ڕێکدەخرێت.
سێیەم:
أ- عێراقی مافی خاوەندارێتی هەیە لە هەموو شوێنێک لە عێراقدا و نابێت کەسی دیکە ببێتە خاوەنی ماڵی نەگوێزراوە مەگەر کەسێک بە یاسا ئەو مافەی بدرێتێ.
ب- خاوەندارێتیکردن بە مەبەستی گۆڕینی پێکهاتەی دانیشتوان قەدەغەیە.

مادەی (٢٤)
دەوڵەت ئازادی گواستنەوە بۆ کرێکار و شمەک و سەرمایەداران دەستەبەر دەکات لە نێوان هەرێم و پارێزگاکاندا، ئەمەش بە یاسا ڕێکدەخرێت.

مادەی (٢٥)
دەوڵەت چاکسازی لە ئابووری عێراقدا دەگرێتە ئەستۆ بە پشتبەستن بە بنەما ئابووریە نوێیەکان بە جۆرێک کە وەبەرهێنانی تەواوی داهات و سەرچاوەکان مسۆگەر بکات هاوکات لەگەڵ هاندان و گەشەپێدانی کەرتی تایبەتدا.

مادەی (٢٦)
دەوڵەت هاندانی وەبەرهێنان لە ئەستۆ دەگرێت لە بوارە جیاجیاکاندا، ئەمەش بەپێی یاسا ڕێکدەخرێت.

مادەی (٢٧)
یەکەم: دارایی گشتی نابێ دەستکاری بکرێت و پاراستنی ئەرکی هەموو هاوڵاتیەکە.
دووەم: حوکمی تایبەت بە پاراستن و بەڕێوەبردنی موڵکی دەوڵەت و مەرجی بەکارهێنان و ئەو سنوورانەی کە ناکرێ سازشیان لەسەر بکرێت بە یاسا ڕێکدەخرێت.

مادەی (٢٨)
یەکەم: باج ناسەپێنرێت و هەموار ناکرێت و وەرناگیرێت و لێبوردن نایگرێتەوە تەنها بە یاسا نەبێت.

دووەم: خاوەن داهاتی کەم لە باج دەبەخشرێت بۆ ئەوەی ڕێگەنەدرێت دەستدرێژی بکرێتە سەر لانی کەمی ئاستی بژێوی، ئەمەش بە یاسا ڕێکدەخرێت.

مادەی (٢٩)

یەکەم:

أ- خێزان بنەمای کۆمەڵگەیە و دەوڵەت پارێزگاری لە قەوارە و بەها ئایینیی و ڕەوشتی و نیشتمانییەکەی دەکات.

ب- دەوڵەت پاراستنی دایکایەتی و منداڵ و پیر لە ئەستۆ دەگرێت و سەرپەرشتی تازەپێگەیشتووان و لاوان دەکات و هەلومەرجی گونجاویان بۆ دەڕەخسێنێت بۆ گەشەدان بە توانا و لێهاتوویيەکانیان.

دووەم: منداڵان مافی پەروەردە و سەرپەرشتی و فێرکردنیان هەیە لەسەر دایکان و باوکان، دایکان و باوکانیش مافی ڕێزگرتن و سەرپەرشتی کردنیان هەیە لەسەر منداڵانیان بەتایبەتی لەکاتی پیربوون و بێ دەسەڵاتی و پەککەوتندا.

سێیەم: بە هیچ شێوەیەک نابێت منداڵان چەوساندنەوەی ئابوری (الاستغلال الاقتصادی) بکرێن و دەوڵەتیش ڕێو شوێنی پێویست دەگرێتەبەر بۆ پاراستنیان.

چوارەم: ڕێگە نادرێت بە گرتنەبەری شێوازەکانی توندو تیژی و ستەم لە خێزان و قوتابخانە و کۆمەڵگەدا.

مادەی (٣٠)

یەکەم: دەوڵەت چاودێری کۆمەڵایەتی و تەندروستی دابین دەکات بۆ تاک و خێزان -بەتایبەت منداڵ و ئافرەت- لەگەڵ بنەما سەرەکیەکانی ژیانێکی ئاسوودە، کە داهاتێکی گونجاو و شوێنی نیشتەجێی ئارامیان بۆ مسۆگەر بکات.

دووەم: دەوڵەت چاودێری کۆمەڵایەتی بۆ عێراقیەکان دابین دەکات لەکاتی پیربوون و نەخۆشی و بێتوانایی کارکردن و ئاوارە بوون و هەتیو کەوتن و بێکاریدا، هەروەها خزمەتگوزاری دڵنیایی کۆمەڵایەتی (التأمین الاجتماعی)یان بۆ دابین دەکات و کار دەکات بۆ پاراستنیان لە نەخوێندەواری و ترس و نەبوونی شوێنی نیشتەجێبوون و پڕۆگرامی تایبەتێدان بۆ دەستەبەر دەکات بە مەبەستی ئامادەکردن و سەرپەرشتی کردنیان، ئەمانەش بەپێی یاسا ڕێکدەخرێن.

مادەی (٣١)
یەکەم: هەموو عێراقیەک مافی چاودێری تەندروستی هەیە و دەوڵەت گرنگی دەدات بە تەندروستی گشتی و پێداویستیەکانی خۆپاریزی و چارەسەرکردن دابین دەکات لە ڕێگای بنیاتنانی نەخۆشخانە و دامودەزگای تەندروستی جۆراوجۆرەوە.
دووەم: کەسایەتی و دەستەکان مافی دامەزراندنی نەخۆشخانە و بنکەی تەندروستی و خانەی چارەسەری تایبەتێدان هەیە بە سەرپەرشتی دەوڵەت، ئەمەش بە یاسا ڕێکدەخرێت.

مادەی (٣٢)
دەوڵەت چاودێری کەمئەندامان و کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت دەکات و ئامادەسازیان لە ئەستۆ دەگرێت بە مەبەستی تێکەڵکردنیان لەگەڵ کۆمەڵگەدا، ئەمەش بە یاسا ڕێکدەخرێت.

مادەی (٣٣)
یەکەم: هەموو تاکێک مافی ئەوەی هەیە لە بارودۆخێکی ژینگەیی پاکدا بژی.

دووەم: دەوڵەت پاراستنی ژینگە و هەمەجۆری زیندەوەران لە ئەستۆ دەگرێت.

مادەی (٣٤)
یەکەم: فێرکردن هۆکارێکی سەرەکیە بۆ بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگە و مافێکە دەوڵەت دابینی دەکات، لە قۆناغی سەرەتاییدا بە زۆرەملێیە و دەوڵەتیش لەناوبردنی نەخوێندەواری لە ئەستۆ دەگرێت.
دووەم: خوێندنی بە خۆڕایی مافی هەموو عێراقیەکانە لە قۆناغە جیاجیاکاندا.
سێیەم: دەوڵەت هانی لێکۆڵینەوەی زانستی دەدات بۆ مەبەستی ئاشتیێدانە بەو شێوەیەی خزمەتی مرۆڤایەتی بکات و سەرپەرشتی داهێنان و دۆزینەوەی نوێ و سەرجەم جۆرەکانی بلیمەتی دەکات.
چوارەم: فێرکردنی تایبەت و ئەهلی دەستەبەر دەکرێت و بەپێی یاسا ڕێکدەخرێت.

مادەی (٣٥)
دەوڵەت سەرپەرشتی چالاکی و دامودەزگا ڕۆشنبیریەکان دەکات بە شێوەیەک کە لەگەڵ مێژووی شارستانی و ڕۆشنبیری عێراق بگونجێت، هەروەها سوور دەبێت لەسەر پشتبەستن بە بیروبۆچوونی ڕووناکبیرییانەی ڕەسەنی عێراقی.

مادەی (٣٦)
ئەنجامدانی وەرزش مافی هەموو کەسێکە، هەروەها پێویستە دەوڵەت هانی چالاکیەکانی بدات و سەرپەرشتی بکات و پێداویستیەکانی بۆ دابین بکات.

## بەشی دووەم

## ئازادیەکان

مادەی (٣٧)
یەکەم:
أ- ئازادی و ڕێزی مرۆڤ پارێزراوە.
ب- نابێت کەس دەستگیر بکرێت یان لێکۆڵینەوەی لەگەڵ بکرێت تەنها بەپێی بڕیاری دادگا نەبێت.
ج- هەموو جۆرەکانی سزادانی دەروونی و جەستەیی و مامەڵەی نامرۆڤانە قەدەغەیە و، هەر دانپێدانانێک بە زۆر یان هەڕەشە یان سزادان بێت هیچ بایەخێکی یاسایی نیە، زیانلێکەوتوو مافی ئەوەی هەیە بەپێی یاسا داوای قەرەبوو بکات لەو زیانە ماددی و مەعنەویانەی کە لێی کەوتووە.
دووەم: دەوڵەت پارێزگاری تاک دەگرێتە ئەستۆ لە زۆرلێکردنی سیاسی و ئاینی و نابێت کەس لەبەر ئەو هۆکارانە دەستگیر بکرێت.
سێیەم: کارکردنی بە زۆرەملێ (سوغرە) و بەندایەتی و بازرگانی بە بەندەوە قەدەغەیە، هەروەها بازرگانی بە ئافرەت و منداڵ و سێکسەوە قەدەغەیە.

مادەی (٣٨)
دەوڵەت ئەم خاڵانەی خوارەوە دەگرێتە ئەستۆ بە مەرجێک نەبێتە هۆی تێکچوونی یاساو ئادابی گشتی:
یەکەم: ئازادی دەربڕین بە هەموو شێوەکان.
دووەم: ئازادی ڕۆژنامەگەری و چاپکردن و ئاگاداری و ڕاگەیاندن و بڵاوکردنەوە.

سێیەم: ئازادی کۆبوونەوە و خۆپیشاندانی هێمنانە بە یاسا ڕێکدەخرێت.

مادەی (٣٩)
یەکەم: ئازادی پێکهێنانی کۆمەڵە و پارتە سیاسیەکان یان پەیوەندی پێوەکردنیان پارێزراوە و بە یاسا ڕێکدەخرێت.
دووەم: نابێت کەس ناچار بکرێت بۆ بوونە ئەندام لە هیچ پارتێک یان کۆمەڵەیەک یان لایەنێکی سیاسی یان ناچار بکرێت بۆ بەردەوام بوون لە ئەندامێتی تێیدا.
مادەی (٤٠)
ئازادی پەیوەندیکردن و ناردنی نامەی پۆستەیی و تەلەفۆنی و ئەلەکترۆنی و بروسکە و جۆرەکانی دیکە پارێزراوە و نابێت چاودێری بکرێت یان گوێی لێ بگیرێت یا ئاشکرا بکرێت تەنها لەبەر پێویستی یاسایی یان ئاسایش و بەپێی بڕیاری دادگا نەبێت.

مادەی (٤١)
عێراقیەکان ئازادن لە پابەندبوون بە باری کەسێتێدان بەپێی ئاین و ئاینزا و بیروباوەڕ و هەڵبژاردنی خۆیان، ئەمەش بە یاسا ڕێکدەخرێت.

مادەی (٤٢)
هەر تاکێک مافی ئازادی بیر و باوەڕی هەیە.

مادەی (٤٣)
یەکەم: شوێنکەوتووانی هەر ئایین و ئاینزایەک ئازادن لە:
أ- ئەنجامدانی دروشمە ئاینیەکانیان لەوانەش دروشمەکانی حوسەینیە.

ب-	بەڕێوەبردنی ئەوقاف و کاروباری دامودەزگا ئاینیەکان، ئەمەش بە یاسا ڕێکدەخرێت.
دووەم: دەوڵەت ئازادی ئەنجامدانی پەرستشەکان و شوێنەکانی بەندایەتی دەپارێزێت.

مادەی (٤٤)
یەکەم: هەموو عێراقیەک مافی ئازادی هاتووچۆ و گەشتکردن و نیشتەجێبوونی هەیە لە ناوەوە و دەرەوەی عێراق.
دووەم: دەرکردن و دوورخستنەوەی عێراقی و بێبەشکردنی لە گەڕانەوە بۆ وڵات قەدەغەیە.

مادەی (٤٥)
یەکەم: دەوڵەت سوور دەبێت لەسەر پتەوکردنی ڕۆڵی دەزگاکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و پشتیوانیکردن و گەشەپێدان و سەربەخۆبوونیان بەو شێوەیەی لەگەڵ میکانیزمە ئاشتیخوازەکاندا گونجاو بێت بە مەبەستی بەدیهێنانی ئامانجە ڕەواکانیان، ئەمەش بە یاسا ڕێکدەخرێت.
دووەم: دەوڵەت سوور دەبێت لەسەر گەشەدان بە هۆزە عێراقیەکان و گرنگی دەدات بە کاروباریان بەو شێوەیەی کە گونجاوبێت لەگەڵ ئاین و یاسا و بەهێزکردنی بەها مرۆڤایەتیە جوانەکان بە جۆرێک کە ڕۆڵی هەبێت لە گەشەدان بە کۆمەڵگەی عێراقی و ڕێ بگرێت لەو نەریتە خێڵەکیانەی کە ناتەبان لەگەڵ مافی مرۆڤدا.

مادەی (٤٦)
جێبەجێکردنی هەر یەکێک لەو ماف و ئازادیانەی لەم دەستوورەدا هاتووە نابێت سنووردار بکرێت یان دیاریبکرێت تەنها بە یاسا یان بە

پشت بەستن بە یاسا نەبێت، بە مەرجێک ئەو سنووردارکردن و دیاریکردنە ناوەڕۆکی ماف و ئازادییەکان نەشێوێنێت.

## بەندی سێیەم

## دەسەڵاتی فیدراڵی

مادەی (٤٧)
دەسەڵاتی فیدراڵی لە دەسەڵاتی یاسادانان و ڕاپەڕاندن و دادوەری پێکدێت، ئەرکەکانی خۆی لەسەر بنەمای جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان پیادە دەکات.

## بەشی یەکەم

## دەسەڵاتی یاسادانان

مادەی (٤٨)
دەسەڵاتی یاسادانانی فیدراڵی لە ئەنجومەنی نوێنەران و ئەنجومەنی فیدراڵی پێکدێت.

### لقی یەکەم/ ئەنجومەنی نوێنەران

مادەی (٤٩)
یەکەم: ئەنجومەنی نوێنەران لە ژمارەیەک ئەندام پێکدێت بە ڕێژەی یەک کورسی بۆ سەد هەزار کەس لە دانیشتووانی عێراق، نوێنەرایەتی

گەلی عێراقی دەکەن بەگشتی. هەڵبژاردنیشیان بە ڕێگەی دەنگدانی ڕاستەوخۆ و نهێنی دەبێت، ڕەچاوی نوێنەرایەتیکردنی سەرجەم پێکهاتەکانی گەلی عێراقیش دەکرێت.
دووەم: مەرجە ئەو کەسەی خۆی دەپاڵێوێت بۆ ئەندامێتی ئەنجومەنی نوێنەران، عێراقی بێت و بە تەواوی شایانی ئەو پۆستە بێت.
سێیەم: مەرجەکانی کاندیدەکان و دەنگدەران و هەرچی پەیوەندی بە هەڵبژاردنەوە هەیە بە یاسا دیاریدەکرێت.
چوارەم: یاسای هەڵبژاردن ڕێژەیەک بۆ بەشداربوونی ئافرەتان دادەنێت بە جۆرێک کە لە چارەکی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران کەمتر نەبێت.
پێنجەم: ئەنجومەنی نوێنەران یاسایەک دادەنێت بۆ چارەسەرکردنی بارەکانی گۆڕینی ئەندامان لەکاتی دەست لەکارکێشانەوە یان لە کارخستن یان مردندا.
شەشەم: نابێت لە یەک کاتدا کەسێک ئەندام بێت لە ئەنجومەنی نوێنەران و هەر کارێک یان پۆستێکی فەرمی دیکەی هەبێت.

مادەی (٥٠)
ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەران سوێندی دەستووری دەخوات لەبەردەم ئەنجومەندا پێش دەست بەکاربوون بەم شێوەی خوارەوە:
((سوێند بێت بە خوای گەورە و مەزن، ئەرک و بەرپرسیاریەتی یاساییم بە لێبڕاوانە و دڵسۆزانە جێبەجێبکەم و پارێزگاری لە سەربەخۆیی و سەروەری عێراق بکەم و بەرژەوەندی گەلەکەم لەبەر چاو بگرم و شەونخونی بکەم بۆ سەلامەتی زەوی و ئاسمان و ئاو و سامان و ڕژێمە دیموکراتی و فیدڕاڵیەکەی و کار بکەم بۆ پارێزگاری لە ئازادیە گشتی و تایبەتیەکان و سەربەخۆیی دادگاو پابەند بوون بە جێبەجێکردنی یاساکان بە ئەمانەت و بێلایەنیەوە، خواش شایەتی ئەوەیە کە دەیڵێم)).

مادەی (٥١)
ئەنجومەنی نوێنەران پەیڕەوێکی ناوخۆ دادەنێت بۆ ڕێکخستنی کارەکانی.

مادەی (٥٢)
یەکەم: ئەنجومەنی نوێنەران لە ماوەی سی (٣٠) ڕۆژدا هەبوونی مەرجەکانی ئەندامێتی یەکلایی دەکاتەوە لە بەرواری تۆمارکردنی ناڕەزاییەوە بە زۆرینەی دوو لەسەر سێی دەنگی ئەندامانی.
دووەم: دەکرێت تانە (گعن) لە بڕیاری ئەنجومەن بدرێت لەبەردەم دادگای باڵای فیدڕاڵیدا لە ماوەی (٣٠) ڕۆژ لە بەرواری دەرچوونی بڕیارەکەوە.

مادەی (٥٣)
یەکەم: دانیشتنەکانی ئەنجومەنی نوێنەران بە ئاشکرا ئەنجام دەدرێت مەگەر لەبەر پێویستی وا بە باش زانرا بە نهێنی بێت.
دووەم: کۆنووسی دانیشتنەکان بەو هۆکارانە بڵاودەکرێتەوە کە ئەنجومەن پێی باشە.

مادەی (٥٤)
سەرۆک کۆمار بانگهێشتی ئەنجومەنی نوێنەران دەکات بۆ ئەنجامدانی دانیشتن بە فەرمایشێکی کۆماری (مرسوم جمهوری) لە ماوەی پازدە ڕۆژ لە بەرواری پەسەندکردنی دەرەنجامی هەڵبژاردنە گشتیەکاندا. دانیشتنەکە بە سەرۆکایەتی بە تەمەنترین ئەندام

ئەنجامدەدرێت بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکی ئەنجومەن و هەردوو جێگرەکەی، وە نابێت زیاتر لە ماوە دیاریکراو درێژ بکرێتەوە.

مادەی (٥٥)
ئەنجومەنی نوێنەران لە یەکەم دانیشتنی خۆیدا سەرۆک و دواتر جێگری یەکەم و دووەم هەڵدەبژێرێت بە زۆرینەی ڕەهای ئەندامانی ئەنجومەن لە ڕێگای هەڵبژاردنی نهێنیەوە.

مادەی (٥٦)
یەکەم: ماوەی خولی هەڵبژاردنی نوێنەران چوار ساڵی ڕۆژژمێریی دەبێت، ماوەکە لە یەکەم دانیشتنەوە دەست پێدەکات و بە کۆتایی هاتنی ساڵی چوارەم کۆتای دێت.
دووەم: هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی نوێ چل و پێنج ڕۆژ پێش بەرواری کۆتایی هاتن بە خولی هەڵبژاردنی ئەنجومەن دەست پێدەکات.

مادەی (٥٧)
ئەنجومەنی نوێنەران خولی بەستنی ساڵانەی هەیە بە دوو وەرزی یاسادانان، کە ماوەیان هەشت مانگە و پەیڕەوی ناوخۆ چۆنیەتی بەستنیان ڕووندەکاتەوە، ئەو وەرزەش کە بودجەی گشتی تێدا دەخرێتەڕو تەواو نابێت تاوەکو ڕەزامەندی لەسەر نیشان نەدرێت.

مادەی (٥٨)
یەکەم: سەرۆک کۆمار یان سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران یان سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران یان پەنجا ئەندام لە ئەندامانی ئەنجومەنی

نوێنەران دەتوانن بانگهێشتی ئەنجامدانی دانیشتنی نائاسایی بکەن و تەنها تایبەت دەبێت بەو بابەتانەی کە دانیشتنەکەی بۆ ئەنجامدراوە.
دووەم: وەرزی یاسادانانی خولێکی بەستنی ئەنجومەنی نوێنەران درێژدەکرێتەوە بە مەرجێک لە سی (٣٠) ڕۆژ زیاتر نەبێت، بۆ تەواوکردنی ئەرکە پێویستەکان، لەسەر داوای سەرۆک کۆمار یان سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران یان سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران یان پەنجا ئەندام لە ئەندامانی ئەنجومەن.

مادەی (٥٩)
یەکەم: ڕێژەی یاسایی دانیشتنەکانی ئەنجومەنی نوێنەران بە ئامادەبوونی زۆرینەی ڕەهای ژمارەی ئەندامەکانی دەبێت.
دووەم: بڕیارەکان لە ئەنجومەنی نوێنەران بە زۆرینەی سادە دەبێت پاش دڵنیابوون لە ڕێژەی یاسایی بە مەرجێک دەقێک نەبێت پێچەوانەی ئەمە بێت.
مادەی (٦٠)
یەکەم: پڕۆژەی بڕیارەکان لەلایەن سەرۆک کۆمار و ئەنجوومەنی وەزیرانەوە پێشکەش دەکرێت.
دووەم: یاسا پێشنیازکراوەکان لەلایەن دە ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەران یان یەکێک لە لیژنە تایبەتمەندەکانیەوە پێشکەش دەکرێن.
مادەی (٦١)
ئەنجومەنی نوێنەران ئەم کارانەی خوارەوەی لە ئەستۆ دایە:
یەکەم: دانانی یاسا فیدڕاڵیەکان.
دووەم: چاودێریکردنی دەسەڵاتی ڕاپەڕاندن.
سێیەم: هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار.

چوارەم: ڕێکخستنی پرۆسەی پەسەندکردنی پەیماننامە و ڕێککەوتنە نێودەوڵەتیەکان بە دانانی یاسایەک کە لەلایەن زۆرینەی ٢/٣ی دەنگی ئەندامانەوە پەسەند دەکرێت.
پێنجەم: نیشاندانی ڕەزامەندی لەسەر دامەزراندنی هەریەک لە:
أ- سەرۆک و ئەندامانی دادگای تێهەڵچوونەوەی فیدڕاڵی و سەرۆکی داواکاری گشتی و سەرۆکی دەستەی سەرپەرشتێداری دادوەری بە زۆرینەی ڕەها، لەسەر پێشنیازی ئەنجومەنی دادوەری باڵا.
ب- باڵوێز و خاوەن پلە تایبەتەکان لەسەر پێشنیازی ئەنجومەنی وەزیران.
ج- سەرۆکی ئەرکانی سوپا و جێگرەکانی و ئەوانەی لە پلەی سەرکردەی تیپ (فیرقە) و بەرەو ژوورترن، هەروەها سەرۆکی دەزگای هەواڵگری لەسەر پێشنیازی ئەنجومەنی وەزیران.
شەشەم:
أ- لێپرسینەوەی سەرۆک کۆمار بە پشت بەستن بە داوایەک کە تێیدا هۆکاری لێپرسینەوەکە ڕوونکرابێتەوە بە زۆرینەی ڕەهای دەنگی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران.
ب- بەخشینی سەرۆک کۆمار بە زۆرینەی ڕەهای دەنگی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران لە ئەنجامدانی ئەرکەکەی، دوای سەرکۆنەکردنی لەلایەن دادگای باڵای فیدڕاڵیەوە لە یەکێک لەم بارنەی خوارەوە:
١- سوێند خواردنی دەستووری بە درۆ.
٢- پێشێلکردنی دەستوور.
٣- ناپاکی (الخیانە)ی گەورە.
حەوتەم:
أ- ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەران دەتوانێت پرسیار ئاڕاستەی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و وەزیرەکان بکات لە هەر بابەتێکدا لە بواری پسپۆڕی ئەواندا بێت و ئەوانیش هەموویان مافی ئەوەیان هەیە

وەڵامی پرسیارەکانی ئەندامان بدەنەوە، تەنها ئەو کەسەش پرسیاری کردووە مافی ڕوونکردنەوەی هەیە.
ب- لانی کەم بیست و پێنج ئەندام لە ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران بۆیان هەیە بابەتێکی گشتی بخەنەڕوو بۆ تاوتوێکردن بە مەبەستی ڕوونکردنەوەی سیاسەت و کاری ئەنجومەنی وەزیران یان یەکێک لە وەزارەتەکان، بابەتەکەش پێشکەش بە سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران دەکرێت. سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران یان وەزیرەکان وادەیەک دادەنێن تا ئامادەبن لەبەردەم ئەنجومەنی نوێنەران بۆ تاوتوێکردنی بابەتەکە.
ج- ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەران بە ڕەزامەندی بیست و پێنج ئەندام مافی ئەوەی هەیە بانگهێشتنامەیەک ئاڕاستەی سەرۆکی ئەنجومەنی وەیران و وەزیرەکان بکات بۆ لێپرسینەوەیان لەو کاروبارانەی پەیوەندی بە پسپۆڕی ئەوانەوە هەیە، تاوتوێکردنەکەش ئەنجام نادرێت تاوەکو حەوت ڕۆژ تێپەڕ نەبێت بەسەر پێشکەش کردنی بانگهێشتنامەکەدا.
هەشتەم:
أ- ئەنجومەنی نوێنەران مافی ئەوەی هەیە متمانە بکێشێتەوە لە یەکێک لە وەزیرەکان بە زۆرینەی ڕەها، وەزیرەکەش بە لە کارلادراو دەژمێردرێت لە بەرواری بڕیاری کێشانەوەی متمانەوە. نابێت ئەم بابەتە بخرێتەڕوو تەنها لەسەر ڕەزامەندی خۆی نەبێت یان بە داوایەک کە واژووی پەنجا ئەندامی پێوەبێت، لە ئەنجامی تاوتوێکردنی بانگهێشتەکە ئاڕاستەی کراوە، ئەنجومەنیش بڕیاری خۆی نادات لەسەر داواکە تاوەکو بەلایەنی کەم حەوت ڕۆژ تێپەڕ نەبێت بەسەر بەرواری پێشکەش کردنی داواکاریەکەدا.
ب-

١-	سەرۆک کۆمار مافی ئەوەی هەیە داوایەک پێشکەش بە ئەنجومەنی نوێنەران بکات بۆ متمانە کێشانەوە لە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران.
٢-	ئەنجومەنی وەزیران لەسەر داوای ١/٥ی ئەندامانی دەتوانێت داوای متمانە کێشانەوە بکات لە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، نابێت ئەم داوایەش پێشکەش بکرێت لە دوای ئاڕاستەکردنی بانگهێشتنامەیەک نەبێت بۆ سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و لە دوای تێپەڕبوونی بەلانی کەم حەوت ڕۆژ بەسەر پێشکەش کردنی داواکاریەکەدا.
٣-	ئەنجومەنی نوێنەران بڕیاری متمانە کێشانەوە لە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران دەدات بە زۆرینەی ڕەهای دەنگی ئەندامانی.
ج- حکوومەت بە دەست لەکارکێشراو دادەنرێت لە کاتی متمانە کێشانەوە لە ئەنجومەنی وەزیراندا.
د- لەکاتی متمانە کێشانەوە لە ئەنجومەنی وەزیران هەموو پێکەوە، سەرۆک وەزیران و وەزیرەکان لە پۆستەکانیان بەردەوام دەبن بۆ بەڕێکردنی کارویاری ڕۆژانە بۆ ماوەیەک کە لە (٣٠) سی ڕۆژ تێپەڕ نەکات، تاوەکوو پێکهێنانی ئەنجومەنی وەزیرانی نوێ، بەپێی بڕگەکانی ماددەی (٧٦)ی ئەم دەستوورە.
ه- ئەنجومەنی نوێنەران مافی بانگهێشتکردن و بەخشینی بەرپرسانی دەستە سەربەخۆکانی هەیە لە ئەرکەکانیان بە گرتنەبەری هەمان ئەو ڕێوشوێنانەی بۆ وەزیرەکان دەگیرێتەبەر بە زۆرینەی ڕەها.
نۆیەم:
أ-	ڕەزامەندی لەسەر ڕاگەیاندنی شەڕ و باری نائاسایی بە زۆرینەی دەنگی ٢/٣ی ئەندامانی، لەسەر داوای هاوبەشی سەرۆک کۆمار و سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران.

ب-   ڕاگەیاندنی باری نائاسایی بۆ ماوەی (٣٠) سی ڕۆژە. دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی، بواری درێژکردنەوەی هەیە لە هەموو جارێکدا.
ج-   سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران دەسەڵاتی پێویستی دەدرێتێ بە شێوەیەک بتوانێت کاروباری وڵات بەڕێوەبەرێت لەکاتی ڕاگەیاندنی شەڕ و باری نائاساییدا، ئەم دەسەڵاتانەش بە یاسا ڕێکدەخرێت بە مەرجێک ناتەبا نەبێت لەگەڵ دەستووردا.
د-   سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران ڕێوشوێنی وەگیراو و دەرەنجامەکان لە ماوەی ڕاگەیاندنی شەڕ و باری نائاساییدا دەخاتە بەردەمی ئەنجومەنی نوێنەران لە ماوەی پازدە ڕۆژ لە دوای کۆتایی هاتنیان.

مادەی (٦٢)
یەکەم: ئەنجومەنی وەزیران پڕۆژەی یاسای بودجەی گشتیی و حساباتی کۆتایی پێشکەش بە ئەنجومەنی نوێنەران دەکات تا بڕیاریان لەسەر بدرێت.
دووەم: ئەنجومەنی نوێنەران مافی ئەوەی هەیە بەند و بەشەکانی بودجەی گشتیی بگۆڕێت و بڕی گشتی کەم بکاتەوە و لەکاتی پێویستدا پێشنیاز بکات ئەنجومەنی وەزیران بڕی گشتی خەرجکراو زیاد بکات.

مادەی (٦٣)
یەکەم: ماف و ئیمتێدازەکانی سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران و هەردوو جێگرەکەی و ئەندامانی ئەنجومەن بە یاسا دیاریدەکرێت.
أ-   ئەندام ئەنجومەنی نوێنەران پارێزراوی (حصانە) هەیە دەربارەی ئەو بۆچوونانەی دەریدەبڕێت لەکاتی کۆبوونەوەکاندا و ڕووبەڕووی دادگایی نابێتەوە لەو بارەیەوە.

ب- نابێت ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەران دەستگیر بکرێت لە ماوەی وەرزی یاسادانانەدا مەگەر تاوانبار کرابێت بە تۆمەتێک یان لە تاوانێکەوە گلابێت، دوای ڕەزامەندی ئەندامان بە هەڵگرتنی پارێزراویەتەکەی (حصانە) بە زۆرینەی ڕەها.
ج- نابێت ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەران دەستگیر بکرێت دوای ماوەی وەرزی یاسادانان مەگەر تۆمەتبار کرابێت بە ئەنجامدانی تاوانێک یاخود لە تاوانێکەوە گلابێت، بە ڕەزامەندی سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران بۆ لابردنی پارێزراوی (حصانە)کەی.

مادەی (٦٤)
یەکەم: ئەنجومەنی نوێنەران بە زۆرینەی ڕەهای دەنگی ئەندامەکانی هەڵدەوەشێتەوە لەسەر داوای سێیەکی (١/٣) ئەندامانی یان لەسەر داوای ئەنجومەنی وەزیران و بە ڕەزامەندی سەرۆک کۆمار. نابێت ئەنجومەن هەڵبوەشێتەوە لەکاتی لێپرسینەوەی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیراندا.
دووەم: سەرۆک کۆمار لەکاتی هەڵوەشاندنەوەی ئەنجومەنی نوێنەراندا، داوای ئەنجامدانی هەڵبژاردنی گشتی دەکات لە وڵاتدا لە ماوەیەکدا کە لە شەست ڕۆژ تێپەڕ نەکات، هەروەها ئەنجومەنی وەزیران بەدەست لە کارکێشراو دادەنرێت، بەڵام لە کارەکانی بەردەوام دەبێت بۆ بەڕێکدرنی کاروباری ڕۆژانە.

## لقی دووەم/ ئەجومەنی فیدڕاڵی

مادەی (٦٥)
ئەنجومەنێکی یاسادانان پێکدەهێنرێت کە بە (ئەنجومەنی فیدڕاڵی) ناودەبرێت، نوێنەرانی هەرێم و ئەو پارێزگایانە لەخۆ دەگرێت کە

ناکەونە سنووری هیچ هەرێمێکەوە، پێکهاتە و مەرجەکانی ئەندامێتی و بواری تایبەتمەندێتی ئەم ئەنجومەنە و هەرچی پەیوەندیدارە بەم بوارەوە بە یاسا ڕێکدەخرێت بە زۆرینەی دوو لەسەر سێی ٢/٣ دەنگی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران.

## بەشی دووەم

## (دەسەڵاتی ڕاپەڕاندن)

مادەی (٦٦)
دەسەڵاتی ڕاپەڕاندنی فیدڕاڵی لە سەرۆک کۆمار و ئەنجومەنی وەزیران پێکدێت، و بەپێی دەستوور و یاسا دەسەڵاتەکانی پیادە دەکات.

### لقی یەکەم: سەرۆک کۆمار

مادەی (٦٧)
سەرۆک کۆمار سەرۆکی وڵات و نیشانەی یەکپارچەیی نیشتمان و سەروەری وڵاتە، هەوڵدەدات بۆ پابەندبوون بە دەستوور و پارێزگاری لە سەربەخۆیی و سەروەری و یەکێتی و پاراستنی خاکی عێراق بەپێی بڕگەکانی دەستوور.

مادەی (٦٨)
پێویستە پاڵێوراو بۆ سەرۆک کۆمار ئەم مەرجانە تێدابێت:
یەکەم: لە عێراق لە دایک بووبێت و دایک و باوکی عێراقی بن.
دووەم: لێهاتوویی تەواوی هەبێت و تەمەنی چل ساڵی تەواو کردبێت.

سێیەم: ناوبانگێکی باش و شارەزایی سیاسیی هەبێت و بە پاکێتی و سەرڕاستی و دادوەری و دڵسۆزی بۆ نیشتمان ناسراو بێت.
چوارەم: حوکم نەدرابێت بە تاوانێک کە لەکەداری بکات.

مادەی (٦٩)
یەکەم: خۆپاڵاوتن بۆ پۆستی سەرۆک کۆمار بەپێی یاسا ڕێکدەخرێت.
دووەم: هەڵبژاردنی جێگرێک یان زیاتر بۆ سەرۆک کۆمار بەپێی یاسا ڕێکدەخرێت.

مادەی (٧٠)
یەکەم: ئەنجومەنی نوێنەران لەنێو پاڵێوراواندا سەرۆک کۆمار هەڵدەبژێرێت بە زۆرینەی دوو لە سێی ٢/٣ دەنگی ئەندامەکانی.
دووەم: ئەگەر هیچکام لە پاڵێوراوان دەنگی زۆرینەی پێویستی بەدەست نەهێنا، ئەوا کێبەڕکێ لەنێوان ئەو دوو پاڵیوراوەدا ئەنجام دەدرێت کە زۆرترین دەنگیان بەدەستهێناوە، ئەو کەسەش زۆرترین دەنگ بەدەستبهێنێ لە دەنگدانی دووەمدا دەبێت بە سەرۆک کۆمار.

مادەی (٧١)
سەرۆک کۆمار لەبەردەم ئەنجومەنی نوێنەراندا سوێندی دەستووری دەخوات بەو شێوەیەی لە ماددەی (٥٠)ی دەستووردا هاتووە.

مادەی (٧٢)
یەکەم: ماوەی سەرۆکایەتی سەرۆک کۆمار چوار ساڵە و، دەکرێت تەنها بۆ یەکجاری تر هەڵببژێردرێتەوە.
دووەم:

أ- ماوەی کاری سەرۆک کۆمار بە کۆتاییهاتنی خوولی ئەنجومەنی نوێنەران کۆتایی دێت.
ب- سەرۆک کۆمار بەردەوام دەبێت لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانی تاوەکو دوای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی نوێ و ئەنجامدانی دانیشتن، بەو مەرجەی سەرۆک کۆماری نوێ هەڵبژێردرێت لە ماوەی (٣٠) سی ڕۆژدا لە بەرواری ئەنجامدانی یەکەم دانیشتنی ئەنجومەنەوە.
ج- ئەگەر پۆستی سەرۆک کۆمار لەبەر هەر هۆیەک بەتاڵ بوو، سەرۆکێکی تر هەڵدەبژێردرێت بۆ تەواوکردنی ئەو ماوەیەی کە ماوە بۆ سەرۆکایەتی کۆمار.

مادەی (٧٣)

سەرۆک کۆمار ئەم دەسەڵاتانەی خوارەوەی هەیە:
یەکەم: درکردنی لێبووردنی تایبەت لەسەر ڕاسپاردەی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بەمەرجێک ئەوانە نەگرێتەوە کە بەهۆی مافی تایبەت و تاوانی نێودەوڵەتی و تیرۆر و گەندەڵی دارایی و ئیدارییەوە حوکمدراون.
دووەم: پەسەندکردنی پەیماننامە و ڕێککەوتنە نێودەوڵەتیەکان پاش وەرگرتنی ڕەزامەندی ئەنجومەنی نوێنەران.
سێیەم: پەسەندکردن و دەرکردنی ئەو یاسایانەی ئەنجومەنی نوێنەران دایدەنێن، یاساکانیش بە پەسەندکراو دەژمێردرێن پاش تێپەڕبوونی ١٥ ڕۆژ بەسەر ناردنیان بۆ سەرۆک کۆمار.
چوارەم: بانگهێشتکردنی ئەنجومەنی نوێنەران بۆ کۆبوونەوە دوای پەسندکردنی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان بە ماوەیەکی دیاریکراو بەمەرجێک لە ١٥ ڕۆژ تێپەڕ نەکات.
پێنجەم: بەخشینی نیشانە و مەدالیا لەسەر ڕاسپاردەی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و بەگوێرەی یاسا.

شەشەم: پەسەندکردنی باڵویزەکان.
حەوتەم: دەرکردنی بەیاننامەی کۆماری.
هەشتەم: پەسەندکردنی حوکمی لە سێدارەدان کە لەلایەن دادگا تایبەتمەندەکانەوە دەردەچێت.
نۆیەم: هەڵدەستێت بە ئەرکی سەرکردایەتی باڵای هێزە چەکدارەکان بە مەبەستی پرۆتۆکۆلی و ئاهەنگ گێڕان.
دەیەم: هەر دەسەڵاتێکی تر کە لەم دەستوورەدا دیاریکرابێت.

مادەی (٧٤)
مووچە و دەرماڵەی سەرۆک کۆمار بەپێی یاسا دیاریدەکرێت.

مادەی (٧٥)
یەکەم: سەرۆک کۆمار بۆی هەیە دەست لەکارکێشانەوەی خۆی بە نووسراو پێشکەش بە ئەنجومەنی نوێنەران بکات، دەست لەکارکێشانەوەکەش لە پاش حەوت ڕۆژ لە پێشکەشکردنی بە ئەنجومەنی نوێنەران کاری پێدەکرێت.
دووەم: یەکێک لە جێگرەکان جێی سەرۆک کۆمار دەگرێتەوە لەکاتی ئامادەنەبوونیدا.
سێیەم: لەکاتی نەبوونی سەرۆک کۆمار لەبەر هەر هۆیەک، جێگر جێگای دەگرێتەوە، ئەنجومەنی نوێنەرانیش دەبێت سەرۆکێکی نوێ هەڵبژێرێت لە ماوەیەکی دیاریکراو پاش چۆڵبوونی پۆستی سەرۆک کۆمار بە مەرجێک لە (٣٠) سی ڕۆژ تێپەڕ نەکات.
چوارەم: لەکاتی نەبوونی سەرۆک کۆماردا، سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران جێگای دەگرێتەوە ئەگەر سەرۆک کۆمار جێگری نەبوو. دەبێت سەرۆکێکی نوێ هەڵبژێردرێت لە ماوەیەکی دیاریکراودا بە

مەرجێک لە (٣٠) سی ڕۆژ تێپەڕ نەکات لە بەرواری بەتاڵبوونی ئەو پۆستە و بەگوێرەی بڕگەکانی ئەم دەستوورە.

## لقی دووەم: ئەنجومەنی وەزیران

مادەی (٧٦)
یەکەم: سەرۆک کۆمار کاندیدی ئەو فراکسیۆنە پەرلەمانیەی زۆرترین ئەندامی هەیە ڕادەسپێرێت بۆ پێکهێنانی ئەنجومەنی وەزیران لە ماوەی پازدە ڕۆژ لە بەرواری هەڵبژاردنی بە سەرۆک کۆمار.
دووەم: سەرۆک وەزیرانی ڕاسپێردراو ناوی وەزیرەکان دیاریدەکات لە ماوەیەکی دیاریکراودا بەمەرجێک لە (٣٠) سی ڕۆژ تێپەڕ نەکات لە بەرواری ڕاسپاردنیەوە.
سێیەم: ئەگەر سەرۆک وەزیرانی ڕاسپێردراو نەیتوانی لەو ماوە دیاریکراوەی لە بەندی دووەمی ئەم ماددەیەدا ئاماژەی پێکراوە حکوومەت پێک بهێنێت، ئەوا سەرۆک کۆمار کەسێکی تر ڕادەسپێرێت بۆ پێکهێنانی ئەنجومەنی وەزیران لە ماوەی پازدە ڕۆژدا.
چوارەم: سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی ڕاسپێردراو ناوی وەزیرەکان و بەرنامەی حکوومەت دەخاتە بەردەم ئەنجومەنی نوێنەران. پاش ئەوەی ئەنجومەنی نوێنەران بە زۆرینەی ڕەها ڕەزامەندی دەربڕی لەسەر یەکە بە یەکەی وەزیرەکان و بەرنامەی حکوومەت، ئەوە مانای ئەوەیە متمانە دراوەتە ئەنجومەنی وەزیران.
پێنجەم: ئەگەر متمانە نەدرا بە حکوومەت، ئەوا لە ماوەی پازدە ڕۆژدا سەرۆک کۆمار کەسێکی تر ڕادەسپێرێت بۆ پێکهێنانی حکوومەت.

مادەی (٧٧)
یەکەم: سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران دەبێت هەمان مەرجە پێویستەکانی سەرۆک کۆماری تێدابێت و هەڵگری بڕوانامەی زانکۆ یان هاوتاکەی بێت و تەمەنی سی و پێنجساڵی تەواو کردبێت.
دووەم: دەبێت وەزیر هەمان مەرجە پێویستەکانی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەرانی تێدابێت و هەڵگری بڕوانامەی زانکۆ یان هاوتاکەی بێت.

مادەی (٧٨)
سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لێپرسراوی ڕاستەوخۆی پیادەکردنی سیاسەتی گشتی وڵات و سەرکردەی گشتی هێزە چەکدارەکانە و ئەنجومەنی وەزیران بەڕێوە دەبات و سەرۆکایەتی کۆبوونەوەکانی دەکات. مافی لەکارخستنی وەزیرەکانی هەیە بە ڕەزامەندی ئەنجومەنی نوێنەران.

مادەی (٧٩)
سەرۆک و ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران لەبەردەم ئەنجومەنی نوێنەراندا سوێندی دەستووری دەخۆن بەو شێوازەی لە ماددەی (٥٠)ی دەستووردا هاتووە.

مادەی (٨٠)
**ئەنجومەنی وەزیران ئەم دەسەڵاتانەی خوارەوەی هەیە:**

یەکەم: پلاندانان و جێبەجێکردنی سیاسەتی گشتی دەوڵەت و پلانە گشتییەکان و سەرپەرشتیکردنی کاری وەزارەتەکان و ئەو لایەنانەی بە هیچ وەزارەتێکەوە پەیوەست نین.
دووەم: پێشنیازکردنی پڕۆژەی یاسا.

سێیەم: دەرکردنی پێڕەو و ڕێنمایی و بڕیارەکان بە مەبەستی جێبەجێکردنی یاساکان.
چوارەم: ئامادەکردنی پرۆژەی بوودجەی گشتی و لێکدانەوەی کۆتایی و پلانەکانی گەشەپێدان.
پێنجەم: ڕاسپاردنی ئەنجومەنی نوێنەران بۆ ڕەزامەندی دەربڕین لەسەر دامەزراندنی بریکاری وەزیرەکان و باڵوێزەکان و خاوەن پلە تایبەتیەکان و سەرۆکی ئەرکانی سوپا و یاریدەدەرەکانی و ئەوانەی لە ئاستی سەرکردەی (فیرقە) و بەرەو ژوورن و سەرۆکی دەزگای هەواڵگری نیشتمانی و سەرۆکی دەزگای ئەمنییەکان.
شەشەم: دانوستاندن لەسەر بەڵێننامە و ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتیەکان و ئیمزاکردنیان یان هەر کەسێک ئەنجومەن ڕایبسپێرێت.

مادەی (٨١)
یەکەم: سەرۆک کۆمار جێگای سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران دەگرێتەوە لەکاتی چۆڵبوونی ئەو پۆستە لەبەر هەر هۆیەک.
دووەم: دەبێت سەرۆک کۆمار سەرۆکی وەزیرانێکی تر ڕابسپێرێت لە ماوەیەکی دیاریکراودا بە مەرجێک لە (١٥) پازدە ڕۆژ تێپەڕ نەبێت بەگوێرەی بڕگەکانی ماددەی (٧٦)ی ئەم دەستوورە.

مادەی (٨٢)
مووچە و دەرماڵەی سەرۆک وەزیران و وەزیرەکان و ئەوانەی لە ئاستێداندان بە یاسا ڕێکدەخرێت.

مادەی (٨٣)
سەرۆک وەزیران و وەزیرەکان پێکەوە و بە شێوەی تاکەکەسی لێپرسراون لەبەردەم ئەنجومەنی نوێنەراندا.

مادەی (٨٤)
یەکەم: دیاریکردنی ئەرک و دەسەڵات و کاری دەزگاکانی ئاسایش و هەواڵگری نیشتمانی بە یاسا ڕێکدەخرێت و دەبێت بەگوێرەی بنەماکانی مافی مرۆڤ کار بکەن و لەژێر چاودێری ئەنجومەنی نوێنەراندا دەبن.
دووەم: دەزگای هەواڵگری نیشتمانی پەیوەست دەبێت بە ئەنجومەنی وەزیرانەوە.

مادەی (٨٥)
ئەنجومەنی وەزیران پێڕەوی ناوخۆ بۆ خۆی دادەڕێژێت بە مەبەستی ڕێکخستنی بەڕێوەچوونی کارەکانی.

مادەی (٨٦)
پێکهاتە و پۆست و تایبەتمەندێتی وەزارەتەکان و دەسەڵاتەکانی وەزیر بە یاسا ڕێکدەخرێت.

## بەشی سێیەم

## (دەسەڵاتی دادوەری)

مادەی (٨٧)
دەسەڵاتی دادوەری سەربەخۆیە و دادگاکان بەڕێوەی دەبەن بە جیاوازی جۆر و پلەکانیانەوە و بڕیارەکانیان بەگوێرەی یاسا دەردەکەن.

مادەی (٨٨)
دادوەرەکان سەربەخۆن و جگە لە یاسا لەژێر ڕکێفی هیچ دەسەڵاتێکی تردا نین. نابێت هیچ دەسەڵاتێک دەست بخاتە دادگا و کاروباری دادپەروەریەوە.

مادەی (٨٩)
دەسەڵاتی دادوەری فیدڕاڵی پێکدێت لە ئەنجومەنی دادوەریی باڵا و دادگای فیدڕاڵیی باڵا و دادگای تێهەڵچوونەوەی فیدڕاڵی و دەزگای داواکاری گشتی و دەستەی سەرپەرشتێداری دادوەری و دادگا فیدڕاڵیەکانی تر کە بەپێی یاسا ڕێکدەخرێن.

## لقی یەکەم: ئەنجومەنی دادوەریی باڵا

مادەی (٩٠)
ئەنجومەنی  دادوەریی باڵا بەڕێوەبردنی کاروباری دەستە دادوەریەکان دەگرێتە ئەستۆ، یاسا پێکهاتە و تایبەتمەندی و ڕێساکانی کارکردنی ڕووندەکاتەوە.

مادەی (٩١)
ئەنجومەنی دادوەریی باڵا ئەم دەسەڵاتانەی خوارەوەی هەیە:
یەکەم: بەڕێوەبردنی کاروباری دادوەری و سەرپەرشتیکردنی دادوەریی فیدڕاڵی.
دووەم: پاڵاوتنی سەرۆک و ئەندامانی دادگای تێهەڵچوونەوەی فیدڕاڵی و سەرۆکی داواکاری گشتی و سەرۆکی دەستەی سەرپەرشتیکاری

دادوەری و پێشکەشکردنی ناوەکان بۆ ئەنجومەنی نوێنەران بە مەبەستی ڕازیبوون لەسەر دامەزراندنیان.
سێیەم: پێشنیازکردنی پرۆژەی بوودجەی ساڵانەی دەسەڵاتی دادوەریی فیدراڵی و پێشکەشکردنی بە ئەنجومەنی نوێنەران بۆ ڕەزامەندی دەربڕین لەسەری.

## لقی دووەم: دادگای باڵای فیدراڵیی

مادەی (٩٢)
یەکەم: دادگای فیدراڵیی باڵا دەستەیەکی دادوەری سەربەخۆیە لەڕووی داراییی و بەڕێوەبردنەوە.
دووەم: دادگای فیدراڵیی باڵا لە ژمارەیەک دادوەر و پسپۆڕی بواری فیقهی ئیسلامی و یاساناس پێکدێت. دیاریکردنی ژمارە و شێوازی هەڵبژاردن و کاری دادگاکە بە یاسا ڕێکدەخرێت بەزۆرینەی دوو لە سێی ٢/٣ ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران.

مادەی (٩٣)
دادگای فیدراڵیی باڵا تایبەتە بەم بوارانەوە:
یەکەم: چاودێریکردنی ڕادەی دەستووری بوونی یاسا و پێڕەوە کارپێکراوەکان.
دووەم: لێکدانەوەی دەقەکانی دەستوور.
سێیەم: یەکلاییکردنەوەی ئەو کێشانەی لە ئەنجامی جێبەجێکردنی بڕیارەکانی حکوومەتی فیدراڵییەوە دروست دەبن و ئەو بڕیار و پێڕەو و ڕێنمایی و ڕێوشوێنانەی لە دەسەڵات فیدراڵییەوە دەردەچن، یاساش ماف دەدات بە هەریەک لە ئەنجومەنی وەزیران و کەسانی خاوەن پلە و ئەوانی دی کە ڕاستەوخۆ لە دادگا ڕەخنە لەو بڕیارانە بگرن.

چوارەم: یەکلاکردنەوەی ئەو دووبەرەکیانەی لەنێوان حکوومەتی فیدراڵی و حکوومەتی هەرێمەکان و پارێزگا و شارەوانی و ئیدارە ناوخۆییەکان ڕوودەدات.
پێنجەم: یەکلاکردنەوەی ئەو دووبەرەکیانەی لە نێوان حکوومەتی هەرێمەکان یان پارێزگاکان ڕوودەدات.
شەشەم: یەکلاکردنەوەی ئەو تۆمەتانەی دراونەتە پاڵ سەرۆک کۆمار و سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و وەزیرەکان، ئەمەش بە یاسا ڕێکدەخرێت.
حەوتەم: پەسەندکردنی ئەنجامی کۆتایی هەڵبژاردنە گشتیەکان بۆ ئەندامێتی ئەنجومەنی نوێنەران.
هەشتەم:
أ- یەکلاییکردنەوەی ناکۆکی لە نێوان بواری کاری دادگای فیدراڵی و دەستەی دادوەری هەرێم و پارێزگاکان کە ناکەونە سنوری پارێزگاکان.
ب- یەکلاییکردنەوەی ناکۆکی لە بواری کاری دەستەی دادوەری هەرێمەکان و پارێزگاکان کە ناکەونە سنوری هەرێمەکانەوە.

مادەی (٩٤)
بڕیارەکانی دادگای باڵای فیدراڵی یەکلاکەرەوەیە و دەبێت سەرجەم دەسەڵاتەکان پێوەی پابەندبن.

## لقی سێیەم: حوکمە گشتیەکان

مادەی (٩٥)
پێکهێنانی دادگای تایبەت و هەڵاوێری (استپنائیە) قەدەغەیە.

مادەی (٩٦)
پێکهاتەی دادگاکان و جۆر و پلە و تایبەتمەندیەکانیان و چۆنێتی دامەزراندن و خزمەتی دادوەرەکان و ئەندامانی داواکاری گشتی و بەرزەفتکردن (الانچباگ) و خانەنشینکردنیان بە یاسا ڕێکدەخرێت.

مادەی (٩٧)
نابێت دادوەر لەسەر کار لاببرێت تەنیا لەو بارانەدا نەبێت کە یاسا دیاریان دەکات. هەروەها یاسا چەند حوکمێکی تایبەت بە دادوەران دیاریدەکات و لێپرسینەوەی ئاکاریانەیان لەگەڵدا ئەنجام دەدات.

مادەی (٩٨)
دادوەر و ئەندامی داواکاری گشتی بۆیان نیە:
یەکەم: هەستن بە ئەرکی دادوەری و هەردوو ئەرکی یاسادانان و ڕاپەڕاندن یان هەر کارێکی تر لە یەک کاتدا.
دووەم: پەیوەندی بکەن بە هیچ حیزب و ڕێکخراوێکی سیاسیەوە، یان هەستن بە هەر چالاکیەکی سیاسی.

مادەی (٩٩)
دادگای سەربازی بە یاسا ڕێکدەخرێت. بواری تایبەتمەندی دادگا سەربازیەکان دیاری دەکرێت کە تەنیا پەیوەندیان بە ئەو تاوانانەوە هەیە کە شێوازی سەربازیان هەیە و ئەندامانی هێزە چەکدارەکان و هێزەکانی ئاسایش ئەنجامیان دەدەن لەو سنوورەی یاسا دیاری دەکات.

مادەی (١٠٠)
دەقە یاساییەکان یۆیان نیە هیچ کارێک یان بڕیارێکی ئیداری بەدوور بگرن لە ڕەخنەلێگرتن.

مادەی (١٠١)
دەگونجێت بە یاسا ئەنجومەنێکی دەوڵەت پێکبهێنرێت تایبەتمەندبێت بە پۆستەکانی دادوەریی ئیداری و فتوادان و داڕشتن و نوێنەرایەتیکردنی دەوڵەت و دەستە گشتیەکانی تر لەبەردەم لایەنەکانی دادوەریدا تەنیا ئەوانە نەبێت کە بە یاسا هەڵاوێر دەکرێن.

## بەشی چوارەم: (دەستە سەربەخۆکان)

مادەی (١٠٢)
کۆمسیۆنی باڵای مافەکانی مرۆڤ و کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان و دەستە دەستپاکی (هیئە النزاهە)، سەربەخۆن و لەژێر چاودێری ئەنجومەنی نوێنەراندان و کارەکانیان بە یاسا ڕێکدەخرێت.

مادەی (١٠٣)
یەکەم: هەریەکە لە بانکی ناوەندی عێراق و دیوانی چاودێری دارایی و دەستەی ڕاگەیاندن و پەیوەندیەکان (إتصالات) و دیوانەکانی ئەوقاف لەڕووی دارایی و بەڕێوەبردنەوە سەربەخۆن و کاری هەریەکەیان بە یاسا ڕێکدەخرێت.
دووەم: بانکی ناوەندی عێراق بەرپرسە لە بەردەم ئەنجومەنی نوێنەراندا. دیوانی چاودێری دارایی و دەستەی ڕاگەیاندن و پەیوەندیەکان پەیوەستن بە ئەنجومەنی نوێنەرانەوە.
سێیەم: دیوانەکانی ئەوقاف پەیوەستن بە ئەنجومەنی وەزیرانەوە.

مادەی (١٠٤)
دەزگایەک پێکدەهێنرێت بە ناوی دەزگای شەهید کە پەیوەستە بە ئەنجومەنی وەزیرانەوە. کارەکانی ئەو دەزگایە و بوارەکانی تایبەتمەندی بە یاسا ڕێکدەخرێت.

مادەی (١٠٥)
دەستەیەکی گشتی پێکدەهێنرێت بە مەبەستی پاراستنی مافی هەرێمەکان و ئەو پارێزگایانەی ناکەونە سنووری هیچ هەرێمێکەوە بۆ بەشداریکردنیان بە شێوەیەکی دادپەروەرانە لە بەڕێوەبردنی دامودەزگا جۆراوجارەکانی حکوومەتی فیدراڵی و نێردەکان و زەمالەکانی خوێندن و شاندەکان و کۆنگرە هەرێمی و نێودەوڵەتیەکان. ئەم دەستەیەش پێکدێت لە نوێنەرانی حکوومەتی فیدراڵی و هەرێمەکان و ئەو پارێزگایانەی سەر بە هیچ هەرێمێک نین و ئەوەش بە یاسا ڕێکدەخرێت.

مادەی (١٠٦)
بە یاسا دەستەیەکی گشتی بۆ چاودێریکردن و تەرخانکردنی داهاتی فیدراڵی دادەمەزرێنرێت. دەستەکە لە پسپۆڕانی حکوومەتی فیدراڵی و هەرێمەکان و نوێنەرانیان پێکدێت و ئەم لێپرسراویەتێدانەی هەیە:
یەکەم: دڵنیابوون لە دابەشکردنی دادگەرانەی باربوو و یارمەتی و قەرزە نێودەوڵەتیەکان بەگوێرەی پشکی هەریەکە لە هەرێمەکان و ئەو پارێزگایانەی ناکەونە سنووری هیچ هەرێمێکەوە.
دووەم: دڵنیابوون لە بەکاربردن و دابەشکردنی داهاتی دارایی فیدراڵی بە باشترین شێوە.

سێیەم: دڵنیابوون لە هەبوونی شەفافیەت و دادپەروەری لە تەرخانکردنی پارەو پول بۆ حکوومەتە هەرێمیەکان و ئەو پارێزگایانە کە ناکەونە سنوری هەرێمەکانەوە بەپێی ئەو ڕێژانەی بڕیاری لەسەر دراوە.

مادەی (١٠٧)
ئەنجومەنێک پێکدەهێنرێت بەناوی ئەنجومەنی گشتیی خزمەتی فیدڕاڵی کە ئەرکی ڕێکخستنی کاروباری فەرمانبەرێتی گشتی فیدڕاڵی دەگرێتە ئەستۆ لەوانەش دامەزراندن و بەرزکردنەوە، پێکهاتە و بوارەکان تایبەتمەندێتی ئەنجومەنەکەش بە گوێرەی یاسا ڕێکدەخرێت.

مادەی (١٠٨)
دەکرێت دەزگای سەربەخۆی دیکە پێکبهێنرێن بەپێی پێویست و بە یاسا.

## بەندی چوارەم

## بوارەکانی دەسەڵاتی فیدڕاڵی

مادەی (١٠٩)
دەسەڵاتی فیدڕاڵی یەکێتی و یەکپارچەیی و سەربەخۆیی و سەروەری و یاسای دیموکراسیخوازانەی فیدڕاڵی عێراق دەپارێزێت.

مادەی (١١٠)
ئەم دەسەڵاتانەی خوارەوە تایبەتن بە حکوومەتی فیدڕاڵیەوە:

یەکەم: ڕەنگڕێژکردنی سیاسەتی دەرەوە و نوێنەرایەتی دبلۆماسی و ئەنجامدانی دانوستان لەسەر پەیماننامە و ڕێکەوتنە نێودەوڵەتیەکان و سیاسەتی قەرزکردن و واژۆکردن لە سەریان و یەکلاکردنەوە و ڕەنگڕێژکردنی سیاسەتە ئابووری و بازرگانیە دەرەکیە سەروەریەکان.
دووەم: دانان و جێبەجێکردنی سیاسەتی ئاسایشی نیشتمانی لەوانەش پێکهێنان و بەڕێوەبردنی هێزێکی چەکدار بە مەبەستی دڵنیابوون لە پاراستن و مسۆگەرکردنی ئاسایشی سنوورەکانی عێراق و بەرگریکردن لێیان.
سێیەم: ڕەنگڕێژکردنی سیاسەتی دارایی و گومرگ و دەرکردنی دراو و ڕێکخستنی سیاسەتی بازرگانی لەسەر سنووری هەرێم و پارێزگاکانی عێراق و دانانی بوودجەی گشتی دەوڵەت و ڕەنگڕێژکردنی سیاسەتی دراو و دامەزراندن و بەڕێوەبردنی بانکێکی ناوەندی.
چوارەم: ڕێکخستنی کاروباری پێوەر و پێوان و کێشان.
پێنجەم: ڕێکخستنی کاروباری ڕەگەزنامە و بەهاوولاتی بوون (تجنس) و نیشتەجێبوون و مافی پەنابەرێتی سیاسی.
شەشەم: ڕێکخستنی سیاسەتی لەرە لەرەکانی پەخشکردن و پۆستە.
حەوتەم: دانانی پرۆژەی بوودجەی گشتی و وەبەرهێنان.
هەشتەم: پلاندانانی تایبەت بە سیاسەتی ئەو سەرچاوە ئاویانەی لە دەرەوەی عێراق دێن و مسۆگەرکردنی گەیشتنی برە ئاوی پێویست بۆ ناو عێراق بەگوێرەی یاسا و نەریتە نێودەوڵەتییەکان.
نۆیەم: ئامار و سەرژمێری گشتیی دانیشتووان.

مادەی (١١١)
نەوت و غاز موڵکی سەرجەم خەڵکی عێراقن لە هەموو هەرێم و پارێزگاکاندا.

مادەی (١١٢)
یەکەم: حکوومەتی فیدراڵی لەگەڵ هەرێم و پارێزگا بەرهەمهێنەرەکان، نەوت و غازی بەرهەمهێنراوی کێڵگەکانی ئێستا بەڕێوە دەبات بەمەرجێک داهاتەکانیان بە شێوەیەکی دادپەروەری و بەگوێرەی دابەشبوونی دانیشتوان لە سەرجەم پارچەکانی وڵاتدا دابەش بکرێت لەگەڵ دیاریکردنی پشک بۆ ماوەیەک بۆ ئەو هەرێمە زیانلێکەوتوانەی ڕژێمی پێشوو بێبەشی کردبوون و ئەوانەش کە پاشتر زیانیان لێکەوت بە جۆرێک گەشەسەندنێکی هاوتەریب بۆ ناوچە جیاوازەکانی وڵات مسۆگەر بکات و ئەمەش بە یاسا ڕێکدەخرێت.
دووەم: حکوومەتی فیدراڵیی و حکوومەتی هەرێمەکان و پارێزگا بەرهەمهێنەرەکان بەیەکەوە هەڵدەستن بە ڕەنگرێژکردنی سیاسەتی ستراتیجی پێویست بۆ بەرەوپێشبردنی سامانی نەوت و غاز بەجۆرێک کە ببێتە مایەی دەستخستنی زۆرترین سوود و کەڵک بۆ گەلی عێراق ئەویش بە پشتبەستن بە نوێترین تەکنیکی بنەماکانی بازاڕ و هاندانی وەبەرهێنان.

مادەی (١١٣)
ئاسەوار و شوێنەوار و ژێرخانی کەلەپووری و دەستنووس و دراوەکان بە سامانی نیشتمانی ئەژمار دەکرێت کە لە تایبەتمەندی دەسەڵاتی فیدراڵیە و بەهاوکاری لەگەڵ هەرێم و پارێزگاکان بەڕێوەدەبرێت، ئەمەش بە یاسا ڕێکدەخرێت.

مادەی (١١٤)
دەسەڵاتە هاوبەشەکانی نێوان حکوومەتی فیدراڵی و حکوومەتی هەرێمەکان ئەمانەن:

یەکەم: بەڕێوەبردن و ڕێکخستنی گومرگ بە هەماهەنگی لەگەڵ حکوومەتی هەرێمەکان و ئەو پارێزگایانەی ناکەونە سنووری هیچ هەرێمێکەوە، ئەمەش بە یاسا ڕێکدەخرێت.
دووەم: ڕێکخستن و دابەشکردنی سەرچاوە سەرەکیەکانی وزەی کارەبا.
سێیەم: ڕەنگرێژی سیاسەتی ژینگە بە مەبەستی دڵنیابوون لە پاراستنی ژینگە لە پیسبوون و پارێزگاریکردن لە خاوێنی بەهاوکاری لەگەڵ هەرێمەکان و ئەو پارێزگایانەی ناکەونە سنووری هیچ هەرێمێکەوە.
چوارەم: ڕەنگرێژکردنی سیاسەتەکانی گەشەپێدان و پلاندانانی گشتی.
پێنجەم: ڕەنگرێژکردنی سیاسەتی تەندروستیی گشتی بەهاوکاری لەگەڵ هەرێمەکان و ئەو پارێزگایانەی ناکەونە سنووری هیچ هەرێمێکەوە.
شەشەم: ڕەنگرێژکردنی سیاسەتی فێرکردن و پەروەردەی گشتی بە ڕاوێژ لەگەڵ هەرێمەکان و ئەو پارێزگایانەی ناکەونە سنووری هیچ هەرێمێکەوە.
حەوتەم: ڕەنگرێژکردنی سیاسەتی سامانە ئاویەکان و ڕێکخستنیان بە جۆرێک کە دادپەروەری بهێنێتەدی و ئەوەش بە یاسا ڕێکدەخرێت.

مادەی (١١٥)

هەر شتێک لە سنووری دەسەڵاتە تایبەتەکانی حکوومەتی فیدڕاڵیدا ئاماژەی پێنەکرابێت، ئەوە دەبێتە دەسەڵای هەرێمەکان و ئەو پارێزگایانەی ناکەونە سنووری هیچ هەرێمێکەوە. ئەگەر ناکۆکی دروستبوو لەسەر دەسەڵاتە هاوبەشەکانی نێوان حکوومەتی فیدڕاڵی و حکوومەتی هەرێمەکان، ئەوا پێشینە بۆ یاسای هەرێمەکەیە.

## بەندی پێنجەم

## دەسەڵاتی هەرێمەکان

### بەشی یەکەم

### هەرێمەکان

مادەی (١١٦)
ڕژێمی فیدڕاڵیی لە عێراقدا پێکدێت لە پایتەخت و هەرێمەکان و پارێزگا لامەرکەزیەکان و ئیدارە ناوخۆییەکان.

مادەی (١١٧)
یەکەم: ئەم دەستوورە لە بەرواری پیادەکرنیەوە دان بە هەرێمی کوردستان و ئەو دەسەڵاتەی ئێستایدا دەهێنێت وەک هەرێمێکی فیدڕاڵی.
دووەم: ئەم دەستوورە دان بەو هەرێمە نوێیانەدا دەنێت کە بەگوێرەی بڕگەکانی دەستوور دادەمەزرێنرێن.

مادەی (١١٨)
دەبێت ئەنجومەنی نوێنەران لە ماوەیەکی دیاریکراودا بە مەرجێک شەش مانگ زیاتر تێنەپەڕیبێت بەسەر یەکەم دانیشتنیدا، بە زۆرینەی سادە یاسایەک دەربکات بۆ دیاریکردنی ئەو ڕێوشوێنە جێبەجێکاریانەی تایبەتن بە پێکهێنانی هەرێمەکانەوە.

مادەی (١١٩)
پارێزگایەک یان زیاتر مافی پێکهێنانی هەرێمێکیان هەیە بە پشتبەستن بە داواکارییەک بۆ ئەنجامدانی ڕاپرسی لەسەری. داواکاریەکە بە یەکێک لەم دوو ڕێگایەی خوارەوە پێشکەش دەکرێت:
أ- لەسەر داواکاری سێیەکی (١/٣) ئەندامانی ئەنجومەنی ئەو پارێزگایانەی کە داوای پێکهێنانی هەرێمەکە دەکەن.
ب- لەسەر داواکاری دەیەکی (١/١٠) دەنگدەرانی ئەو پارێزگایانەی کە داوای پێکهێنانی هەرێمەکە دەکەن.

مادەی (١٢٠)
هەرێم دەستوورێک بۆ خۆی دادەڕێژێت، هەرەمی دەسەڵاتەکانی هەرێم و میکانیزمی بەکارهێنانی ئەو دەسەڵاتانە دیاریدەکات بەمەرجێک ناکۆک نەبێت لەگەڵ ئەم دەستوورەدا.

مادەی (١٢١)
یەکەم: دەسەڵاتی هەرێمەکان مافی پیادەکردنی دەسەڵاتەکانی یاسادانان و ڕاپەڕاندن و دادوەریان هەیە بەگوێرەی ئەم دەستوورە جگە لەو دەسەڵاتانەی کە تایبەتن بە حکوومەتی فیدڕاڵیەوە.
دووەم: حکوومەتی هەرێم مافی هەموارکردنی جێبەجێکردنی یاسای فیدڕاڵی لە هەرێمەکەدا هەیە ئەگەر ناکۆکی یان دژیەک لە نێوان یاسای فیدڕاڵی و یاسای هەرێمدا هەبوو لەسەر بابەتێک کە لە سنووری ئەو دەسەڵاتانەدا نەبێت کە تایبەتن بە حکوومەتی فیدڕاڵی.
سێیەم: دەبێت لەو داهاتانەی لە حکوومەتی فیدڕاڵیدا بەدەست دەهێنرێت پشکێکی گونجاو بۆ هەرێمەکان تەرخان بکرێت کە بەشی هەستان بە ئەرکەکانی بکات بە لەبەرچاو گرتنی داهات و پێویستیەکانی و ڕێژەی دانیشتوانیشی.

چوارەم: نووسینگەی تایبەت بە هەرێم و پارێزگاکان دەکرێتەوە لە باڵوێزخانە و نێردە دبلۆماسییەکاندا بە مەبەستی بەدواداچوونی کاروباری ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و گەشەپێدان.
پێنجەم: هەرچی پەیوەندی بە بەڕێوەبردنی هەرێمەوە هەیە لە ئەستۆی حکوومەتی هەرێمدایە بەتایبەتی پێکهێنان و ڕێکخستنی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆی هەرێم وەک پۆلیس و ئاسایش و پاسەوانی هەرێم.

## بەشی دووەم

## ئەو پارێزگایانەی ناکەونە سنووری هیچ هەرێمێکەوە

مادەی (١٢٢)
یەکەم: پارێزگا لە ژمارەیەک قەزا و ناحیە و گوند پێکهاتووە.
دووەم: ئەو پارێزگایانەی سەر بە هیچ هەرێمێک نین دەسەڵاتێکی بەڕێوەبردن و دارایی فراوانیان پێدەدرێت بە جۆرێک کە بتوانن کاروباری خۆیان بەڕێوەبەرن بەگوێرەی بنەمای (لامەرکەزیەتی ئیداری) و ئەوەش بە یاسا ڕێکدەخرێت.
سێیەم: ئەو پارێزگارەی ئەنجومەنی پارێزگا هەڵیدەبژێرێت سەرۆکی ڕاپەڕاندنی باڵایە لە پارێزگادا بۆ پیادەکردنی ئەم دەسەڵاتانەی کە لەلایەن ئەنجومەنەوە پێی بەخشراوە.
چوارەم: هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگا و پارێزگار و دەسەڵاتەکانیان بە یاسا ڕێکدەخرێت.
پێنجەم: ئەنجومەنی پارێزگا ناکەوێتە ژێر ڕکێف و چاودێری هیچ وەزارەت یان لایەنێکەوە کە پەیوەست نەبێت بە وەزارەتێکەوە و داراییەکی سەربەخۆی هەیە.

مادەی (١٢٣)
حکوومەتی فیدڕاڵی دەتوانێت دەسەڵاتی خۆی ببەخشێت بە حکوومەتی هەرێم و بە پێچەوانەشەوە بە ڕەزامەندی هەردوولا، ئەوەش بە یاسا ڕێکدەخرێت.

## بەشی سێیەم

## پایتەخت

مادەی (١٢٤)
یەکەم: بەغدا بەو سنووری شارەوانیەی هەیەتی پایتەختی کۆماری عێراقە، سنوورە ئیدارەکەی پارێزگای بەغدایە.
دووەم: دانانی پایتەخت بە یاسا ڕێکدەخرێت.
سێیەم: پایتەخت بۆی نیە لە سنووری هیچ هەرێمێکدا بێت.

## بەشی چوارەم

## ئیدارە خۆجێیەکان

مادەی (١٢٥)
ئەم دەستوورە مافی ئیداری و سیاسی و ڕۆشنبیری و فێرکردنی نەتەوە جیاوازەکانی وەک تورکمان و کلدان و ئاشووری و پێکهاتەکانی تر دەپارێزێت و ئەو کارەش بە یاسا ڕێکدەخرێت.

## بەندی شەشەم

## حوکمە کۆتایی و ئینتیقالیەکان

### بەشی یەکەم

### حوکمە کۆتاییەکان

مادەی (١٢٦)

یەکەم: سەرۆک کۆمار و ئەنجومەنی وەزیران پێکەوە یان پێنج یەکی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران مافی پێشنیازکردنی هەموارکردنی دەستووریان هەیە.

دووەم: نابێت ئەو بنەما بنەڕەتێدانەی لە بەندی یەکەم و ماف و ئازادیانەی بەندی دووەم کە لەم دەستوورەدا هاتوون هەموار بکرێن مەگەر پاش دوو خولی هەڵبژاردنی تر و بە ڕەزامەندی (٢/٣)ی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران لەسەری و ڕازیبوونی گەل لە ڕێگای ڕاپرسی گشتیەوە و پەسەندکردنی سەرۆک کۆمار لە ماوەی حەوت ڕۆژدا.

سێیەم: نابێت ئەو مادانەی تر کە لە خاڵی دووەمی ئەم مادەیەدا ئاماژەیان پێنەکراوە هەموار بکرێن مەگەر پاش ڕازیبوونی (٢/٣)ی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران لەسەری و ڕازیبوونی گەل لە ڕێگای ڕاپرسی گشتیەوە و پەسەندکردنی سەرۆک کۆمار لە ماوەی حەوت ڕۆژدا.

چوارەم: نابێت هیچ هەموارکردنێک لەو مادانەی دەستووردا ئەنجام بدرێت کە دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی ئەو دەسەڵاتانەی هەرێمەکان کە ناکەونە سنووری دەسەڵاتە تایبەتەکانی حکوومەتی فیدراڵیەوە تەنیا بە ڕەزامەندی دەسەڵاتی یاسادانانی هەرێمی پەیوەندیدار و ڕەزامەندی زۆرینەی دانیشتوانی لە ڕێگای ڕاپرسی گشتیەوە.

پێنجەم:

أ- هەموارکردنەکە بە پەسەندکراو دادەنرێت لەلایەن سەرۆک کۆمارەوە پاش تێپەڕبوونی ئەو ماوەیەی لە بڕگەی (دووەم) و (سێیەم)ی ئەم مادەیە ئاماژەی پێکراوە لەکاتی پەسەندنەکردنیدا.

ب- هەموارکردنەکە لە بەرواری بڵاوکردنەوەیەوە لە ڕۆژنامەی فەرمیدا کاری پێدەکرێت.

مادەی (١٢٧)

سەرۆک کۆمار و سەرۆک وەزیران و وەزیرەکان و سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران و دوو جێگرەکەی و ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران وئەندامانی دەسەڵاتی دادوەری و خاوەن پلە تایبەتەکان بۆیان نیە دەسەڵاتی خۆیان بەکاربهێنن بۆ کڕین یان بەکرێگرتنی هیچ موڵکێکی دەوڵەت یان موڵکی خۆیانی پێ بفرۆشن یان بە کرێ بیدەنێ وە یان بیگۆڕنەوە یان گرێبەستێک لەگەڵ دەوڵەتدا ئەنجام بدەن بەناوی پابەندبوونی پێشتر یان هێنانی کەلوپەل یان بەڵێندەر.

مادەی (١٢٨)

یاسا و حوکمە دادوەریەکان بەناوی گەلەوە دەردەکرێن.

مادەی (١٢٩)

یاساکان له ڕۆژنامەی فەرمیدا بڵاودەکرێنەوە و له ڕۆژی بڵاوکردنەوەیانەوە کاریان پێدەکرێت ئەگەر دەقێک نەبێت پێچەوانەی ئەمە بێت.

مادەی (١٣٠)
یاسا کارپێکراوەکان کاریان پێدەکرێت ئەگەر هەڵنەوەشێنرابێتنەوە یان هەموار نەکرابن بەگوێرەی حوکمەکانی ئەم دەستوورە.

مادەی (١٣١)
ئەو ڕاپرسیانەی لەم دەستوورەدا هاتوون بە زۆرینەی سادەی دەنگدەران وەردەگیرێت ئەگەر دەقێک نەبێت پێچەوانەی ئەمە بێت.

## بەشی دووەم

## حوکمە ئینتیقالیەکان

مادەی (١٣٢)
یەکەم: دەوڵەت چاودێری بەندکراوە سیاسیەکان و زیانلێکەوتوانی کردە دڕندانەکانی ڕژێمی دیکتاتۆری پێشوو دەگرێتە ئەستۆ.
دووەم: دەوڵەت قەرەبووی خانەوادەی شەهیدان و بریندارەکانی کردە تیرۆریستیەکان دەکاتەوە.
سێیەم: ناوەڕۆکی بەندی یەکەم و دووەمی ئەم مادەیە بە یاسا ڕێکدەخرێت.

مادەی (١٣٣)

ئەنجومەنی نوێنەران لە دانیشتنی یەکەمی خۆیدا پشت بە پێڕەوی ناوخۆی کۆمەڵەی نیشتمانیی عێراق دەبەستێت تا ئەو کاتەی پێڕەوێک بۆ خۆی بڕیار دەدات.

مادەی (١٣٤)
دادگای تاوانی باڵای عێراق وەک دەستەیەکی دادوەری سەربەخۆ بەردەوام دەبێت لەسەر ئەنجامدانی کارەکانی بۆ چاوخشاندنەوە بە تاوانەکانی ڕژێمی دیکتاتۆری پێشوو و سەرانی، ئەنجومەنی نوێنەران مافی هەڵوەشاندنەوەی دادگای ناوبراوی هەیە بە یاسا پاش تەواوکردنی کارەکانی.

مادەی (١٣٥)
یەکەم: دەستەی باڵای ڕیشەکێشکردنی بەعس وەک دەستەیەکی سەربەخۆ بەردەوام دەبێت لەسەر ئەنجامدانی کارەکانی بە هەماهەنگی لەگەڵ دەسەڵاتی دادوەری و دەزگاکانی ڕاپەڕاندن لە چوارچێوەی چەند یاسایەکی دیاریکراو بۆ کارەکانی و پەیوەست دەبێت بە ئەنجومەنی نوێنەرانەوە.
دووەم: ئەنجومەنی نوێنەران مافی هەڵوەشاندنەوەی ئەم دەستەیەی هەیە پاش تەواوکردنی ئەرکەکانی بە زۆرینەی ڕەها.
سێیەم: هەر کەسێک خۆی بپاڵێوێت بۆ پۆستی سەرۆک کۆمار و سەرۆک و ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران وسەرۆک و ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران و سەرۆک و ئەندامانی ئەنجومەنی فیدڕاڵی و پۆستە هاوشێوەکانیان لە هەرێمەکاندا و ئەندامانی دەستە دادوەریەکان و ئەو پۆستانەی تر کە ڕیشەکێشکردنی بەعس بەگوێرەی یاسا دەیانگرێتەوە، نابێت یاسای ڕیشەکێشکردنی بەعس بیانگرێتەوە.

چوارەم: کارکردن بەو مەرجانەی لە بڕگەی سێیەمی ئەم مادەیەدا هاتووە بەردەوام دەبێت ئەگەر بە یاسا هەڵنەوەشێنرێتەوە.
پێنجەم: تەنها ئەندام بوون لە پارتی بەعسی هەڵوەشاو نابێتە بنەما بۆ ڕەوانەکردنی ئەو کەسە بۆ دادگاکان، هەروەها ئەندام مافی یەکسانی هەیە لە بەردەم یاسا و پاراستنی، ئەگەر بڕگەکانی ڕیشەکێشکردنی بەعس و ئەو ڕێنماییانەی بەپێی ئەو بڕگانە دەرکراون نەیگرێتەوە.
شەشەم: ئەنجومەنی نوێنەران لێژنەیەکی نوێنەرایەتی پێکدەهێنێت لە ئەندامەکانی بۆ چاودێریکردن و پێداچوونەوەی ڕێوشوێنەکانی جێبەجێکردن لە دەستەی باڵای ڕیشەکێش کردنی بەعس و دەزگاکانی دەوڵەت بۆ مسۆگەر بوونی دادپەروەری و بابەتیبوون و شەفافیەت، هەروەها چاوخشاندنەوە بە ڕازیبوونی یاساکان، بڕیارەکانی لێژنەکەش ملکەچ دەبێت بە ڕەزامەندی ئەنجومەنی نوێنەرانەوە.

مادەی (١٣٦)
یەکەم: دەستەی داواکاری مۆڵکدارێتی وەک دەستەیەکی سەربەخۆ بەردەوام دەبێت لەسەر ئەنجامدانی کارەکانی بە هەماهەنگی لەگەڵ دەسەڵاتی دادوەری و دەزگاکانی ڕاپەڕاندندا و لە چوارچێوەی چەند یاسایەکی دیاریکراو بۆ کارەکانی و پەیوەست دەبێت بە ئەنجومەنی نوێنەرانەوە.
دووەم: ئەنجومەنی نوێنەران مافی هەڵوەشاندنەوەی ئەم دەستەیەی هەیە بە زۆرینەی دەنگی (٢/٣)ی ئەندامانی.

مادەی (١٣٧)
کارکردن بە حوکمی ئەو مادانەی تایبەتن بە ئەنجومەنی فیدراڵیەوە لە هەر شوێنێک لەم دەستوورەدا ئاماژەی بۆ کرابێت دوادەخرێت تا کاتی دەرچوونی بڕیارێک لە ئەنجومەنی نوێنەرانەوە بە زۆرینەی دەنگی

(٢/٣)ی ئەندامانی لە خولی دووەمی هەڵبژاردنی خۆیدا کە پاش کارابوونی ئەم دەستوورە دەیبەستێت.

مادەی (١٣٨)

یەکەم: دەستەواژەی (ئەنجومەنی سەرۆکایەتی) جێگای دەستەواژەی (سەرۆک کۆمار) دەگرێتەوە لە هەر شوێنێک لەم دەستوورەدا ئاماژەی بۆ کرابێت و خولێک پاش کارابوونی ئەم دەستوورە کار بە حوکمەکانی تایبەت بە سەرۆک کۆمار دەکرێت.

دووەم:

أ- ئەنجومەنی نوێنەران سەرۆکی وڵات و دوو جێگرەکەی هەڵدەبژێرێت و هەموویان پێکەوە ئەنجومەنێک پێکدەهێنن پێی دەوترێت (ئەنجومەنی سەرۆکایەتی) کە بە یەک لیست و بە زۆرینەی دەنگی (٢/٣)ی ئەندامان هەڵدەبژێردرێن.

ب- حوکمەکانی لەسەر کارلادانی سەرۆک کۆمار کە لەم دەستوورەدا هاتوون بەسەر سەرۆک و ئەندامانی دەستەی سەرۆکایەتیدا پیادە دەکرێن.

ج- ئەنجومەنی نوێنەران مافی لەسەر کارلادانی هەریەکە لە ئەندامانی ئەنجومەنی سەرۆکایەتی هەیە بە سێ چارەگی دەنگی ئەندامانی بەهۆی لە ئاست نەبوون یان ناپاکیەوە.

د- لەکاتی چۆڵبوونی هەر پۆستێکی ئەنجومەنی سەرۆکایەتی، ئەنجومەنی نوێنەران بەزۆرینەی (٢/٣)ی دەنگی ئەندامانی کەسێکی تر بۆ شوێنەکەی هەڵدەبژێرێت.

سێیەم: مەرجەکانی ئەندامێتی ئەنجومەنی سەرۆکایەتی هەمان مەرجەکانی ئەندامێتیە لە ئەنجومەنی نوێنەراندا بە مەرجێک:

أ- تەمەنی ٤٠ ساڵی تەواو کردبێت.

ب-  ناو و شۆرەتی باش بێت و دەستپاک و دامەزراو بێت.
ج-  دە ساڵ پێش ڕووخانی، حزبی بەعس هەڵوەشاوەی بەجێهێشتبێت ئەگەر ئەندام بووبێت تێدایدا.
د-  نابێت بەشداری کردبێت لە سەرکوتکردنەوەی ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ و ئەنفال و هیچ تاوانێکی دەرهەق بە گەلی عێراق ئەنجام نەدابێت.

چوارەم: ئەنجومەنی سەرۆکایەتی بە کۆی دەنگ بڕیارەکانی دەردەکات، هەر ئەندامێکیش دەتوانێت یەکێک لە دوو ئەندامەکەی دی لە جێی خۆی دابنێت.

پێنجەم:
أ-  ئەو یاسا و بڕیارانەی ئەنجومەنی نوێنەران دەیاندات ڕەوانەی ئەنجومەنی سەرۆکایەتی دەکرێت بە مەبەستی ڕەزامەندی دەربڕین لە سەریان بە کۆی دەنگ و دەرکردنی لە ماوەی دە ڕۆژ لە بەرواری گەیشتنی جگە لەوانەی لە ماددەی (١١٨) و (١١٩) ئاماژەیان پێکراوەو پەیوەندییان بە پێکهێنانی هەرێمەکانەوە هەیە.
ب-  ئەگەر ئەنجومەنی سەرۆکایەتی ڕەزامەندی نیشان نەدا، یاسا و بڕیارەکان دەگەڕێنەوە بۆ ئەنجومەنی نوێنەران بۆ دووبارە چاوپیاخشاندنەوەیان لەو بوارانەوە کە ناڕەزایی لەسەرەو دەنگدان لەسەری بە زۆرینەیە، وە جارێکی دیکە ڕەوانەی ئەنجومەنی سەرۆکایەتی دەکرێتەوە بۆ نیشاندانی ڕەزامەندی لەسەری.
ج-  ئەگەر ئەنجومەنی سەرۆکایەتی ڕازی نەبوو لەسەر بڕیار و یاساکان بۆ جاری دووەم لە ماوەی دە ڕۆژدا لە بەرواری گەیشتنیان، جارێکی تر دەگەڕێنرێنەوە بۆ ئەنجومەنی نوێنەران. لەم کاتەدا ئەنجومەنی نوێنەران مافی ئەوەی هەیە بە زۆرینەی (٣/٥)ی دەنگی ئەندامانی بڕیاری لێبدات، کە ئیتر ناتوانرێ ناڕەزایی لەسەر دەربڕدرێت و بە پەسندکراو دادەنرێت.

شەشەم: ئەنجومەنی سەرۆکایەتی ئەو دەسەڵاتانەی سەرۆک کۆماری هەیە کە لەم دەستوورەدا ئاماژەیان پێکراوە.

مادەی (١٣٩)
لە خولی هەڵبژاردنی یەکەمدا سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران دوو جێگری دەبێت.

مادەی (١٤٠)
یەکەم: دەسەڵاتی ڕاپەڕاندن هەنگاوی پێویست دەنێت بۆ تەواوکردنی جێبەجێکردنی پێداویستیەکانی مادەی (٥٨) لە یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت بۆ قۆناغی گواستنەوە بە هەموو بڕگەکانیەوە.
دووەم: ئەو بەرپرسیاریەتیەی لەسەر شانی دەسەڵاتی ڕاپەڕاندنە لە حکوومەتی ئینتیقالیدا کە لە مادەی (٥٨) لە یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت بۆ قۆناغی گواستنەوەدا ئاماژەی پێکراوە، بەردەوام دەبێت و دەکەوێتە ئەستۆی دەسەڵاتی ڕاپەڕاندنی هەڵبژێردراو بەگوێرەی ئەم دەستوورە بۆ ئەوەی بە تەواوی جێبەجێ بکرێت (ئاساییکردنەوە، سەرژمێری، لە کۆتاییدا ئەنجامدانی ڕاپرسی لە کەرکوک و ناوچەکانی تر کە ناکۆکیان لەسەرە بۆ دیاریکردنی ویستی هاووڵاتییان) لە ماوەیەکی دیاریکراودا کە لە مانگی ٢٠٠٧/١٢ تێپەڕ نەکات.

مادەی (١٤١)
کارکردن بەو یاسایانەی کە لە هەرێمی کوردستان لە ١٩٩٢ەوە دەرکراوە بەردەوام دەبێت، بەهەمان شێوە ئەو بڕیارانەش کارپێکراون کە لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان دراون -لەوانەش بڕیارەکانی دادگا و گرێبەستەکان- ئەگەر هەموار نەکرابن یان هەڵنەوەشابنەوە بەپێی

بڕیارەکانی هەرێمی کوردستان لەلایەنی پەیوەندیدارەوە، بە مەرجێک پێچەوانەی دەستوور نەبێت.

مادەی (١٤٢)

یەکەم: ئەنجومەنی نوێنەران لە سەرەتای کاریدا لێژنەیەکی تایبەت لە ئەندامانی پێکدەهێنێت کە نوێنەرایەتی پێکهاتە سەرەکیەکانی کۆمەڵگەی عێراقی بکات، ئەرکی بریتیە لە پێشکەشکردنی ڕاپۆرتێک بۆ ئەنجومەنی نوێنەران لە ماوەیەکدا کە لە چوار مانگ تێپەڕ نەکات، تێیدا ڕاسپاردەی پێویست لەخۆ بگرێت سەبارەت بە هەموارکردنی پێویست کە دەکرێت لە دەستوور ئەنجام بدرێت، لێژنەکەش هەڵدەوەشێنرێتەوە دوای ئەنجامدانی ئەرکەکانی.
دووەم: هەموارکردنە پیشنیارکراوەکان بە یەکجار دەخرێتە بەردەمی ئەنجومەنی نوێنەران بۆ دەنگدان لەسەری، هەروەها ئەو پێشنیازانەی بۆ هەموارکردن خراونەتەڕوو بە پەسەندکراو دادەنرێن بە ڕەزامەندی زۆرینەی ڕەهای ئەندامانی ئەنجومەن.
سێیەم: ئەو مادانەی کە بەپێی بڕگەی دووەمی ئەم مادەیە لەلایەن ئەنجومەنی نوێنەرانەوە هەموار کراوە دەخرێتەڕوو بۆ گەل بە مەبەستی ئەنجامدانی ڕاپرسی لەسەری، لە ماوەیەکدا کە لە دوو مانگ تێپەڕ نەکات لە بەرواری پەسەندکردنی لەلایەن ئەنجومەنی نوێنەرانەوە.
چوارەم: ڕاپرسیەکە لەسەر مادده هەموارکراوەکان بە سەرکەوتوو دادەنرێت ئەگەر زۆرینەی دەنگدەران ڕەزامەندی لەسەر نیشان بدەن، هەروەها ٢/٣ی دەنگدەران لە سێ پارێزگا یان زیاتر ڕەتی نەکەنەوە.
پێنجەم: بڕگەکانی ئەم مادەیە مادەی (١٢٦) ناگرێتەوە کە پەیوەندی هەیە بە هەموارکردنی دەستوور تا کاتی کۆتاییهێنان بە ئەنجامدانی هەموارکردن کە لەم مادەیەدا ئاماژەی پێکراوە.

مادەی (١٤٣)
یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت بۆ قۆناغی گواستنەوە و پاشکۆکەی هەڵدەوەشێنەوە لە پاش پێکهێنانی حکوومەتی نوێ جگە لە بڕگەی (أ)ی ماددەی (٥٣) و ماددەی (٥٨) .

مادەی (١٤٤)
ئەم دەستوورە دوای ئەوەی گەل ڕەزاەندی لەسەر نیشان دەدات لە ڕاپرسییەکی گشتیدا و لە ڕۆژنامەی فەرمیدا بڵاودەکرێتەوە و ئەنجومەنی وەزیران بەپێی بڕگەکانی پێکدەهێنرێت، پاشان کاری پێدەکرێت.

## سەرچاوەکان:

### کتێبەکان:


- الدکتور أحسان حميد المفرجي و الدكتور كطران زغير نعمة و الدكتور رعد ناجي الجدة: النظرية العامة فى القانون الدستوري والنقام الدستورى فى العراق، منشورات المكتبه القانونيه فى بغداد، بلا سنة النشر.
- الدكتور احمد فتحي سرور: القانون الجنائي الدستوري، منشورات دار الشروق، ط/٢، القاهرة، سنة ٢٠٠٢.
- جيروم. أ. باروم و س. توماس دينيس: الوجيز فى القانون الدستوري (المبادىو الاساسية للدستور الامريكي): ترجمة محمد

مصطفى غنيم، مراجعة هند البقلي، منشورات الجمعية المصرية لنشر المعرفة والثقافة العالمية، القاهرة، سنة ١٩٩٨.
• افلاطون: القوانين، ترجمة ون اليونانية الى الانجليزية د.تيلور ونقله الى العربية محمد حسن ظاظا، منشوراعت مطابع الهيئة المصرية العامة للكتاب، القاهرة، سنة ١٩٨٦.
• ارسطو طاليس: السياسة، ترجمة من اليونانية الى الفرنسية بارتملى سانتهيليد، ونقله الى العربية احمد لطفى السيد، منشورات الدار القومية للطباعة والنشر، بلا سنة النشر ومكان النشر.
• جون لوك: فى الحكم المدني، ترجمة ماجد فخري، منشورات اللجنة الدوليه لترجمة الروائع، بيروت، سنة ١٩٥٩.
• الدكتور حسن البحري: القانون الدستوري والنظم السياسية، منشورات الجامعة الافتراضيه السورية، سنة ٢٠١٨.
• الدكتور حسن مصطفى البحري: القانون الدستوري، ط/٢، دمشق، سنة ٢٠١٣.
• حماد صابر: الوجيز فى القانون الدستوري والمؤسسات السياسية، سنة ٢٠١٦.
• حسني بوديار: الوجيز فى القانون الدستوري، منشورات دار العلوم للنشر والتوزيع، سنة ٢٠٠٣.
• الدكتوره دعاو الصاوى يوسف: القچاو الدستورى، منشورات دار النهچه العربيه، گ/٢، القاهره سنه ٢٠١٤.
• الدكتور رفعت صبرى سلمان البياتى: حقوق الانسان فى دساتير العالم العربى، منشورات دار الفارابى بيروت، گ/١، سنه ٢٠١٣.
• الدكتور على غالب و الدكتور نورى لگيف: القانون الدستورى، منشورات جامعه بغداد، سنه ١٩٨٥.

- المستشار الدكتور عوض المر: الرقابة القضائيه على دەستوورية القوانينفى ملامحها الرئيسية، منشورات مركز رينية جان دبوي للقانون والتنمية، بلا سنة نشر.
- الدكتور عبدالفتاح ساير: القانون الدستوري، منشورات مطابع دار الكتاب العربى بمصر ط/٢، القاهرة، سنة ٢٠٠٤.
- محمد رضا بن حماد: المباديء الاساسية للقانون الدستوري والانظمة السياسية، ط/٢، تونس سنة ٢٠١٠.
- عبدالفتاح عمر: الوجيز فى القانون الدستوري، منشورات مركز الدراسات والبحوث والنشر، تونس، سنة ١٩٨٧.
- نادر جبلى: فكرة المباديء فوق الدستورية، منشورات مركز حرمون للدراسات المعاصرة، سنة ٢٠١٦.
- مونتسكيو: روح الشرائع، ترجمة عادل زعيتر، منشورات اللجنة الدولية لترجمة الروائع، بيروت، مطبعة دار المعارف بمصر، سنة ١٩٥٣.

**دەستوورەكان:**

- دەستووری ئەمریكی ساڵی ١٧٨٩ هەمواركراو.
- یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت بۆ قۆناغی ڕاگوزاری ساڵی ٢٠٠٤.
- دەستووری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥.
- دەستووری سوودان ساڵی ٢٠٠٥.

## ژياننامەی پرۆفيسۆر دكتۆر كەمال سەعدی مستەفا



**ساڵو شوێنی لە دايک بوون:** ١٩٥٦/٧/١ هەولێر

**شوێنی وەزيفە:** زانكۆی سەلاحەددين-هەولێر/ كۆلێژی ياسا

**بڕوانامەی بەكالۆريۆس و ماستەر و دكتۆرای لە ياسا هەيە**
ناونيشانی تێزی دكتۆرا: (چوارچێوەی ياسايی ئازادی ڕۆژنامەگەری لە كوردستانی عێراقدا)،
وڵاتو زانكۆ كە بڕوانامەی پێ بەخشيوە: زانكۆی سەلاحەددين-هەولێر/ كوردستان/ عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣/٧/٧.

**ناونیشانی ماستەرنامەکەی:** (حقوق الملکیه الادبیه والفنیه فی القانون العراقی والمقارن/ عێراق له ١٩٩٦/٥/٢١ ).

**وڵاتو زانکۆ که بڕوانامەی پێ بەخشیوە:** زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر/ کوردستان/ عێراق له ١٩٩٦/٥/٢١

**پسپۆری گشتی: یاسای گشتی**

**پسپۆری ورد:** یاسای نێودەوڵەتیو دەستووری
مێژووی دامەزراندن: بۆ یەکەمجار له ١٩٧٦/٦/١٣ دامەزراوەو له ١٩٩٠ خانەنشین بووه و له ١٩٩٦/٤/٢٤ له کۆلێژی یاسا له زانکۆی سەلاحەددین به ناونیشانی مامۆستای یاریدەدەر دامەزراوەاوه.
ئەو پۆستانەی وەریگرتوون:

- سەرۆکی بەشی یاسا (بەیانیانو ئێواران) له ٢٠٠٥/٥/٤ تاکو ٢٠٠٧/٥/٢٥.
- ڕاگری کۆلێژی یاسا له ٢٠٠٦٩/٢/١٢ تاکو ٢٠٠٦/٧/٢٨.
- ڕاگری کۆلێژی یاساو ڕامیاری له ٢٠٠٦/٧/٢٨ تاکو ٢٠٠٨/٥/١٥.
- ڕاگری کۆلێژی پەروەردە بۆ زانستە مرۆڤایەتیەکان له ٢٠٠٨/٢/١٥ تا ٢٠١٠/٨/١٠.

**ئەو کۆنگرەو خوله زانستییانەی که بەشداری تێدا کردووه:**

- یەکەمین کۆنگرەی خوێندنی باڵا ی زانکۆکانی هەرێمی کوردستان ساڵی ٢٠٠٠ بۆ گۆڕینی پرۆگرام و سیستەمی خوێندن.

- دووەمین کۆنگرەی خوێندنی باڵا ی زانکۆکانی هەرێمی کوردستان ساڵی ٢٠٠٦ بۆ گۆڕینی پرۆگرام و سیستەمی خوێندن.
- کۆنگرەی نێودەوڵەتی مافەکانی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان، هوتێل خانزاد تەموزی ساڵی ٢٠٠٧.
- کۆنگرەی ئاو (هەولێر ١٤-١٥ مایس ٢٠٠١) سەنتەری برایەتی بە هەماهەنگی ڕێکخراوی فاوی جیهانی.
- یەکەمین کۆنگرەی ڕاگری کۆلێژەکانی یاسا لە زانکۆکانی عێراقی لە بارەی خوێندنی وانەی یاسای مرۆیی نێودەوڵەتی (اردن_عمان) ساڵی ٢٠٠٧.
- کۆنگرەی میدیای ئازاد لە پێناوی عێراقی نوێ، لە هوتێل تاواری هەولێر لە ٤/٢٩ تاکو ٢٠٠٥/٥/٢٧.
- کۆنگرەی چوارەمی یەکێتیی مافپەروەرانی کوردستان_ هەولێر لە ٢٧ تا ٢٠٠٤/١١/٢٨.
- کۆنگرەی مافپەروەرانی عێراقی (سەنتەری ڕۆشنبیری زانکۆی سەلاحەددین ساڵی ٢٠٠٤).
- کۆنگرەی دەستوور و ڕاپرسی (هەولێر ٢٠٠٥/٩/٢٧).
- کۆنگرەی زانستی لە پێناوی گەشەپێدان و چەسپاندنی زمانی کوردی هەولێر ٢٠٠٥/٧/١٥.
- کۆنگرەی یەکەم بۆ دانانی پلانی سترتیژی بۆ وەزارەتی کشتوکاڵ لە هەرێمی کوردستان ( هەولێر ٦/٣٠ تا ٢٠٠٧/٧/١).
- کۆنگرەی وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستانی عێراق بۆ هەڵسەنگاندنی خوێندنی مافی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان (هولێر، هوتێل هەولێر پلازا لە ١٨/١٧ تشرینی یەکەم ٢٠١٢).
- دیداری نێودەوڵەتی ڕۆژنامەنووسان لە ٢٠٢٢/٤/٢٢ هوتێلی شیراتۆن هەولێر).

- Human Rights Protection Training Agenda (May-2001) Erbil
- Firsr Higher Education Conference In Kurdistan Region – Ireq Erbil 21-23 APRIL 2001
- Conflict Resolution Curriculum Development Workshop University of Duhok 10-14 august 2003

**ئەو ڕێکخراو و کۆمەڵەو دەزگایانەی تێدایدا ئەندامە:**

**یەکەم: ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان**

١- ڕێکخراوی فیدراسیۆنی ئەوروپای عەرەبی بۆ مەشق و ناوبژیوانی نێودەوڵەتی لە کۆماری میسری عەرەبی لە شاری قاهیرە.
٢- ڕێکخراوی فیدراسیۆنی ڕۆژنامەنوسانی نێودەوڵەتی (IFJ).

**دووەم: ڕێکخراوە ناوخۆییەکان:**

١- ڕێکخراوی عێراقی مافی مرۆڤ لە شاری بەغداد.
٢- یەکێتی مافپەروەرانی کوردستان، سەرنووسەری گۆڤاری تەرازووی ئەکادیمی.
٣- کۆمەڵەی عێراقی بۆ مافەکانی مرۆڤ لە شاری بەغداد.
٤- کۆمەڵە مافخوازانی مافی مرۆڤ لە شاری هەولێر.

٥- سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان لە هەرێمی کوردستانی عێراق.
٦- یەکێتی نووسەرانی کورد لە هەرێمی کوردستانی عێراق.
٧- ڕاوێژکاری میدیا لە گۆڤاری (السیاحه العربیه) لە کۆماری میسری عەرەبی لە شاری قاهیره.

**ئەو کتابانەی کە دایناون لە بواری ئەدەب و ڕۆشنبیریدا:**

- شەش کورتەچیرۆکی کوردی – هاوبەش، هەولێر چاپخانەی شارەوانی، ساڵی ١٩٧٦.
- ون بوون – کۆمەڵە صیرۆک، هەولێر چاپخانەی وەزراەتی ڕۆشنبیری، ساڵی ١٩٨٤.
- دەرگا – کۆمەڵە چیرۆک، بەغداد چاپخانەی الزمان، ساڵی ١٩٩٠.
- سەعید زەبۆکی لای خۆمان – ڕۆمان، هەولێر چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، ساڵی ١٩٩٧.
- تڕحێو – کۆمەڵە چیرۆک، هەولێر چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین ساڵی ٢٠٠٠.
- فەنتازیا- کۆمەڵە چیرۆک ، هەولێر بزاڤی ڕۆشنبیرانی نوێخواز، ساڵی ٢٠١٠ .
- چەند وێسگەیەک ژیان و بیرەوەری، هەولێر چاپخانەی مناره ساڵی ٢٠١٤.
- بنەماکانی توێژینەوەی زانستی، هەولێر چاپخانەی مناره ساڵی ٢٠٠٩.

- فەلسەفەو یاسا لە چەند وتارێکدا، بڵاوکراوی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی (O.P.L.C) ساڵی ٢٠٠٥.
- مەملەکەتی ڕۆبۆتەکان_ ڕۆمان، منشورات دار النشر الڤمأ فی جمهوریه السوریه مدینه دیمشق ساڵی ٢٠٢٠.
- بیرەوەریی جەنگاوەرێک_ ڕۆمان، چاپخانەی تاران ساڵی ٢٠١٨.
- خانمباز – رۆمان، چاپخانەی منارە لە شاری هەولێر ساڵی ٢٠١٩.
- حەج و عومرە – رۆمان، چاپخانەی تاران ساڵی ٢٠١٩.
- رۆژگارە تاریک و دژوارەکان – رۆمان، چاپخانەی تاران ساڵی ٢٠١٩.
- زەبۆکەکەی لای خۆمان- رۆمان – چاپی دووەم، چاپخانەی تاران ساڵی ٢٠٢٠.
- شەوانی باکۆ – رۆمان، چاپخانەی تاران ساڵی ٢٠٢٠.
- هونەری منداڵان، چاپخانەی کریستال هەولێر ساڵی ١٩٩٨.
- دەسەڵاتی چوارەم، چاپخانەی وەزراەتی ڕۆشنبیری، هەولێر ساڵی ١٩٩٨.
- قرچۆک، ڕۆمان، دەزگای موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپخانەی هێڤی، چاپی یەکەم، ساڵی ٢٠٢٣.
- شەوانی ئێریڤان، ڕۆمان، چاپخانەی تاران، چاپی یەکەم، ساڵی ٢٠٢٣.
- ڕۆمانی ژیاننامەیی، لێکۆڵینەوەی ئەدەبی، چاپخانەی تاران، چاپی یەکەم، ساڵی ٢٠٢٣.

**ئەو کتێبانەی کە لە بواری یاسادا دایناون:**

- چەمکی یاسا، هەولێر چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین ساڵی ١٩٩٨.

- هاوسەرگیری و جیابوونەوە، هەولێر چاپخانەی منارە ساڵی ٢٠١٥.
- لێکدانەوەی یاسای بەکرێدانی ژمارە ٨٧ ساڵی ١٩٧٩ ، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین هەولێر ساڵی ١٩٩١.
- حقوق الانسان بە زمانی عەرەبی، هەولێر چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ساڵی ٢٠٠٤.
- الملكية الفكرية بە زمانی عەرەبی، منشورات دار الدجلة، المملكة الاردنية الهاشمية، عمان ساڵی ٢٠٠٩.
- حقوق الانسان بين المواثيق الدولية والمذاهب الفكرية بە زمانی عەرەبی، منشورات دار الكتب القانونيه فی جمهوريه مصر العربية فی القاهرة ساڵی ٢٠١٠.
- حقوق المؤلف وسلطه الصحافة بە زمانی عەرەبی، منشورات دار الكتب القانونية فی جمهورية مصر العربية فی القاهرة ساڵی ٢٠١٢.
- حقوق الانسان فی المذاهب الفكرية بە زمانی عەرەبی، بڵاوکراوی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی (O.P.L.C) ساڵی ٢٠٠٦.
- حقوق الانسان ومعاييرها الدولية بە زمانی عەرەبی، منشورات دار الدجلة، المملكة الاردنية الهاشمية، عمان ساڵی ٢٠١٠.
- التنظيم الدستوري والدولي لحقوق الانسان بە زمانی عەرەبی، منشورات دار الكتب القانونية فی جمهورية مصر العربية فی القاهرة ساڵی ٢٠١٧.
- الاطار القانوني لحرية الصحافة بە زمانی عەرەبی، منشورات دار الكتب القانونية فی جمهورية مصر العربية فی القاهرة ساڵی ٢٠١٧.
- دراسات فی القانون العام بە زمانی عەرەبی، منشورات دار الزين الحقوقية والادبية (ش.م.م ) فی لبنان مدينة بيروت ساڵی ٢٠١٧.
- فكرة الحق، هەولێر چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین ساڵی ١٩٩٨.

یاسای دەستووری، دەزگای موکریان بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپخانەی هێڤی، چاپی یەکەم، ساڵی ٢٠٢٢.
یاسای دەستووری، چاپخانەی تاران، چاپی دووەم، ساڵی ٢٠٢٣.٢.